# دوو دێڕ و سەرنجێ

بواری گۆرانی و مۆسیقا یەکێکە لەبوارە گەشەکانی ژیانی کورد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئەوڕۆکە ژمارەیەکی کەم نووسراو کتێبمان لەو بوارەدا هەیە. من گرفتەکە لەوێدا دەبینم کە نووسین هێشتا نەبۆتە کولتوور لەم بوارەدا. راستە هەموو کەسێ نووسەر نییە, بەڵام خودی هونەرمەندەکانیش بایەخێکی ئەوتۆیان بەنووسین نەداوە چونکە نووسین بەبەهرە دەزانن نەك بەکولتوور.

خۆ بوارەکانی دیکەش (جگە لەئەدەب) حاڵی باشتر نیە. چل ساڵ زیاترە کەکورد خەباتی چەکداری دەکا, تا ئەوڕۆکە من تەنها یەك باسی زانستیم لەسەر خەباتی چەککداری دیوە ئەویش باسێکی یا لێکۆڵینەوەیەکی دوکتۆر – بورهان یاسین– ە . راستە هەندێ کتێبی دیکە لەم دواییەدا چاپکراون, بەڵام شێوەی گێڕانەوەو یادگاری نێو ڕووداوەکانی وەرگرتووە نەك لێکۆڵینەوە . من بەمەش رازیم چونکە هەموو شتێ نرخی خۆی هەیەو خزمەت دەکات بەڵام پێویستیەکی یەکجار زۆرمان بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە.

تیپی مۆسیقای سلێمانی یەکێکە لەتیپە هەرە سەرکەوتووەکان لەسەرجەمی کوردستان و عێراقیشدا بەڕای خۆم. بەڵام تا ئەوڕۆ ئێمە شارەزای شێوەی دروست بوون و کارکردن و داهێنانی ئەو تیپە نیمانە, نازانین چۆن دروست بووە, ژیانی ناوەوەی ئەو تیپە چی بووە یا چیەیە؟

ئەنوەر قەرەداغی یەکێکە لەو هونەرمەندە داهێنەرانەی کەشوێن پەنجەیان بەهونەری کوردییەوە دیارە. ئەوڕۆکە ناکرێ باس لەمۆسیقا و گۆرانی و کۆڕاڵ و داهێنانی مۆسیقای کوردی بکرێ بێ ئەوەی باسی ئەنوەر قەرەداغی و چەند کەسێکی دیکە بکەین. خودی ئەنوەر قەرەداغی کە لەشەستەکانەوە تێکەڵ بە بزووتنەوەی هونەری کوردی بووەو شارەزاییەکی باشی لەبواری کارکردندا هەیە, دەبوایە لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆی هەبوایە, بەڵام کەئەو ئەوەی نەکرد یا لەبەر هەۆ هۆیەك بێ مێژووی مۆسیقاو تیپە هونەرییەکانی رۆنووس نەکرد ئەوە ئەرکی نووسەرانە کە ئەو بوارە فەرامۆش نەکەن.

من بەپێویستم زانی ئەو شتانە تۆمار بکەم بۆیە لەرێگەی چاوپێکەوتنێکی سی سەعاتییەوە لەگەڵ ئەنوەر – قەرەداغی– یدا هەوڵم دا زۆر شت تۆمار بکەم. بوونی ئەوم بەهەل زانی لەسویددا و لەنێوان حوزەیرانی 1999 و ئازاری 2000 –دا باسمان لەناوەڕۆکی ئەم کتێبە کرد.

لەسەرەتادا مەبەستی من ئەوە بوو لەرێگەی باسکردنی ژیانی مناڵی و ماڵەوەو ژیانی لاوێتی "قەرەداغی"وە بگەمە ئەو هۆکارانەی کە رۆڵیان هەیە یا هەبووە لەداهێنانی هونەریی ئەودا. دواتر حەزم دەکرد مێژووی هونەری گۆرانی و مۆسیقا لەبەشەکانی دیکە کوردستانیشدا تۆمار بکەین, بەڵام زۆر رێگر هەیە لەبەردەم ئەم شارەزابوونەدا, کە مرۆۋ شارەزای ناکات, بۆیە زۆربەی باسەکان خۆیان لەشاری سلێمانیدا دەبیننەوە" وەکو مەڵبەندێکی گرینکی هونەری کوردی.

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوە نییە لە بابەتێکی دیاری کراو, بەڵکو باسکردن و گێڕانەوەیەکی مێژووییە زیاتر, لەم جۆرە گێڕانەوانەدا زۆر سەختە (بەڕای خۆم) کە مەرجەکانی باسی زاستی بهێنرێتەدی.

لە کۆتاییدا بەپێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی هەندێ دۆست بکەم, چونکە هەریەکەو لەبوارێکدا یارمەتی دام.

ئەسعەد قەرەداغی چونکە گفتوگۆیەکی درێژمان هەبوو لەسەر ژیانی منالی قەرەداغی.

دانا جەلال کە لەسەر داواکردنی خۆم پێم خۆش بوو لەسەرجەمی ئەم بەرهەمەدا لەگەڵم بێ, بەڵام ئەو تەنها دووجار لەگەڵم دابوو.

ئەنوەر قەرەداغی چونکە کاتێکی زۆری خۆی بۆ ئەم گفتوگۆیە تەرخان کرد.

دەزگای چاپی سەردەم بۆ لەچاپدانی ئەم بەرهەمە.

فایەق سەعید

ستۆکهۆڵم

ئاپریلی 2001

# حەوت رۆژ لەگەڵ قەرەداغی دا

پ/ ماركس گووتەنی "هەموو مرۆڤێ بەرهەمی دەوروبەرەكەی خۆیەتی بۆ ئەوەی لەهەر بەرهەمێكی مرۆڤ شارەزا بیت دەبێ شارەزایی ئەو دەوروبەرە بیت و لەو هۆكارانەش بگەیت كە لەو دەوروبەرەدا رۆڵیان لەپێگەیشتنی ئەو بەرهەمەدا هەبووە. ماڵو خێزانیش بەردی بناغەی قۆناغی منالییەو هەنگاوی هەرە بنەڕەتییە لە پێگەیشتنی هەموو منالێكدا.

ئێوە چۆن دەوروبەری بەر لەدایكبوونتان هەڵدەسەنگێنن؟

و/ رەنگە هەر لەناوەكەی خۆمەوە "محمد انور عمر محمد قەرەداغی" ئەوەتان بۆ دەركەوێ كە ماڵی ئێمە لەدەوروبەرێكی ئاینیدا پەروەردە بوون. خێزانی ئێمە خێزانێكی ئاینی بوون, ئاینی ئیسلام, بەر لەدایكبوونی منیش رۆڵی سەرەكی لەنێو بنەماڵەی ئێمەدا بینیوە.

پ/ هەر لەو روانگەوە دەتوانی باسی هەندێ وردەكاری بكەیت لەژیانی بنەماڵەكەتاندا؟

و/ باپیرە گەورەم كە بەرەچەڵەك دەگەڕێتەوە سەر مەردۆخییەكان, خۆشەویستی ی خوا هەر لەقەرەداغەوە لەدڵیا چەكەرەی كردبوو, ئەو خۆشەویستییەی لەقەرەداغەوە لەدڵی خۆیدا هەڵگرت و بۆ هەڵەبجەی برد.

هەر لەوێش بوو بەئیمامی مزگەوتی ((جامعە)), باوكم لەهەڵەبجە بوو ئیمامی مزگەوتی ((پاشا)) كە بەتایبەت بۆ ئەو بەپێوەنرا بوو, ئەو دەم هەڵەبجە رۆڵێكی زۆر بایەخداری لەبواری ئاینیدا هەبوو.

دواتریش لەبواری شیعر و قوربانیدا. وا بزانم هەڵەبجە بەهەموو ئەو سۆفی و شاعیر و قوربانییەكانییەوە گۆشەیەكی گەورەی لەمێژوودا بۆ خۆی گرتۆتەوە.

لەدەوروبەری مزگەوتدا كۆمەڵە دەنگ خۆشێكی زۆر كۆببونەوە. چ لەشەوە ئاینییەكان و چ لەكاتەكانی تریشدا ئێمە ئەو كۆمەڵەیەمان لەنزیكەوە دەبینی, مرۆڤ بەبەردەوامی گوێی لەدەنگی موریدەكان دەبوون.

وەك لەیادنامەی باوكمدا نووسراوە, من 1946/2/23, كاتژمێری هەشتی سەر لەبەیانی لەدایك بووم. جگە لەمن ئەو خێزانە بریتی بوو لەشەش براو یەك خوشك. دەتوانم ئەوە بڵێم كە دەنگ خۆشی خاڵێكی هاوبەش بوو كە زۆربەمانی بەیەكەوە دەبەستەوە.

پ/ لەمناڵیدا هەندێ جار شتێ زیاتر لەشتەكانی دیكە كار دەكاتە سەر مێشك و كاریگەری خۆی بەجێ دێڵێ. زۆر جار ئەو رووداوە كاریگەرە كار دەكاتە سەر كەسایەتی ئەو مناڵە لەداهاتووشدا, ئەو رووداوە دەبێتە مۆشورێ كەرەنگەكانی پەڵكەزێرینەیەك لەئاسمانی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا لەیەك جودا دەكاتەوەو جارێكی تریش تێكەڵیان دەكاتەوە. چ رووداوێ زیاتر لەمنداڵیدا كاریگەری خۆی بەسەر تۆوە بەجێ هێشتبوو, یابەشێوەیەكی گشتی باسی ئیقاعی ژیانی ئەو سەردەمەی هەڵەبجە بكە؟

و/ ئەو شوێنانەی کەمن بەشێك لەژیانی منالێم تیادا بەسەر برد بەهەموو بەشەکانییەوە جوان و قەشەنگ بوون. گۆرانییە ئاینییەکان, دەنگی بانگدان, شەوانی میعراج, زیکرو تەراویح, تەرتیلی قورئان, رەمەزان, شەوی لەدایکبوونی پێغەمبەر, کۆڵانە باریکەکان, شەقامە خۆڵاوییەکان, یاریگای منالی..هتد زۆر وێنەی دیکەش هەن کە تائێستا لەبەر چاومن و باسیان دەکەم, هەندێ لەو شتانە لەبەرهەمەکانمدا رەنگیان داوەتەوە.

پ/ لەنێو ئەو خێزانە گەورەیەدا تۆ لەکوێدا خۆت دەبینییەوە؟ لەچەق یا لەپەڕ؟ چ شتێکی تایبەت هەبوو کەتۆ لەوانی دیکە جودا بکاتەوە؟

و/ کە منالێ لەڕۆژهەڵاتدا لەدایك دەبێ, بەتایبەت پاش مردنی یەك دوو منالی بەر لەخۆی, ئەوە ئەو منالە زۆر خۆشەویست دەبێ و بایەخێکی زۆری پێ دەدرێ. تەنانەت زۆر جاریش ناوێکی تایبەتی لێ دەنرێ. ئەو ناوە زۆربەی جارەکان مانایەکی تایبەت دەگەیەنێ. هەندێ ناو نیشانەی بەرەکەت و رووناکی و تەمەن درێژییە, بەرای من باوکم بۆیە ناوی "ئەنوەر"ی بۆ هەڵبژاردووم, چونکە دوو برام بەر لەخۆم مردوون, دوای ئەوەش دەیزانی "ئەنوەر" مانایەك رووناکی و بەردەوامی دەگەیەنێ.

من ئەو رووناکییەم لە ساڵی 1946 دا بینی, بۆیە لەماڵەوە, لەقوتابخانەو لەگەرەك خۆشەویست بووم بەڵام لەچەقدا نەبووم. ئێمە هەموومان لەچەقدا و لەپەڕیش بووین. باوکم بەم جۆرە هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکردین.

پ/ بەبیرهاتنەوەی رووداوەکانی منالی مەرجێکی گرینگە بۆ ئەوەی مرۆڤی بەتوانا بتوانی ئەو رووداوانە لەبەرهەمەکانیا بەرجەستە بکات. هەندی مرۆڤ بەروونی ئەو رووداوانەی کەلەتەمەنی 2 ساڵیدا بینیویانە لەبیریاندا ماوەتەوە. بەڵام هەندێکی دیکە بەهیچ شێوەیەك لەوتەمەنەدا خۆشیان وەبیر نایەتەوە؟

و/ تا ئێستاش هەندێ شتم لەیادە کەمن لەتەمەنێکی زۆر بچوکدا بینیومن یا تیای ژیاوم. لەوانە چاککردنەوەی مزگەوتی پاشا, هەندێ لەقیرتاوی هەڵبجە, من لەتەمەنی دوو ساڵیدا بووم کە جولەکەکان بەگریانەوە ماڵ ئاواییان لەباوکم دەکرد, تا ئێستاش ئەو دیمەنەم لەیادە, کە گەورەتر بووم "حوجرە" لەئارادا بوو..

پ/ "حوجرە" رۆڵێکی سەرەکی بوو لەبڵاوکردنەوەی زانستە ئاینییەکان و فێرکردنی نووسین و خوێندنەوە لە کوردستاندا, تۆش وەك بڵێین هەر منالێکی دیکە بەو قوتابخانەیەدا تێپەڕ بووی, ئەتوانین بڵێین کە حوجرە شوێن پێی خۆی لەژیانی هونەری تۆدا بەجێ هێشت؟

و/"حوجرە" بەشێکە یا دەزگایەکە لەدەزگاکانی مزگەوت, منیش چوومە حوجرە و فێری زۆر شت بووم, ئەو تاقیکردنەوەیەشم بینی, لەوێ زانستی ئاینی, جۆری ژیان, راهێنانی خودی مرۆڤ بۆ ژیان لەبارودۆخێکی سەخت و ناخۆشدا.. هتد ئەوانە بەشێك بوون لەوشتانەی لەوێ فێری بووم. هەندێ لەشتەکانی دیکەش کە

لەیادمن: جۆری خوێندنەوەی ئەو زانستانە لەلایەن فەقییەکانەوە (بەئاوازەوە), تا ئەورۆش ئەو ئاوازەم لەیادە کەفەقێ مەحموود وانەی (المبتدأ والخبر)ی پێدەخوێندەوە.
ژیانی حوجرە دواتر کاری تێکردم و شوێن پێی لەژیانی مندا بەجێ هێشت. چونکە منیش لەگەڵ زۆر لەو فەقێیانەدا تێکەڵ بووم و ئەو ژیانە ژیام, بیرم دێتەوە کە چۆن یەکەم جار بەدەنگێکی زیقن (سەڵا)م کرد, ئەم ژیانە زۆر شتیلە ناخمدا چەسپاند بەبێ ئەوەی بیرم لەوە کردبێتەوە کە ڕۆژێ لەڕۆژان تیامدا ڕەنگ دەدەنەوە.
پ/ خودی فەقییەکان رۆڵێکی گرنگیان لەئاهەنگی دەرچوونی مەلاکاندا هەبوو, ئەو ئاهەنگانە دەبێ شتێك بێ لەو شتانەی کاریگەری خۆی لەژیانی ئەو خەڵکەدا چ تایبەتمەندیەتیەکی هەبوو ئەو ئاهەنگانە؟
و/ دەتوانن بڵێم ئەو ئاهەنگانە زۆر بێ وێنە بوون. بەر لەخودی ئاهەنگەکە بەدوو هەفتە, هەرچی دەنگ خۆشەکانی دەوروبەری هەڵەبجە هەبوو لەخودی هەڵەبجە کۆ دەکرانەوە, ڕۆژی ئاهەنگەکە کەرنەڤاڵێکی بێ وێنە دەست پێدەکرا. گۆرانی بەسۆز تێکەڵ بەجۆرەها هەڵپەڕکێ دەبوو, هەندێ فەقێ زۆر کارامە سەرچۆپیان دەگرت و ئەمەش دەبووە بابەتی باس لەنێو خەڵکدا, خۆشی ئەو بەزمە لەهەڵەبجەدا بەردەوام دەبوو تا خەڵکەکە لەدەوری حەوزەکەی مزگەوتی پاشا کۆ دەبوونەوە. زنجیرەیان بەدەوری (جامانەیەك و مێزەرێك) دا دەبەست, جامانەکە لادەبراو مێزەرەکە دەکرایە سەر ئەو کەسەی دەبوو بە مەلا, ئەمە بەشێك بوو لەژیانی ئەو شارە ئەم وێنە جوانانە ناکرێ هەروا بەسادەیی بەسەر زۆر کەسدا تێپەڕبێ بەبێ ئەوەی کاریگەری خۆی هەبێ من یەکێك بووم لەو کەسانە.
پ/ باسی فەقێ و گۆرانی و مزگەوت و زۆر شتی دیکەشمان کرد بەڵام باسی یەکەم ئیقاعی ئەو ژیانەت نەکرد کەکاری تێکردی؟
و/ تەپ, تەپ, ئەو تەپەتەپە دەنگی "ئاشە ئەلەتریکە" کەی پشت ماڵمانەوە بوو لەهەڵەبجە. خەڵك هەموو دەقیان پێوە گرتبوو, من بەئیقاعێکی جوانم دەزانی و پێم خۆش بوو. دواتر من هۆگری ببووم و بەبێ ئەو دەنگە خەوم لێ نەدەکەوت, کەدواتر چووینە سلێمانی ئاشێك نزیك ماڵمان بوو, دەنگی ئەو ئاشە جێگەی ئاشەکەی هەڵەبجەی بۆ گرتبوومەوە. نازانم ئەمە ڕێکەوت بوو یا بەیەك گەیشتنەوەی ئیقاعی هەردوو شارەکە بوو کەدواتر لەکارە هونەرییەکانمدا ڕەنگی دایەوە, " زاهد و نوری"ی برام یەکەم کەس بوون کە هەستیان بەشتێك کرد کە لەناخمدا هەیە, ئەو دەمە من چوار ساڵان بووم کە بۆیەکەم جار (سەڵا)م کرد. ئەو باوەشی بۆ تواناکانم کردەوە, هەر لەو بوارەشدا حەز دەکەم بڵێم کە بەمنداڵی زویر دەبووم خۆم لەو حوجرەدا دەبینییەوە, یا لەژورێکەوە دەچوومە ژورێکی دیکە, بەڵام براکانم هەمیشە لەباوەشیمان دەکردم و من لەنێو سۆزی ئەواندا خۆم دەبینییەوە.
پ/ کە لەژورێکەوە دەچوویتە ژورێکی دی بەمانای ئەوەبوو کە لەشتێ زویر بوویت و دەتویست لەشتەکان یاخی ببیت ئەو یاخی بوونە لەچ پاننتاییەکی فیکریدا خۆی دەبینییەوە؟

و/ من پێم وایه یاخی بوون لەتەمەنی منداڵیدا شێوەی (وعی) وەرناگرێ, بەتایبەت کە مرۆڤ لەکۆمەڵگەیەکی دواکەوتودا بژی, بۆیە من ناتوانم ناوی یاخی بوونی لێبنێم, یاخی بەو مانایەی کە ئەورۆ هەیە.
سەردەمانێ لەحوجرەدا رێزمانیان بەشێوەیەکی زۆر وشك پێ دەوتینەوە, من ئەوەم پێ لەبەر نەدەکرا, لەگەڵ ئەوەشدا بە ئاوازەوە پێیان دەوتینەوە بەلاّم من هەر پێم قورس بوو چونکە بەزمانی عەرەبی بوو, من دەمزانی ئەگەر وانەکانم نەزانم بەجۆرێکە تر لەلای مامۆستاکەم دەکەوتەوە بۆیە ئەو "یاخی بوونە" کە ئێوە ناوتان هێنا, یا ئەو زویر بوونە کەخۆم ناوم نا جۆرە دەرباز بوونێك بوو لەو گرفتەی کە تێی کەوتبووم.
پ/ ئایا ئەو یاخی بوونە لەژیانی تۆدا دووبارە دەبووەوە؟
و/ بەڵێ, بەلاّم لەکات و شوێن و شێوەی جیاواز جیاوازدا, لەقۆناغی سەرەتاییدا وانەی مێژوو دەبوایە لەبەر بکرایە, ئەوەش بۆ من کارێکی ئاسان نەبوو, بۆیە میلی کاتژمێرەکەم دەگەڕاندە دواوە, بەو شێوەیە کە دەچووم بۆ قوتابخانە وانەی مێژوو تێپەڕ ببوو, ئەم "یاخی بوونە" جۆرە هەوڵدانێکی منالانە بوو بۆ زاڵ بوون بەسەرکاتدا.
جیهانی ئەورۆ لەگەڵ "کات"دا پێشبڕکێ دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك هەن دەیانەوێ میللەکانی بۆ دواوە بگێڕنەوە.
پ/ جیهانی دەروێش و سۆفی لەشارێکی وەکو هەڵەبجەدا دەبێ هەندێ جار سیمبۆڵی بێ رووداوەکان, دەکرێ باس لەیەکێ لەو سیمبۆلانە بکەیت؟
و/ جیهانی دەروێش و سۆفیگەرێتی هەندێ شتی لەلا چەسپاندم: ئیقاع, مۆسیقا, هێما, سیمبۆل و شیعر. با نموونەیەکتان بۆ بگێڕمەوە:
کەبەهار ڕووی تێدەکردین, دەروێشی هەموو ناوچەکانی دیکە لەهەڵەبجە کۆ دەبوونەوە, دەنگی دەف و تەپڵ و پاڕانەوەی ئەوان لەخوا بەرز دەبووەوە, پرچی درێژو خاوی ئەو دەروێشانە بەسەر شان و ملیاندا شۆڕ ببووەوە تێکەڵ بەلەنجەی دەروێشانە ببوو, بۆ ئەوەی "مناجاه"ە کەیان بگاتە بەر گوێ خوا, دواتر شمشێر لەخۆدان و سەربڕین و زۆر شتی دیکەش دەستی پێدەکرد, هەموو ئەو شتانە بۆ منالێکی وەکو من ترسناك بوو, بۆیە بەرەو دەشتی پان و بەرینی هەڵەبجە رام دەکرد, لەو دەشتەش کنگرێکی یەکجار زۆر هەبوو, ئەو ترسەی لەناخمدا هەبوو هەموو ئەو سیمبۆلانەی بەیەکەوە بەستەوە.
بەهار, دەروێش, پرچی درێژ, شمشێر, کنگر, دەف,...هتد.
من لەو کەش و هەوایەدا ژیام, هەماهەنگیی دەنگ, ئیقاعی جولانەوە و ترسی منالی, لێتان ناشارمەوە کەتا ئێستاش هاتنی دەروێش ترسێ لەلام زیندو دەکاتەوە.
پ/دەتوانین بڵێین دەروێش و سۆفیەکانی هەڵەبجەو هەموو ئەوانەی بۆ ئەوەی دەهاتن, بەهەموو ئاوازو گۆرانیو پاڕانەوەو شمشێر و تیغ لەخۆدان و مل لێکردنەوە هەم کارێکی نێگەتیڤ و هەم پۆزەتیڤیشیان لەسەر تۆ هەبووە؟

و/ دەتوانین, لایەنی یەکەمیان پەیوەندی بەو ترسەوە هەیە کە لەتەمەنێکی منالێدا لەناخمدا روانیان, هەرکە بەهار بهاتایە من دەترسام چونکە دەروێشەکان لەبەهاردا دەهاتن. هەروەها لەبەهاریشدا کنگر سەوز دەبوو, هەردووکیان بۆ من یەك شتیان دەگەیاند, کنگر یەعنی دەروێش و دەروێشیش یەعنی مل لێکردنەوەو شمشێر لەخۆدان, ئەم دیمەنە بۆ منالێکی وەکو من مانای تێپەڕاندنی هەندێ سنوور بوو بۆمن کە هێشتا کاتی نەهاتبوو.

لایەنی دووەمیان پەیوەندی بە "کاتی" داهاتوو ئێستاوە هەیە ترسی ئەوان وای کرد کە ئاوازەکانیان لەلام بچەسپێ و لەبەرهەمەکانمدا رەنگ بدەنەوە, ئەگەر بەوردی لە مۆسیقاکانی من ورد ببیتەوە, لەگۆشەیەکەوە هەر هەست بەو ئاوازانە دەکەیت, ئێستاش کە گوێم لەهەر ئاوازێکی لەو بابەتانە ببێ من هەست بەبوونی دەروێشێ دەکەم.

پ/ بەلام کەمرۆڤ لەشتێ بترسێ هەول دەدات لێی دوور بکەوێتەوە هەول دەدا ئەو سیمایە بخاتە چاڵ و وردو خاشی بکات, لەگەڵ ئەوەشدا تۆ لەو دەوروبەرەدا درێژەت بەژیانت دا, ئاوازەکانیان دەستی لەملی ئاوازەکانت کرد؟

و/ لەبەر ئەوەی نەمدەتوانی پەنا بۆ هیچ کەسێ یا شوێنێ ببەم, بۆیە ئەنجامەکانیش وای لێهات, لەناو ئەواندا گەورەبووم و ژیانم بردە سەر, تا هەوارمان پێچایەوە بەرەو سلێمانی هەنگاومان نا, لەوێ بارودۆخەکە باشتر بوو.

* * *

پ/ تۆ هێشتا منالێ بووی کاڵ, پاك وبێگەرد.. زارۆکێ بووی نەتدەزانی لاکێشە سەختەکانی ئەم ژیانە شیبکەیتەوە.. لەمانای زۆر شت تێنەدەگەیشتی, چاوت بەمزگەوت و فەقێو دەروێش هەڵهێنا, لەناخەوە بۆ ئەو ئاوازە ئیسلام– کوردیانە دەبزوای.. لەمندالیدا بۆ ئاوازی فەقێیەکانی مزگەوتە قورەکانی هەڵەبجە سۆزت وەکو ئەڵبەتە دەنگی قورئان و بانگ دانیش لەلایەکی دیکەوە کاری تێکردووی.

لێرەوە دەمانەوێ بڵێین کەوا خەمو گریان, ئاوازی خەماوی ژیانو توانەی ئاهی ئەو دەروێشانە لەبۆتەی عەشقی خوادا دواتر بۆتە بەشێك لەئاورەکانی تۆ , ئایا ئەو هێڵە خەماوییە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو ئاوازانە هەبووە کەتۆ لەتافی لاوێتیدا داتنابوو؟

و/ بمانەوێ نەمانەوێ, کاریگەری ژیانی منالی لەگەورەییدا زۆر رەنگدانەوەی هەیە بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەین. بێگومان لەجیهانی ئاوازیشدا, ئەو ئاوازانەی لەگوێچکەی ئێمەدا دەزرنگایەوە هەروەها زۆربەی ئەو ئاوازانەی کە لەباوكو باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە بابەتی خەمناك بوون, هەر بۆیەش ئەوڕۆ دەڵێین ئیقاعی گۆرانی رۆژهەلاتی بەشێوەیەکی گشتی ئیقاعێکی خەمناکی هەیە, خاوە, باسی ئەشکەنجەو ئازاری تیایە, لەو بەیت و داستانە کوردییە کۆنانەشدا هەمان ئیقاع بەدی دەکرێ, ئەو رەنگدانەوەیە سیمای ژیانی کۆمەلایەتی ئێمەیە.

پ/ دەتوانیت چەن نموونەیەك بهێنیتەوە كەتێكەڵ بەو هێڵە خەماوییە بوون؟
و/ لە ساڵی 1975 دا بۆ شاری عەرەبنشینی "سەماوە" دوور خرامەوە, لەوێ هەر بەسۆزی شاری سلێمانیەوە گۆرانییەكم بۆ ئەسعەدی برام دانا "نامەی دووری" كە گوێ بۆ ئەو گۆرانییە رابدێری هەست بەسۆزی هەڵەبجەو هەورامانو ئەو هێڵە خەماوییە دەكەیت هەروەها لەو كۆڕاڵانەی كە لەم دواییانەدا كارم تیا كردووە, بەروونی هەست بەسۆزی دەروێشانەو ئاوو هەوای سۆفیگەرانە دەكەیت, -دەف-م كردووە بەبڕبڕەی ئیقاعی گۆرانییەكان, ئیقاعی ئەو میلۆدییانەی كە دامناون هەموو خۆیان لەئاستی ئاوازی دەروێشانەدا دەبیننەوەو سۆزی ئاوازە ئایینیەكانیان پێوە دیارن, ئەمە جگە لەچەند ستایشێكی ئاینی كەخۆم وتوومن.
پ/ تۆ لەخێزانێكی ئاین پەروەردا گەورە بوویت و گوێت بەئاوازی ئاینی و ستایش و هەراو بەزمی دەروێشەكان كرایەوە بۆیە بەپێی هەموو پێوەرێك دەبوایە تۆ ببویتایە بە مەلا ئەنوەر نەك ئەنوەر قەرەداغی, من لەو هاوكێشەیەدا لاسەنگیەك رەچاو دەكەم. ئەو لاسەنگیە بووە هۆی ئەوەی تۆ لەمەلایەتی دوور بكەویتەوە.
و/ من بەو شێوەیە نابینم, من لەوخێزانەدا پەروەردە بووم و زمانم گرت, بۆیە بمەوێ یا نەمەوێ من بەئاین موسوڵمانم و ئەندامانی خێزانەكەشمان هەروا بوون, تەنها من ئەسعەد نەبێ كەپاش ماوەیەك لەحوجرە چوونە قوتابخانەو كەوتینە كەشو هەوایەكی تۆزی جیاوازەوە, بەڵام من بوارە ئایینیەكەم تەنها بۆ خۆم داناوە, ئەوە شتێكە تایبەت بەخۆمەوە, ئەوە رێگەی ئەوەی لێ نەگرتووم كەكاری مۆسیقاش بكەم, چونكە مۆسیقا بەشێكە لەهەست كردن بەجوانی خوا, هەروەها هونەرەكانی دیكەو جوانییەكانی دیكەش كەبەچاو دەبینرێن یا بەگوێ دەبیسترێن بەشێكن لەجوانی خوا, قوڵبوونەوە لەو جوانیەش بەشێكە لەسۆفیگەرێتی. ئەگەر ئێمە لەڕوانگەی ماتیریالیزمەوە بڕوانینە مۆسیقا رەنگە لاسەنگیەك لەو بوارەدا بەدی بكەین, بەڵام ئەگەر لەروانگەیەكی رۆحیەوە لێی بڕوانین ئەو بەجۆرە نزیك بوونەوەیەكی لەقەڵەم دەدەین لەرۆحی خوا, هەر بۆیەش گۆرانی و مۆسیقا لەئیسلامدا قەدەغە نەكراوون. من..
پ/ بەڵام بەسەرهەڵدانی ئیسلام بواری گۆرانی و مۆسیقا تا دەهات تەسكتر دەبووەوە. تەنها ئەوانە نەبێ كە لەستایشی خواو پێغەمبەرەكاندا یا راستتر بڵێم پێغەمبەردا دەوتران؟
و/ من نە لەقورئان و نە لەفەرموودەكانی پێغەمبەریشدا ئەو قەدەغەكردنە بەدی ناكەم. لێرەدا دەتوانم هەندێ نموونە بهێنمەوە, یەكێك لەوانە ئەو هەڵپەركێ جوانانە بوون كەلەكاتی ئیجازەی فەقییەكاندا سازدەكران یا لەمزگەوتەكاندا بەبۆنەی دیكەوە ساز دەكران, یا ئەو هەموو گۆرانییە بەسۆزانە و ئەو هەموو دەفو شمشاڵە جوانانە كەلەوێ لێدەدرانو دەژەنران.
پ/ ئەوانە لەستایشی خواو پێغمەبەردا ووتراون یا لێدراون, بەڵام من مەبەستم ئەوانەیە كەبۆ خۆشی مرۆڤ لێدراون, یا بەكارهێنانی مۆسیقی لەشاییدا كە هۆكارەكەی خۆشی مرۆڤ بێ یا..؟

و/ ئاخر لێرەدا بەکارهێنان رۆلێکی گرینگی هەیە, یا لەم بوارەدا کەمێ وردبینەوە: بۆ نموونە ئەورۆ باسی ئەتۆم دەکەین, ئەتۆم ئەگەر لەپێناوی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی مرۆڤدا بەکار بێت ئەوە خێرە, پۆزەتیڤە, داهێنانە, بەلاّم کە بۆ وێران کردن و کوشتنی مرۆڤایەتی بەکار بێت ئەوە بەپێچەوانەی ئەو شتانەی سەرەوەیە, لەگەلّ ئەوەشدا کەلەهەردوو بوارەکەدا هەمان زانست بەکار دێ.

بواری مۆسیقاش هەروایە: گەر مۆسیقا بۆ شێواندنی ناخی مرۆڤایەتی بەکاربهێنرێ, بۆ ناشیرین کردنی رووی جوانیی مرۆڤایەتی, ئەوە کارێکە ناشیرین, ناویلّو نێگەتیڤ. بەلاّم ئەگەر بۆ بەرەو پێشچوونی مرۆڤایەتی بەکاربێ, بۆ گوێزانەوەی کۆمەلّ لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە بەکار ببرێ, ئەوە کارێکە مەزنە, من بڕوا ناکەم ئەمە "لەئایین"ەوە دووربێ.

پ/ دەتەوێ بلّێی ئاین و هونەر, نوێژ و سورەت و ئایەت و مۆسیقا و گۆرانی کەلەناخی تۆدا کۆبۆتەوە دووشتی دژ بەیەك نین, دووشت کەیەکتر تەواو دەکەن؟

و/ جارێکی دیکە دووبارەی دەکەمەوە کائاینەکەم تایبەتە بەخۆمەوە لەناخی خۆمدا و باوەرم پێی هەیە, هاوکات مۆسیقاش لێدەدەم, مۆسیقام خۆش دەوێ و بەشێکە لەژیانم و بۆ کاری باش بەکاری دێنم. بۆ بەرەو پێشچوونی میللەتەکەم بەکاری دەهێنم, ئاینەکەم مۆسیقاکەم رەت ناکاتەوە.

پ/ ئامانجی سۆفیگەرایی بەرای من گەیشتنە بەخوا, هەموو سۆفییەکیش رێگاو بۆچوونی خۆی هەیە بۆ گەیشتن بەخوا, ئامرازی خۆی هەیە, ئەگەر ئەو ئامرازو رێگایە بەراورد بکەین و بیخەینە بەر تیشك دەگەینە ئەو سەر ئەنجامەی تۆ مۆسیقات هەلّبژاردووە بۆ گەیشتن بەجوانی خوا, تاچەند بۆمان هەیە بلّێین کەتۆ سۆفییەکی, بۆ گەشتن بەو راستییە رەهایە "کەجوانیخوایە" مۆسیقا بەکار ئەبەی؟

و/ "خوا جوانەو جوانی ی پێخۆشە" جوانی ی چی یە؟ جوانی ئەو شتە ناسکانەیە کەبەچاو ئەبینرێن و بەگوێ دەبیسترێت و هەستیان پێ دەکرێ و بۆن دەکرێو..هتد ئەو شتانە کەتۆ ایێی ورد دەبیتەوە رەنگدانەوەی ئەو جوانییەیە, زۆرجار وا رێك دەکەوێ لەکاتی بیرکردنەوە لەو شتانە دەچیتە نێو دەریایەکی بێ سنوورەوە دەریای پرسیار و وەلاّم و لێکدانەوە و هەولّدان بۆ تێگەیشتن لەسەرچاوەی شتەکان, کە خوایە.

دەگەڕێیتەوە سەر مۆسیقا و دەلّێم مۆسیقا بریتیە لە حەوت دەنگ. ئاهەنگ و دەنگی هەر ولاّتێ, هەر کۆمەلّێ, هەر گەلێ جیاوازە لەوی دی, بەلاّم هەموو ئەمانە لەحەوت دەنگدا رەنگ دەدەنەوە, ئەم دەنگانە لەکوێوە سەرچاوە هەلّدەگرن و بەچ شێوەیەك رێك دەخرێن, لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر "فیثاغۆرس" کە دەلّێ "الکون عبارە عن العد والنغم" وردبوونەوە لەم شتانە بەرەو ئەوەت دەبات لەو خودە خواییەی کە لەسەرەتاوە باسمان کرد وردبییتەوە, واتە گەڕان بەدوای راستیەکاندا جیهانی سوفیگەرێتیش بریتییە لەگەڕان بەدوای راستیدا.

پ/ تۆ باسی ئاهەنگی بەسۆزی فەقییەکانت کرد, سەرنجی ئێرەت بۆ کۆڕی گۆرانیو هەڵپەڕکێی نێو مزگەوتەکان ڕاکێشا, هەر لەم دانیشتنەدا من بەکورتی ئاماژەم بۆ شتێ کردو ئێستا دەمەوێ زیاتر لەسەر بدوێین.
بەبێ سروشتی ئاین, ئەوەندەی ئێمە بزانین ئاین هەمیشە ڕێگر بووە لەبەردەم هونەری گۆرانی و مۆسیقاو هەڵپەرکێدا, هەر لەکڵیساوە بگرە تا مزگەوت و مۆسیقاو هەموو هەریەك بیروڕایان هەبووە, ئەگەرچی هەندێ جیاوازیش هەیە لەم بوارەدا کەزیاتر پەیوەندییان بەئاین و کۆمەڵگاوە هەیە, بەهەر حاڵ ئەمە نکوڵی لەوە ناکات کەئەو دام و دەزگایانەی ئاینیان پیادە کردووە ڕێیان لەهونەر گرتووە, حەز دەکەین بزانین بەچ جۆرێ ئەو ئاهەنگانە بەحەوشەی مزگەوتەکاندا ئەنجام دراون, ئایا مەلاکان لەوکاتەدا چ ڕۆڵێکیان بینیوە؟
ئایا ئەمە یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری؟ ئایا..
و/ من جارێکی دیکەش دەڵێم پێم وانیە ئیسلام ڕێگەی لەمۆسیقاو گۆرانی گرتبێ, بەڵام هەر وەکو پێشتر ئاماژەم بۆ "ئەتۆم" کرد, هەر بەو شێوەیە دەڵێم ئەو مۆسیقاو
گۆرانیانەی کە مرۆڤ لەناخی کۆمەڵ دوور دەخەنەوەو بیابانێ دەخەنە نێوان خودی ئەو مرۆڤانەو داب‌و نەریتی کۆمەڵایەتیەوە, ئەوە مۆسیقایەکی نێگەتیڤە.
پ/ وەکو؟
و/ بۆ نموونە ئەگەر من مۆسیقا بۆ لەش ولاری ئافرەتێکی رووتی سەر شانۆیەکی کودەواری لێبدەم, ئەوە بەکارێکی چاك نازانم, بەرامبەر بەوەش ئەگەر مۆسیقا بۆ گۆرانی یا هەڵپەرکێیەکی کوردی لێبدەم کەداب‌و نەریتی ئاینیو کۆمەلایەتی تێدا رەچاو بکات, چاکە. یەکێك لەو شتانەی کەوای کرد ئیسلام لەسەرەتادا بایەخ بەمۆسیقا و گۆرانی نەدات ئەوەبوو کەمۆسیقا و گۆرانی رۆڵێکی نێگەتیڤیان هەبوو لەکۆمەڵدا, لەلایەکی دیکەوە هونەر لەشایی و خەتەنەکردن و لەدایکبونی منالدا هەمیشە ئامادە بووە, جارێکی دیکەش دەگەڕێمەوە سەر "ئەتۆم"ەکە. لێرەدا...
پ/ منیش دەگەڕێمەوە سەر ئافرەتە رووتەکە و دەڵێم: مۆسیقا لێدات بۆ دیمەنێکی ئاوا تاچەند بەلاتانەوە ئاساییە؟
و/ بەلای منەوە ئاسایی نیە.
پ/ لەهەندێ "باڵێ"دا مۆسیقایەکی زۆر ناسك بۆ دیمەنێکی ئا لەو بابەتانە لێدەدرێ, ئامادەیی ئەوەت هەیە لەکارێکی ئاوهادا بەشدار بیت؟
و/ مەبەست و نییەتی مرۆڤ لەهەر کارێکدا سەنگی مەحەکە وەك دەڵێن. گرینگ ئەوەیە مرۆڤ مەبەستێکی خراپ کار لەپرۆژەیەکی وا نەکات, نیەتی مرۆڤ رۆڵێکی سەرەکی لەرەوشتی کارەکە دەبینێ.
پ/ هونەری "مولتەزیم" جێگەی مشتومڕ بووە لەقۆناغە جیاوازەکاندا, شیکردنەوەکانی تۆ لەبارەی ئیسلامەوە دەمانگەیەنێتە ئەو دەر ئەنجامەی خوارەوە.

ئیسلام جۆرە ئیلتیزامێکی بۆ هونەر داناوە, تاچ رادەیەك ئەمە راستە؟

و/ هەموو شتی دوو لایەنە هەیە: پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ. دەبێ مرۆڤ هاوسەنگییەك لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا ساز بکات. گرینگ ئەوەیە چۆن بتوانێ لایەنە باشەکە بەسەر خراپەکەدا زاڵ بکات.

پ/ من هیچ تێنەگەیشتم و هەست دەکەم ئەو وەلامە پەیوەندی نیە بەپرسیارەکەی منەوە, بەلام بەهەر حاڵ من ئەم پرسیارە لێرەدا زۆر دوور کەوتینەوە لەو بابەتەی لەسەرەتادا دەستمان پێکرد.

دەگەڕێمەوە سەر ماڵەوەتان و باسی دایکت دەکەم, روحی هەموو دایکێ پەپوولەیەکە بەسەر هەموو شێخ و دەروێش و سۆفیەکاندا دەسووڕێتەوە, عەشقی ئەو بێ هاوتایە, بێ ئەندازەیە, پاکە, بێگەردە.

سۆزی دایك هونەرە, مەزنە لەئاستێکی مەزنتردا, بەلام ئێمە تا ئێستا خۆمان لەگێژاوی مزگەوت و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا هێشتۆتەوە, هیچ تیشکێکمان نەخستە سەر رۆڵی ئەو؟

و/ هەر لەمنداڵییەوە بەیت و چیرۆکی بۆ دەووتم, شیعری فۆلکلۆری بۆ دەووتم, بەسەدان شیعری لەبەر بوو. بیرمە هەر شتێکم پێ دەگوت ئەو نموونەیەکی لەسەر ئەوە بەشیعر بۆ دەهێنامەوە, زۆر شیعری هەورامی لەبەر بوو, حەزی زۆری لەشیعرەکانی مەولەوی بوو, چونکە بۆ خۆشی هەورامی بوو, حەزم دەکرد هەموو ئەو بەیت و چیرۆکانەی لەمێشکی ئەودابوو تۆمارم بکردایە, دایکم مامۆستای ژیانم بوو, لەجێی خۆیدا ئافەرینی دەکردم و لەهەڵەکانما سەرزەنشتی دەکردم و رێ نیشان دەرم بوو.

پ/ مەبەستەکەم روونتر دەکەمەوە.

داڤینشی کەجوانی بێ وێنەی ژنە بازرگانێکی بینی, مۆنالیزای کێشا. پیکاسۆ کەچاوی بەئازاری مرۆڤایەتی و کوشتن و بڕینی شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیا کەوت, جۆرنیکای کێشا, تۆ کەئەو هەموو بەیت و شیعرانەت بیر دێتەوە چ ئاوازێکی مەزن لێدەدیت , چ کۆراڵێك دادەنێیت؟

و/ سێبەری ئەو هەمیشە بەسەر کارە هونەرییەکانمەوە دەسوڕێتەوە, لەهەر کاتێکدا مۆسیقا لێدەدەم, سێبەری ئەو شیعرو گۆرانییە خۆشانەی کە لەناو جێگادا بۆ دەووتم وەك هەور بەسەرمەوە وەستاوە, زۆرجار حەز دەکەم بیر لەو رۆژانە بکەمەوە, ئیقاعی دروستکردنی نانی هەورامی یەکێکە لەو شتانەی لەمنداڵیمدا گوێم لێگرت و لەگەورەییمدا دووبارە بووەوەو تۆمارم کرد, ئێستا ئەو ئیقاعە لەئەرشیفەکەمدا جێگای خۆی هەیە, رەنگ دانەوەیەك لەوانە کەئێستاش وەك منالی دەڵێم " دایکی شیرینم چەند خۆشەویستی بۆ ژیانی من,,هتد"

پ/ ئێمە وەلامەکەی خۆمان وەرنەگرتەوە, بەلام گوێ لەم مۆسیقایە بگرە:(گوێبیستی مۆسیقایەکی مەزنی Janny بووین. ئەو هونەرمەندە یۆنانییە کەژیانی لەئەمریکا بەسەر بردووە ئۆرکێسترایەکی زۆر ناسکی بۆ دایکی داناوە).

دایك , نازی دایك. سێبەری دایك دەکات, پلانی ئەوەت هەیە لەدوارۆژدا شاکارێکی هونەری بۆ بنووسیتەوە؟

و/ دایکم سەرچاوەی ئیلهامی زۆر لەبەرهەمەکانی منە, ئەو لەناخەوە گوێی لەبەرهەمەکانم دەگرت, زۆر بەیانیان خەبەری ئەکردمەوەو دەیووت: رۆڵە هەستە! ئەو مۆسیقای تۆیە لەرادیۆ! لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتێکی نەخوێندەوار بوو, هەموو ئاوازەکانم بەئیلهامی ئەو دەزانم.

پ/ ئایا ناسینەوەی مۆسیقاکانت ئەوە دەگەیەنێ کە ئێوە خاوەنی قوتابخانەیەکن لەمۆسیقای کوردیدا؟

و/ ئەوە نەوەکانی دی و خەڵکانی دیکە دەتوانن بڕیاری لەسەر بدەن.

پ/ باگوێ لەدەنگی دەروێش عبداللە بگرین.

کە ئێمە گوێ لەدەنگی ئەو دەروێشە دەگرین, هەستمان هەستێکی نامۆیەو لەگەڵ شەپۆڵی دەفەکانی ئەودا تەواو دەچێتە خەڵوەتێکی پەمەیی ڕەنگەوە و نوێژ بۆ ئاوازی دەفەکانی ئەو دەکەن, عاشقی رۆحی دەروێشەوە دەبین, لەگەڵ سۆزی دەنگی ئەودا سۆز دەمانگرێ..

تۆ ئەم دەروێشە بە چ جۆرە دەروێشێ دادەنێیت؟

چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

و/ ئێمە تەنها گۆرانیەکانی ئەومان بۆ ماوەتەوە, لە کوردستاندا دەیان "دەروێش عبداللە"مان هەبووە هەندێ دەروێشم لەیادە کە لەدەف لێداندا وەستا بوون. تا شەستەکانیش گۆرانییەکانی دەروێش عبداللە گۆرانی ئەو سەردەمە بوون. من زۆر لەو گۆرانییانەی ئەوم بەمناڵی گوێ لێبووە. لەدەنگی کەسانی ترەوە بەڵام تۆمار نەکران.

پ/ گۆرانییەکانی دەروێش چ قاڵبێکی بەخۆوە گرتبوو؟

و/ میللی, ئەو هەر بەو ساکارییەوە کە هەبوو گەیاندوویەتی بەخەڵك. خەڵك ئەوەندە سەرنجی دەفەکەیان داوە, سەرنجی دەنگیان نەداوە, شێوە لێدانی دەفەکەی بەراستی سەرنج راکێش بووە.

پ/ ئەتوانین بڵێین دەروێش دیاردەیەکی تایبەت بووە لەنێو هونەری کوردیدا؟

و/ نە, نموونەی وەکو ئەومان زۆر بووە. بەڵام لەهەمان کاتدا ناتوانم دەنگی ئەوانی دی بەسەر ئەمدا زاڵ بکەم, چونکە هیچ گەواهییەك نیە بۆ ئەمە. دوو نموونەی دیکەش هەن ئەوانیش سەید عەلی ئەسغەرو ئەحەی ناسرە, زۆر کەس پێیان وابووە کە دووەمیان دەنگی لەیەکەمیان خۆشتر بووە. بەڵام نەبوونی هەر بەرهەمێکی ئەحەی ناسر کارەکەمان لەمەحاڵ نزیك دەکاتەوە, ئەگەر چی من لەبنەڕەتدا لەگەڵ بەراوردکردنی دوو دەنگی خۆشدا نیم.

پ/کنگر, پرچی دەروێشەکان, دەف و ئاوازەکانیان, سۆزیان بۆ عەشقی خوا, هەوڵیان بۆ توانەوە لەبۆتەی جوانیی خوادا.. هتد, تۆ لەهەوڵدانێکی بەردەوامدا بووی بۆ بەستنەوەی ئەو شتانە بەیەکەوە تێهەڵکێشانیان بەهەندی چەمکی دیکەوە لەژیان , هەموو ئەمانە کاری لەتۆ کردو لەهەندێ لەبەرهەمەکانتا رەنگیان دایەوە, یا هەر هیچ نەبێ لەقۆناغەکانی سەرەتادا, ئایا ئێستا چ شتێ تۆ دەبزوێنێ, دەترسێنێ, دەجوڵێنێ و هان دەدات بۆ ئەوەی داهێنانی هونەری بەرجەستە بکەیت؟

و/ داهێنانی هونەری شتێکە پەیوەندی بەخودی هونەرمەندەکەوە هەیە. پەیوەندی بەئاستی ئەو , تێڕوانینی ئەو, زانستی ئەوەوە هەیە, داهێنان پابەستی زیرەکی و بەتوانایی و نوی بوونەوەی هونەرمەندەکەوە هەیە, هەموو یەکێ سود لەمۆتیقی جۆراوجۆر دەبینێ, بەڵام ئەمانە بەتەنیا داهێنانی نایەننە ئاراوە.

پ/ پێشتر باسی ئەوەمان کرد کەبەشێك لەگۆرانییە ئاینیەکان بە ئاوازێکی فۆلکلۆری یا راستر بەئاوازە فۆلکلۆرییەکان دەوترانەوە, واتە بۆ ستایشیئاین و خواو پێغەمبەر سود لەئاوازە فۆلکلۆرییەکان وەرگیراوە, ئایا لەبەرامبەری ئەمەدا, ئاین و سۆفیگەرێتی هیچی خستۆتە سەر هونەری کوردی؟

و/ بەدڵنیاییەوە ئەم تێکهەڵکێشانە لەنێوان فۆلکلۆر و "ئاین"دا هەیە , بۆنموونە " الصبح بدا من طلعتة" بە ئاوازێکی فۆلکلۆری وتراوەتەوە, ئاوازی گۆرانی "دڵەکەم غەمگینە, دڵەکەم غەمگینە" زۆر گۆرانی و ستایشی ئاینی دیکەشمان هەن کە بەئاوازی گۆارنییە فۆلکلۆرییەکان وتراوون. "مولای صلی وسلم دائما ابدا" نموونەیەکی دیکەیە.

پ/ بەڵام پێچەوانەی ئەم کارە هەیە؟

و...

* * *

پ/ زۆر جار داهێنان پەیوەندی بەسەردەمی منالی و مێرد منداڵی, و یاریگاو ژیانی سەرەتایی داهێنەرەوە هەیە, بۆیە لە رۆژەکانی پێشەوە باسمان لەژیانی لادێ و هەڵبجەو خێزان و ئاین و کۆمەڵگای ئەو سەردەمە کرد ئەورۆ درێژە بەو باسە دەدەین.

ئەورۆ لەژیانی قوتابخانەی سەرەتایی ئەو سەردەمەوە دەست پێ دەکەین . دەبێ قوتابخانەی ئەو دەمە چۆن بووبێ؟

و/ من لەسەرەتادا لەقوتابخانەی "پەرۆ" بووم, رەنگە ناوەکەشی پەیوەندی بەوەوە هەبووبێ کە هەموو یەکێ دەبوایە لەماڵەوە دۆشەکەڵەیەکی لەگەڵ خۆی بۆ قوتابخانە ببردایە. پۆلە گەورەکان بەیانیان سروودیان دەوتەوە, هەندێ لەو سرودانە " ئەی کوردینە ئەی مەردینە" , "ئەی رەقیب" و " کوردستان جێگەی بەچکە شێرانە" جاروباریش بۆسەیران بەلۆری بۆ زەڵم دەڕۆیشتین و سرود و گۆرانی جۆراوجۆرمان دەوتەوە, بەدەر لەوانەش فەقییەکانی مزگەوت لەسەیرانەکانی خۆیاندا گۆرانی وهەڵپەرکێی خۆشیان ساز دەکرد.

بێگومان یاری فۆلکلۆری جۆراوجۆریشمان دەکرد, وەکو: " هەنگە شەلێ" , "موسا و فیرعەون" , "سنگەو باز" , "کلاوێن" و ... هتد.

پ/ چ گۆرانیبێژێکی ناوداری ئەو رۆژانەت دێتەوە یاد ؟

و/ یەکێکی زۆر دەنگ خۆش بوو کە رەنجبەری ماڵی پورم بوو بەناوی "لارە" دەنگی ئەو جێگای سەرنجی من بوو, هەندێ جار کە بۆدێ "سەرگەت"یش دەچووم داوام لێدەکرد و گۆرانیم بۆ بڵێ, بەتایبەتی گۆرانی " گۆرانی هەوری لەمل":

" هەوری لەمل

کەتان لەکۆڵ

وەختە لەبۆت بمرم

نیزیکی جەژنە قوربان

داوێنەکەت بگرم" .. هتد

پ/ ئەی شایی و ژن هێنان؟

و/ لەو بۆنەیەدا حەوت رۆژو حەوت شەو هەڵپەرکێ و گۆرانی بوو, دەهۆڵ و زوڕنا , سێ پێیی و چەپی زیاتر لە جۆرەکانی دیکە لەو ناوچەیەدا باو بوو.

هەمان بەزم بۆ خەتەنەش دەگێڕدرا, هەروەها لەکاتی بەڕێ کردن و بەخێرهاتنەوەی حاجییان دەکرد دەف و گۆرانی ئاینی و ستایشی دەروێشەکان بەشێك بوون لەو دیارە کۆمەڵایەتییەی ئەو کاتە.

یەکێك لەو شمشاڵ ژەنە زیرەکانەی ئەو سەردەمە کە زۆر جار لەشاییەکاندا شمشاڵی دەژەن ( مینەی لولەك ژەن) بوو, وەستایەکی کارامە بوو , بۆ خۆم چاوپێکەوتنێکی باشم لەگەڵدا سازکرد بەر لەوەی لەکۆتایی حەفتاکانداماڵئاوایی لەم جیهانە بکات, سەرباری ئەوەش یەك دوو شتم بۆ تەلەفزیۆن بۆ تۆمار کرد.

گوێزانەوەی بووك لەو سەردەمەدا زۆر بەناسکی بەڕێوە دەچوو, زۆر جیاواز لەوەی ئەوڕۆ بەڕێوە دەچێ.

پ/ تۆ یەکێکێت لەو هونەرمەندانەی کە زۆرجار یادی هونەری و ئاوازی کۆن و شتی فۆلکلۆری و چەپڵەو ..هتد لەکارەکانی هونەرییەکانتا بەکار بردوە, ئەوانەت لەگەڵ کارەکانی خۆتدا تێهەڵکێش کردووە, ئایا هیچ شمشاڵێکی مینەی لولەك ژەنت لەکارەکانتا بەر جەستە کردووە؟

و/ بەڵێ, مۆسیقای لە "تەسویری"فیلمی " بەهەشتی سووتاو" دا , لەدیمەنێکی تایبەتدا شمشاڵەکەی ئەوم بەکارهێناوە, ئەو شمشاڵەم لەگەڵ مۆسیقایەکی خۆمدا تێهەڵکێش کردووە, واتە هەمان شمشاڵ کە ئەو لەدیمەنی گۆڕینەوەی دوو ژندا لێی داوە یا دوو بوکدا, منیش هەمان شتم لەدیمەنی بووك گۆڕینەوەکەدا هێناوەو دواتر کردومە بە دەهۆڵ و زورنا ئەم شمشاڵە یادەوەری مناڵیی من زیندوو دەکاتەوە.

پ/ ئەگەر شمشاڵەکەی مینە وای لێکردی کە ئەو وا بەزیندویی لەلات بمێنێتەوە, ئەی چی شتێکی "لارە" وای لێکردی کەبیر لە لارە بکەیتەوە؟

و/ چەپڵە لێدانەکەی ئەو زۆر سەرنج راکێش بوو, لارە بەم شێوەیە چەپڵەی لێدەدا "لاسایی لارە دەکاتەوە" من لەیەك دوو کۆڕاڵدا ئەو چەپڵانەم خستۆتە قاڵبێکی هونەرییەوە.

پ/ ئەو گۆرانی و سەیران و هەڵپەرکێیانە دەبێ چ کارێکی لەتۆ کردبێ لەو سەردەمەدا؟

و/ ئەو بەزمانەم زۆر پێخۆش بوو, هەستم بەخۆشییەکی زۆر دەکرد. لەپۆلی دووی سەرەتای شیعرێکم بەناوی "لغه القرأن – زمانی قورئان" وە لەبەر کرد, کە قوتابیانی پۆلی شەشەم لەبەریان دەکرد, ئەو کات چەپڵەیەکی زۆریان بۆ لێدام, ئەو چەپڵەیە کاریگەری خۆی هەبوو.

پ/ من كه بەمناڵی دەچوومە نێو شایی و گوێم لە گۆرانییەكان دەگرت و تەماشای هەڵپەڕكێكانم دەكرد, بەلامەوە شتەكان ئاسایی بوون, پێم خۆش بوون بەڵام هیچ كارێكی تێنەكردم. لێرەدا تا چ رادەیەك كاری تێ كردوی , ئەوە گرینگە؟

و/ سەرنجی رادەكێشام, بەڵام هەندێ جاریش ئاسایی بوون بەلامەوە.

پ/ كە مرۆڤ لەلادێیەوە بۆ شار دەچێ, هەستێكی نامۆ دایدەگرێ, هەست دەكات شار جێگای ئەو نییە, چونكە لانەو یاریگای ئەو نییە, مناڵ ئەو جیهانە رەنگاورەنگە و یاریگایانەی خۆ تیادا نابینێتەوە, شار بریتیە لە كۆمەڵێ پەیوەندی ئاڵۆز, پیشەسازی, ...هتد.

گوێزانەوەی ئێوە لە هەڵەبجەوە بۆ سلێمانی چ كارێكی لەتۆ كرد؟

و/ هیچ , من ئەودەمە لەپۆلی سێیەم بووم. مانای زۆر شتم نەدەزانی, بەر لەوجا من تەنها یەك جار "سلێمانی"م دیبوو, بەڵام لەسەرەتادا هەستم بەجۆرە تەنهاییەك دەكرد, حەزم دەكرد خزمەكانمان ببینین خانووەكەمان زۆر گەورە بوو كەسەرمان دەكرد بەهەندێ ژووردا وام دەزانی جنۆكەی تیایە.

پ/ ژیانی سەرەتا چۆن بەسەر دەچوو؟

و/ دواتر من لە "كشافە" بووم كە لەقوتابخانە دەهاتمەوە تەنەكەیەكم لەمل دەكردو مناڵانی گەرەكم دوای خۆم دەخست, گۆرانیمان دەووت و لەتەنەكەم دەدا وەك تەپڵی كەشافە.

پ/ لەچوونە سلێمانی لەدەنگی ئاشەكە رزگارتان بوو؟

و/ تا ماوەیەك لەسلێمانی هەستم كرد شتێكمان كەمە, بەڵام پاش ماوەیەك ئاشێك لەلای مزگەوتی هەمزە ئاغاوە دانرا و هەمان تەپە تەپ دەستی پێكردەوە, پێی دەحەوامەوە.

پ/ ئەی بارودۆخی قوتابخانە, چالاكی هونەری و حەزی مۆسیقا؟

و/ لە پۆلی سێیەم لە قوتابخانەی "فیصلیە" بووم, لەپۆلی چوارەم مەلیك فەیسەل بۆ سلێمانی هات و بەرێكەوت بینم و دەستی بەسەرما هێنا, ئەوەم پێخۆش بوو. لەو قوتابخانەیەدا گروپی سرودو وەرزش و هەندێ شتی تریشمان هەبوو. هەر لەوێ مامۆستا "ولیەم یۆحەننا"م ناسی ئەو رۆژەی كە ئەوم ناسی زۆ گرنگ بوو بۆ من رۆژێكی وەرچەرخان بوو لەژیانی مندا, هەر لەو سەردەمەوە ئارەزووم بەلای هونەردا چوو.

لەو قوتابخانەیەدا كاری زۆرمان دەكرد. تیپی "كشافە" بە ئاوازێكی تایبەتەوە رۆژێ لەبەردەم گەورە پیاوانی شاردا رێی دەكرد, لەو قوتابخانەیەدا ولیەم یوحەننا و قادر دیلان فێری سرودیان دەكردین, تیپی سرود لە 12 كەس پێك هاتبوون منیان بەیەكێك لەدەنگ خۆشەكان دانابوو.

پ/ ئەتوانین بڵێین لەو قۆناغەدا ولیەم یۆحەننا دەیویست تۆ ببینێتەوە؟

و/ نەخێر.

پ/ واتە گۆرانی تاكە كەس لەتیپەكەتاندا نەبوو؟

و/ نا, بە كۆمەڵ دەمان ووتەوە, تیپی مەولەوی مۆسیقایان لێدەدا.

پ/ زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەهرەیەکیان تێدا هەیە و دەکەونە ناو دەوروبەرێکەوە کەبواری خەملێنی ئەو بەهرەیەی تیادا بەدی دەکرێ، بواری سەرکەوتنیان زۆرترە لەو کەسانەی کە لە دەوروبەرێکی دیکەدا گەورە دەبونەوە مەبەستم ئەوەیە تۆ لەنێو گروپی مۆسیقادا یا سروود و لەگەڵ قادر دیلان و ولیەم یۆحەننادا تێکەڵ بوویت، بۆیە توانیت پەرە بەبەهرەکانی خۆت بدەیت، بەڵام ئەگەر تێکەڵ بەو کەش و هەوایە نەبوویتایە زۆر زەحمەت بوو بتوانی پەرە بەئارەزووە هونەرییەکانت بدەیت.

و/ بێگومان ئەوە تا رادەیەك راستە، من لەو تیپەدا گۆرانیم دەووت، بۆ شانۆ دەچووم بەڵام زیاتر لەبەر گۆرانیەکان نەك شانۆنامەکە، زۆ جار منالآنی گەڕەکم کۆ دەکردەوەو گۆرانیمان دەووت، وردە وردە هونەری گۆرانی و مۆسیقا سەرنجی راکێشان هەمیشە شتە نوێو نائاسایییەکان سەرنجی رائەکێشام، عودەکەی مامۆستا "ولیەم"م زۆرم پی سەیر بوو. منیش لاستیکێکم هێناو تەڵە باریکەکانی ناوەوەم دروست کرد، بەستم بە دۆلکەکەمەوە بۆ خۆم شڕە عودێکم پێ دروست کرد، هەر بەوە گۆرانی سەید عەلی ئەسغەرم لێدەدا، دواتر قامیشم دەهێناو دوزەلەم دروست دەکرد، هەریەکێ مۆسیقا لێبدایە حەزم دەکرد بزانم چۆنی لێدەدا، بەهەر حاڵی کەمان و کلارنێتەکەی دیلان و عود و ئۆکۆدیۆنەکەی ولیەم زۆر سەرنجی رائەکێشام، لەو سەردەمەوە حەزم لەشت دروست کردن دەکردو تا ئەوڕۆش ئەو حەزەم هەر هەیە، جگە لە مۆسیقا لێدان خۆم تێکەڵ بەکاری تەکنیك و دەرهێنان و دۆبلاج و .. هتد دەکەم.

پ/ ئەوان بەشێوەیەکی زۆر دیار سەرنجی تۆیان راکێشا بوو بەڕای ئێمە ئالێرەوە هێڵەکانی یەکترناسینەوەو یەکتر دۆزینەوە خۆی دەسەلمێنێ، ئەم قۆناغە قۆناغێکی گرینگە لەژیانی تۆدا، ئەمە لەلایەك ، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئایا تۆ هیچ سەرنجی ئەوانت راکێشا بوو.

و/ نا، ئەو سەرنجە لەقۆناغی "خانەی مامۆستایان" دا خۆی بەرجەستە کرد.

پ/ ئارەزووی مۆسیقاو ئامێر دروست کردن بەرەو کوێی بردی؟

و/ لێدانی مۆسیقام پێ سەیر بوو، دەمویست بزانم چۆن ئامێرەکە دروست دەکەنو چۆن مۆسیقای پێ لێدەدەن، رۆژێ بەتەل و مەنجەڵ جومبوشم دروست کرد. کەشمشاڵەکەی قوتابخانەیان لێ وەرگرتمەوە بڕیارم دا خۆم دروستی بکەم.

ئەو دەم نەمدەزانی نۆتە هەیە بۆیە ژمارەم لە کونەکانی شمشاڵەکە دابوو بۆی ئەوەی بزانم کەیو چۆن دەس بەکونە جیاوازەکاندا بنێم، کە گەورەش بووم لەسلێمانی عود نەبوو بڕیارمدا خۆم دروستی بکەم.

پ/ ئەو خۆخەڵەتاندنە بەشت دروست کردن و مۆسیقاوە وای لێکردی کە ببتە یەکێك لەقوتابیە تەمەڵەکان؟

و/ تا پۆلی دووەمی ناوەندی ئازا نەبووم، بەڵام تەمەڵیش نەبووم، شتەکانم پشت گوێ دەخست، بەڵام لەوە بەدواوە زیرەك بووم. مێشکم بەرووی زۆر لەوانەکاندا کرایەوە.

پ/ وانەی "مێژوو"ش؟

و/ نا, هەر لەمناڵیمەوەحەزم بە "مێژوو" نەدەکرد, بۆیە وەکو توتی لەبەرم دەکرد. تەنانەت ژمارەی لاپەڕەکانیشم لەبەر دەکردبەڵام ئەمەش یارمەتی زمان فێربوونی دام بەتایبەت زمانی عەرەبی.
پ/ وردە وردە لەکۆتایی پەنجاکان نزیك دەبینەوە لەساڵی 1958 دا شۆڕشی 14 گەلاوێژ روویدا, کاریگەری ئەو شۆڕشەت لەسەر سلێمانی و هونەری کوردی ئەو سەردەمە چۆن دەبینی؟
و/ بارو دۆخی سیاسی گۆڕا بوو, هەوایەکی ئازادی لەئارادا بوو, سرودەکان ئازادانەتر دەوترانەوە ئەو بەربەستەی جاران نەما بوو.
پ/ دوای شۆڕش مەلیك کوژرا, ئەو مەلیکەی دەستی بەسەری تۆدا هێنابوو. تۆ لەنێوان رق و خۆشەویستیدا دابەش بوبوی, چ یادگارییەکی ئەو رووداوەت لەیادە؟
و/ من لەمانای شۆڕش نەدەگەیشتم , گەر چی تیاشی دەژیام. بەڵام کوژرانی مەلیکم پێ' ناخۆش بوو, چونکە دەستی بەسەرما هێنابوو هەندێ یادگاری لەمێشکی مرۆڤدا چەسپ دەبن و کوێر بوونەوەیان سەختە من تا ئێستاش گۆرانییەکانی شەمال سائیب و سێوەو عەلی مەردان-م لەلا خۆشن , ئەگەر چی لەبواری هونەریەوە سەرنجی زۆرم بەرامبەریان هەیە, بەڵام ئەو سەردەمانە زۆر دەوترانەوە.
پ/ جوانیی ئەو گۆرانییانە وای لێ کردووی کەبەلاتەوە خۆش بن یا لەبەر ئەوە بەکۆمەڵێ یادگارییەوە بەستراونەتەوە؟
و/ لەبەر هەردوو هۆ.
پ/ بەرهەر حاڵ دەگەڕێمەوە سەر شۆڕش. تۆ هەستت بەشۆرشەکە نەدەکرد, بەڵام گۆرانکارییەکانت بەدی دەکرد؟
و/ ژیانی شار روحێکی دیکەی تیا دابوو, هەموو کەس بەبێ ترس "ئەی رەقیب"ی دەووت. بەر بەرەکانیەك لەنێوان گروپە هونەرییەکاندا لەئارادا بوو. بۆ هونەر بارودۆخەکە زۆر لەبار بوو.
پ/ کە رووداوێکی گرینگ یا کارەساتێکی مەزن یا دیاردەیەك دێتە ئاراوە, هەندێ لەمیلەتەکانی جیهان کەسانی وایان تیا هەڵدەکەوێ ناوی لێ دەنێن شاعیری ئەو کارەساتە ئا ئەو رووداوە بۆ نموونە شاعیری شۆڕش , نوسەری تاراوکە.. هتد. ئایا لەبواری گۆرانیدا هونەرمەندی وامان تیا هەڵکەوتووە ناوی گۆرانبێژی شۆرش.. هتد لێ بنێین؟
و/ لەو سەردەمەدا گۆرانی بێژی چاك و خاوەن هەڵویستمان هەبووە, گۆرانی باشمان هەبووە, سرودی بەنرخمان هەبووە, بەڵام ئەو دیاردەی کەتۆ باسی دەکەیت لەئارادانەبوو, تا ئێستاش وابزانم ئەو دیاردەیە لەناو کوردا نیە, بەو بۆچوونەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە.
پ/ ئێستا دەچینە سەر خاڵێکی گرینگ, دەچینە سەر باسی کەسێك کەئەوڕۆ هونەرمەندێکی ئاساییە لەبواری هونەردا, بەڵام لەژیانی تۆدا, لەڕێرەوی هونەریی تۆدا, لەدروستکردنی هونەری تۆدا نەخشێکی زۆری هەبووە, باس لەولیەم یۆحەننا دەکەین, تۆ چ مێژویەك یا سەرەتایەك بۆ ئەو پەیوەندییە دادەنێیت؟

و/ لەقوتابخانەی "فیصلیە"ی سەرەتایی بۆ ماوەی سێ ساڵ وانەی "مۆسیقا"ی پێدوتینەوە بەڵام ئەو دەمە پەیوەندییەکانمان زۆر ئاسایی بوو وەك هەر پەیوەندییەکی دیکەی نێوان مامۆستا و قوتابی, بەڵام کە لەئامۆژگاری مامۆستایان وەگیرام, ڕێچکەی ئەو پەیوەندییە گۆڕا, سەرەتا بەم جۆرە بوو.
لەژوورێکەوە گوێم لەیەکێ بوو ئاوازی گۆرانییەکی عەرەبی لێدەدا ( یا جارە الوادی) , منیش لەدەرەوە گوێم بۆ رادەدێرا, ڕۆژێکی دی لەژوورەکەی نزیك بوومەوە و گوێم لەدەنگی کەمانەکەی بوو, دواتر کە گوێم لەو ئەگرت, لەماڵەوە هەوڵم دەدا بەشمشاڵەکەی خۆم زیاتر ئاواز لێ بدەم و شتەکان تاقیبکەمەوە. ڕۆژێکیان ئەو لەژوورەوە وانەی جومبوشی بە (عوسمان شارباژێری) دەووتەوە و منیش لەدەرەوە گوێم لێیان رادەگرت, پاش ماوەیەك ئەوان لەژوورەکە دەرچوونە دەرەوە و من خۆم پیاکردو هەوڵم دەدا هەمان ئاواز لێبدەم کە ئەو بەشارباژێری ووتەوە, ئالەوێوە سەرنجی ولیەم یۆحەننا بەلای خۆمدا راکێشا ئەوە خاڵێکی زۆر گرینگ بوو لە ژیانی مندا, مامۆستا ولیەم شمشاڵێکی بەدیاری دامێ, پاش مانگێ من هەموو ئاوازەکانم پێ لێدا.
پ/ ولیەم چ بایەخێکی بەتۆ دەدا؟
و/ هەمیشە لەیادمە, ڕۆژێکیان یاری (باسکە)م دەکرد, لەتیپەکە دەری کردمە دەرەوەو پێی وتم : (وەرە دەرەوە, من لەخۆت ناترسم, لەم پەنجانەت دەترسم ئەو پەنجانە بۆ یاری کردن دروست نەکراون ئەنوەر).
ئەوە تەنها یەك رستە بوو بۆ ولیەم , بەڵام بۆ من زۆر بوو ناتوانم ئەو ڕستەیەم لەبیر بچێتەوە!
پ/ پەیوەندییەکانی ئێوە چ قاڵبێکی بەخۆوە گرت؟ هەر لەچوارچێوەی قوتابخانە یا ئامۆژگادا مایەوە یا پەرەی سەند؟
و/من لەترسی ماڵەوە نەمدەوێرا بەئاشکرا مۆسیقا لێبدەم. لەئاهەنگێکدا (کە کاکیشم تیایدا ئامادە بوو) مامۆستا ولیەم زۆری لێکردم و قەناعەتی پێهێنام کە لەپشتی خۆیەوە شمشاڵ بژەنم. منی کورتە باڵا لەپشت مامۆستا –ولیەم–ەوە شمشاڵم دەژەن, جار جاریش لەبن باڵەکانی ئەوەوە فریای ئەوە دەکەوتم تەماشایەکی دەموچاوی کاکم بکەم, کە هەستم کرد هیچ نارەزاییك لەدەمو چاویا نیە, بەمانیەکی دیکە هیچ چرایەکی سوورم لەبەردەم خۆمدا نەبینی, کەمێ زیاتر چومە پێشەوە تا لەکۆتاییدا بەتەواوی چوومە پێشەوە ئەودەم تەلەسیمێکی پێکەنیناویم لەسیمیا بەدی کرد کە دەرگایەکی زۆر گەورەی بۆ من کردەوە.
پ/ ئەو تەلسیمە چ پەیامێکی بۆ تۆ دەگەیاند؟
و/ پەیامێکی زۆر گرینگ و پەرچەمێکی شەکاوە, تۆ نازانیت بۆ من چەند بەنرخ بوو و چەندپێویست بوو.
پ/ ئەو پەیامە لەماڵەوە چۆن باسی لێکرا؟
و/لەماڵەوە پێی راگەیاندم کە ئەو ڕێگام لێ ناگرێت, بەڵام بەمەرجێ من مۆسیقا بۆ کاری چاك بەکار بهێنم, ئەو شەوە ژیانی منی زۆر گۆڕی.
پ/ تا چەند مامۆستا ولیەم پرۆڤەی پێ دەکردی؟

و/ پاش ماوەیەك لەسەر عود پرۆڤەکردن, دەستم کرد بە ئامێری ئۆکۆردیۆن نەختێ وا بەباشی فێری بووم, دواتر ئامێری کەمان بەڵام لەکەمان لێداندا هەستم بەسەختی دەکرد.

پ/ ئەو سەختێیەت چۆن بەسەر برد؟

و/ لەلایەك مامۆستا ولیەم کتێبێکی چاپی 1961ی دامێ کە تایبەت بوو بەفێربوونە مۆسیقاوە, کەتا ئێستاش پاراستوومە لەلایەکی دیکەوە خۆم کاتێکی یەکجار زۆرم بۆ مۆسیقا لێدان تەرخان دەکرد, رۆژانە هەشت سەعات مۆسیقام لێدەدا, دوای ئەوەش پشتگیری ماڵەوەم هەرگیز لەبیر ناچێ لەهاندانم بەتایبەت کاکی گەورەم.

پ/ پەیوەندییەکانی تۆو ولیەم چ رۆڵێکی هەبوو لەناساندنی تۆ بەهونەرمەندانی دیکەی ئەو سەردەمە , بەتایبەت تیپی مەولەوی کەرۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەو سەردەمەدا؟

و/ زۆرجار لەگەڵ مامۆستا ولیەم لەماڵەوە مۆسیقامان لێدەدا. دواتر بەئەندامانی "مەولەوی" تێکەل بووم و پەیوەندیم لەگەڵیاندا هەبوو, لەوانەهونەرمەندان: حاتەم سەعید, نەجاتی عەبدە بەهجەت رەشید و زایر کۆیی. لەو پەیوەندی و دانیشتنانەدا توانیم سەرنجی ئەوان بەلای خۆمدا رابکێشم, شێوەی مۆسیقا لێدانەکەی من بەلای ئەوانەوە پەسەند بوو.

پاش ماوەیەك داوایان لێکردم لەئاهەنگێکی نەورۆزدا لەگەڵ ئەواندا مۆسیقا لێبدەم, لەو ئاهەنگەدا بەڕای خۆم هیچم لەوان کەمتر نەبوو, ئەم هەستەم لەو ئاهەنگەدا بەڕای خۆمەوە گرینگ بوو. لەلایەکی دیکەوە بۆمن زۆری گەیاند کەبتوانم لەگەڵ مەولەوی مۆسیقا لێبدەم ئەویش خاڵێکی گرینگی دیکە بوو لەژیانی مندا.

* * *

پ/ بەدەر لەمۆسیقا و گۆرانی مەولەوی هیچ چالاکیەکی دیکەی لەبوارەکانی دیکەدا هەبوو؟ بۆ نموونە شانۆ؟

و/ کاری سەرەکی مەولەوی شانۆ نەبوو, بەڵام هەندێ لەئەندامانی تیپەکە لەشانۆدا کاریان دەکرد, بۆ نموونە قادر دیلان لە "مەم و زین"دا کاری کردووە ئەو شانۆنامانەی لەدوای شۆڕشی 14 گەلاوێژەوە پیشکەش دەکران زۆر لەئەندامانیتیپی مۆسیقای مەولەوی تیادا بەدی دەکران.

پ/ حەز دەکەین بگەینە سەر ئەنجامێك کەتیادا بتوانین بەرهەمەکانی مەولەوی هەڵبسەنگێنین, ئەورۆ تۆ شارەزاییەکی باشت لەبواری مۆسیقاو گۆرانی کوردیدا هەیە, هەوڵ بدە بچۆرە دواوەو چاو لەبەرهەمەکانی مەولەوی بکە, هەوڵ بدە بەرهەمەکانی ئەو سەردەمەی ئەوان هەڵبسەنگێنە؟

و/ ئەو سەردەمە تیپێ هەبوو بەناوی (مەولەوی) ئەمە راستیەکی روونە هیچ تەوژمێ ناتوانێ ئەو راستیە رەت بکاتەوە مەولەوی ئەستێرەیەکی گەش بوو بەنێو چاوانی ئاسمانی شینی میللەتێکی بێبەش لەزۆر شت, مەولەوی بەڕای من گەوهەرێك بوو تا دەهات دەردەوشایەوە تا ئێستاش ئێمە ناتواین ئەو رۆڵەی کە ئەو دەم ئەوان بینیویانە نکۆڵی لێبکەین مەولەوی هەموو زادی ئەو خەڵکە لەو رۆژنەدا من ئەوڕۆش کەتەماشای

ئەو بەرهەمانە دەکەم و لیَی ورد دەبمەوە بەبەردی بناغەی مۆسیقای کوردی دادەنێم, مەولەوی بناغیەکی داناو دواتر شەپۆڵەکانی دی, جوڵانەوە هونەرییەکانی تر بەدوایدا هاتن, شایەنی سەردەمی خۆیەتی کەبڵێین مەولەوی لەو تەمەنە کورتەی خۆیدا دەروونی مرۆڤی کوردی کردەوە جیهانێکی بەرووی مۆسیقا, گۆرانی , هونەرمەندی کوردو ئاوازی کوریدا کردەوە, مەولەوی ئەوەی دووپات کردەوە کەتواناو وزەی ئەوتۆمان هەیە کەبتوانێ کارامانە ئاواز بۆ شعرە کوردییەکانیش دابنێ.

بێگومان هەموو شتێ, بەرهەمێ پێویستی بەبارودۆخێکی لەبارو شیاو هەیە بارودۆخێ کەبتوانێ پێداویستیەکانی هونەری گۆرانی و مۆسیقا برەخسێنێ و گەشە بەروحی ئەو هونەرە بدات.

مەولەوی لەو تەمەنە کورتەی خۆیدا و بەو پێداویستیە کەمانەی کەلەبەردەستیدا بوو توانی کاری زۆر بکات, کارێکی پتەو, رۆشن و بەپێز کەشوێن پێی لەمێژووی هونەری کوردیدا هەمیشە دیارە.

پ/ چۆن باسی کارتێکردنی ئەدەبی بێگانە بەسەر ئەدەبی کوردییەوە دەکرێ , ئاواش باس لەکارتێکردنی مۆسیقای بێگانە بەسەر مۆسیقای کوردییەوە دەکرێ. هەموو دەمێ کە مۆسیقای کوردی شی دەکەینەوە , باس لەخەسڵەت و ناوەڕۆك و شێوەکەی دەکەین, باس لەو کارتێکردنەش دەکەین.

ئایا بەرهەمەکانی مەولەوی لەژێر کاریگەری مۆسیقای عەرەبی , تورکی یا فارسیدا نەبوو؟

و/ هەندێ جار زۆر پرسیاری سەیر دێتە ئاراوە من لێرەدا ئەم مەسەلەیان بەم شێوە بۆشی دەکەمەو:

مۆسیقا و گۆرانی کوردی تا ئەو سەردەمەش هەر فۆلکلۆری بوون, گۆرانییەکان لەسەر شێوازی میللی بوون. وەك هەموو دەزانین کوردستان وڵاتێکی پارچە پارچە کراوە, وڵاتە داگیرکەرەکان هەمیشە هەوڵێکی بێ سنووریان داوە بۆ ئەوەی شارستانیەتی خۆیان (بەهەموو لقەکانییەوە) بەسەر کوردا بسەپێنن, لەسوریاو عێراق شارستانیەتی عەرەبی, لەتورکا شارستانیەتی تورکی و لەئێرانیشدا فارسی, بمانەوێ یا نەمانەوێ ئەوە واقیعی ئێمەیە, هەر نکۆڵییەك لەو راستیە بەراستی نازانم. زمان, ئەدەب, کولتوور, مۆسیقایخۆیان, ...هتد بەسەر کورددا زاڵ کراوە, تەنانەت بەشێکی یەکجار گەورەی ئەو رۆشنبیرییەی کەهەمانە رۆشنبیریەکی عەرەبی, تورکی, یا فارسیە, هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کەهەموو ئەو بەرهەمانە, کتێبانە بەو زمانانە نوسراوە بۆیە تەنانەت هەندێ لەئاوازە نوێکانیشمان کاریگەری مۆسیقای ئەو وڵاتانەی بەسەرەوەیە, بەراستی ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە هەیە.

پێداویستییەکانیئەو لێکۆڵینەوەیە: بەڵگەی مێژوویيو زانستيیە, مەبەستی لێکۆڵینەوەکە: جیاکردنەوەی ئاوازو مۆسیقای کوردی لە مۆسیقای بێگانە. میتۆدی کارکردن: دروستکردنی لیژنەیەکی پسپۆرو لێزان لەو بوارەدا, ئەو لیژنەیە پێویستی بەوە هەیە گەڕانێکی زۆر بەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا بکات و دەست بکات بە کۆکردنەوەی هەموو گۆرانی و ئاوازەکان و دواتریش دەست بکەن بە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان لەسەر ئەو بەرهەمانە, بڕیاری ئەو لیژنەیە دەبێتە سەنگی مەحەك لەم بوارەدا, لەبەر رۆشنایی ئەو بەرهەمە کوردییە مۆسیقایەکی کوردی رەسەنە یا مۆسیقایەکی فارسی یان عەرەبییە.

لەوانەیە ئەو بەرهەمەی ئەوڕۆ بەفارسی دەزانین , لەبنەڕەتدا کوردی بێ , ئێمە ئەگەر بتوانین راستی ئەو قسانە بسەلمێنین, ئەو کاتە باسی ئەو کارتێکردنە بوونی نابێ, یا وەکو ئەوڕۆ نابێ , یا لەوانەشە کارەکە بەپێچەوانەوە بێ, من ناتوانم لێرەوە بڕیاری ئەوە بدەم, زۆرجار ووشەیەکی دیاری کراو رەت دەکەینەوە یا نامانەوێ بەکاری بهێنین چونکە بەفارسی دەزانین, بەڵام کێ دەڵێ ئەو ووشەیە فارسی‌یە, بەڵگە چی‌یە؟

لەم بوارەدا پێویستمان بە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە کە بتوانێ رەکی ووشە بدۆزێتەوە. شتێکی ئاشکرایە کە ئێمە و میللەتەکانی دراوسێمان مێژوویەکی هاوبەشمان هەیە, هیچ نەبێ لەهەندێ بواردا, بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە کورد میللەتێکی زۆر کۆنە لەم ناوچەیەدا زۆر لەسەرچاوەکان راستەوخۆ ناڵێن کوردستان یا خوارووی کوردستان بەڵکو دەڵێن لەباکووری عێراقدا یا لەعێراقدا کۆنترین کەوانی ئامێری ژێدار دۆزراوەتەوە, ئەمە بۆخۆی هێمای شتێکی بەنرخە. لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر ئەم راستی‌یە شتی پر سوودی بۆ هونەری کوردی تێدایە. زیاتر لەم بارەیەوە دەتوانم بڵێم, کەهەندێ لەسەرچاوەکان "زەریاب" بەکورد دەزانن و پێیان وایە لەناوچەی "موسڵ"دا ژیاوە ئەم شارەش راستە ئێستا خەسڵەتە دیموگرافییەکەی گۆڕاوە و بەعەرەب کراوە بەڵام لەبنەڕەتدا شارێکی کوردنشین بووە, یا "عەبدوالقادر مەراغەیی" یا "سەفائەدینی ئەرمەوی" یا "کیندی" یا "فارابی" ....هتد زۆر لەسەرچاوەکان گەواهی ئەوە دەدەن کەئەوانە لە کورستاندا ژیاون, واتە کورد بوون, چونکە مرۆڤی جاران لەوڵاتی خۆی و لەسەر خاکی خۆید دەژیا, رەنگە لەپرسیارەکانیش دوور کەوتبێتمەوە بەڵام پێم خۆشە ئەوە بڵێم ئێمە وەکو کورد کەسمان نەبووە, مێووژوەکەمان بنووسێتەوە لەوەش گرینگتر ئەوەیە ئێمە قەوارەیەکی سیاسیمان نەبووە ئەو مێژووەمان بۆ بپارێزی و بەرگری لێبکات, چۆن لەبواری سیاسیدا بێ قەوارە و بەش خوراو بووین بەهەمان ئەندازەش لەبواری هونەر و ئەدەبدا بەش خوراو بووین.

پ/ رەنگە لەبواری ئەدەبدا مەسەلەکان زۆر زەقتر دیاربن, زۆر بەرهەمی کوردیمان هەیە کەشکی تیادا نیە بەرهەمی کوردین و تائێستاش شوێنەوارەکانیان لە کوردستاندا ماون. بەڵام دەوڵەتەکانی دراوسێ یا داگیرکەر لەرێگەی دەزگاکانی خۆیانەوە قەناعەتی تەواویان بەمیللەتەکەی خۆیان هێناوە کە ئەوانە بەرهەمی کوردی نین یا..

و/ منیش پێم وایە, زۆر حیکایەت و چیرۆکی کوردیمان هەیە کە وڵاتەکانی دیکە زەوتیان کردووە و بەموڵکی خۆیانی دەزانن و دەیەها بەڵگەشی بۆ دروست دەکەن. زۆر جار بەڵگەکان لاوازن بەڵام دەوڵەتێك لەپشتی ئەو بەڵگانەوەیە, بەکتێب, بەرۆژنامە, دەزگاکانی راگەیاندن پشتگیری لەو بەڵگانە دەکەن, ئێمەی کوردیش زۆرجار بۆمان نیە قسە بکەین ئیدی چۆن بتوانین باس لەکەلەپوری کوردی بکەین بەدەر لەمانە مرۆڤی کوردیش وەکو هەموو ئەوانی دیکە کە لەم ناوچەیەدا ژیاوە دوو چاو و دووپێ و یەك مێشکی هەبوو, ئیدی بۆ ئەوان بتوانن حیکایەت و کولتوریان هەبێ بۆ کورد نەیبێ؟

پ/ لێکۆڵینەوەی ئەو شتانە ئەرکی کێیە؟

و/ من و تۆ هەموو مرۆڤێکی کوردە.
پ/ تۆ رامان دەکێشیتە بوارێکی دیکەوە ئەویش بواری ئەدەبە کە شتەکان بۆ هەمووومان زۆر زەقترو روونتر دیارە, لێرەدا باس لەوە دەکرێ چۆن دەست بەسەر سامانی نەتەوەیی میللەتێکدا دەگیرێ "شیرین و فەرهاد" لە ئەدەبی ئێراندا هەمیشە وەکو بەرهەمێکی فارسی و کەلتوری فارس ناو دەبرێ, فارسەکان کتێبیان لەسەر نووسیوە, بەرگری لێ دەکەن...هتد , مێشکی فارسەکان پر بووە لەم شتانە ئەوان تەنانەت بۆ جارێکیش بێ گوێیان لەتێزێکی دژ بەتێزەکەی خۆیان نەبووە, کتێبێکی کوردییان نەدیووە دژ بەوە بۆیە زۆر زەحمەتە قەناعەت بەنەتەوەی سەر دەست بکەیت, ئەمە لەکاتێکدا تا ئێستاش شوێنەواری ئەم حیکایەتە لە کوردستانە دوای 150 ساڵی دیکە کە تەواوی کرماشان ببێتە عەرەب (وەکو موسل) ئیتر زۆر زەحمەتە دەبێ بڵێیت کرماشان بەشێکە لە کورستان, ئەمڕۆ کەس موسل بەبەشێك لەکوردستان نازانێت بەڵام بەر لەچەندین ساڵ وانەبووە ئەمەش بۆ قەوارە سیاسیەکەو نرخیی هۆشی نەتەوایەتی کورد دەگەڕێتەوە.
و/ بەڵێ. زۆرجار خۆم ئاوازەکانی کامکارەکانم بەرگوێ دەکەوێ لەئیزەگەکانی ئێرانەوە, ئەوان بەناوی کەسانی دیکەوە بڵاوی دەکەنەوە, بەڵام تۆ چۆن دەتوانی بەرگری لەخۆت بکەیت, من چەندین جار گوێم لەئاوازەکانی خۆم بووە لەژێر ناوی یەکێکی دیکەدا و نەشم توانیوە هیچ بڵێم, من کە نەتوام بڵێم کوردم و هونەرەکەم جیاوازە لەهونەری عەرەبی و فارس و تورك, ئیدی چۆن دەتوانم مافی خۆم بسێنم.
نموونەیەکی دیکە ئاوازەکانی عەلی مەردانە, یا ئاوازی گۆرانییەکانی ئەو لەئێزگەکانی تارانەوە بڵاو دەکرێنەوە و بەفارسی لەقەڵەم دەدرێت, ئاوازەکانی تیپی سلێمانی بەفارسی لەقەڵەم دراون و لەوێوەوە بڵاو دەکرێنەوە وەناڵێن تەنانەت میلۆدیەکی کوردیە.
پ/ ئەی سەبارەت بەمافی هونەرمەندی کورد لەخۆی کوردستاندا دەڵێی چی؟
و/ لە کورستانیشدا نەپارێزراوە, دوای ژانێکی سەخت بەرهەمێ لەدایك دەبێ, دوای چەند رۆژێ هەزارەها دانە لەو بەرهەمە کۆپی دەکرێ بەبێ ئەوەی ئەو هونەرمەندە بتوانێ داکۆکی لەمافی خۆی بکات!
پ/ ئەمجارەیان لەباسەکەمان دوورکەوتینەوە, با بگەڕێینەوە سەر مەولەوی و کارتێکردنی مۆسیقای بێگانە.
بەرهەمەکانی ئەو تیپە لەکارتیکردن بەدەر نەبوون, کاریگەری مۆسیقای عەرەبی و تورکی بەسەریانەوە هەبوون, هۆکەشی ئەوە بوو کەهەندێ لەمامۆستای ئەو کەسانەی لەتیپی –مەولەوی– دا کاریان دەکرد تورك یا عەرەب بوون, ئەوان وانەکانیان لەسەر شێوازی تورك دەوتەوە, ئەمە لەلایەك, لەلایەکی دیکەشەوە هەندێ لەگۆرانیبێژەکان لە ژێر کاریگەری مۆسیقاو مەقامی تورکی‌دا بوون. ئەمانەش رەنگیان لەسەر سروودە کورییەکان دابۆوە. ئەگەر گوێ بۆ ئاوازی دەست و پەنجەکانی قادر دیلان رادێری کە بۆ – حمە ساڵح دیلان– ی لێدەدا, ئەوە بەتەواوی گوێت لەشێوازێکی تورکی دەبێ تا کوردی, بەڵام بەشێوەیەکی گشتی مۆرکی مۆسیقای عەرەبی بەسەر ئەو بەرهەمانەوە زاڵ بووە.

پ/ تۆ بڵێی مۆسیقای کوردی لەسەر هێڵ و ئیقاعێکی ئەو تۆ بێ کە هەر خێرا بووەوە لەتورکی نزیک بێتەوە, یا هەر ئاوازێ کە ئیقاعەکەی تۆزێ خاو بووەوە لەفارسی بچێ؟

و/ من ناتوانم لێرەوە ئەو بڕیارە بدەم, دەبێ ئەو لێژنەیەی کەباسمان کرد ئەو بڕیارە بدات. من بەلامەوە ئەوە گرینگە کە بڕیارێکی ئەوتۆ لەسەر بنەمایەکی زانستی – مێژوویی– بێ. یەکێ لەو هەوڵانەی کە لەم دواییەدا دران, تێزێ بوو یەکێك لەقوتابیەکانم بەناوی عەبدوڵڵا جەمال لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا پێشکەشی کرد. بابەتەکەی لەسەر مۆسیقاو گۆرانی کوردی بوو, ئەو لەوێدا باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆری کردبوو, بۆ نموونە گۆرانییەکان, گۆرانیبێژەکان ئەو ناوچەیەی کە گۆرانیەکانی تیا ووتراوە.. هتد.

ئێمە زیاتر پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی ئەوتۆ هەیە کە لایەنی پەروەردەیی و دەروننا‌سی لەمۆسیقای کوردیدا شیبکاتەوە.

پ/ قۆناغێکی نوێ کە لەژیانی –ئەنوەر قەرەداغی– دا دەستی پێکرد. قۆناخی نزیك بوونەوە لەمەولەوی, تۆ چۆن لەوتیپە نزیك بویتەوە؟

و/ لەساڵی 1964 لەخانەی مامۆستایان بووم. بڕیاڕ هات کە کۆمەڵێ قوتابی بۆ بەشداری کردن لەئاهەنگی نەورۆز لە دێی( کرژە)ئامادە بکەین, من یەکێك بووم لەو قوتابیانەی کە دواتر کاك قادر کوردی لەماڵی رەحیم رەمەزان پرۆڤەی پێدەکردین, هەندێ لەو سروودانەی لەبیرمن: ئەی رەقیب, سلاو لەپارتی, ساڵێکی دی واهاتەوە و پێشمەرگەین بەهەڵمەتین. دواتر ولیەم یۆحەننام بینی و ئەوەم پێ راگەیاند کە خەریکە سرود و هەڵپەرکێم بۆ بەشداری کردن لەو ئاهەنگە. ئالێرەدا ئەو یەك رستەی پێ ووتم کە رێرەوەی ژیانی گۆریم:
(( تۆ لەگەڵ خۆمانا مۆسیقا لێبدە)).

من سرودەکانم بە مۆسیقاکەشەوە باش دەزانی, ولیەم بە ئەندامانی تیپەکەی راگەیاند کە من لەگەڵیاندا مۆسیقا لێدەدەم.

کاتێ لەگەڵ –مەولەوی–دا دەستم بە مۆسیقا لێدان کرد, هەستم بەتوانای خۆم کرد. ئەو دەمە من دەمتوانی هاوتەریب لەگەڵ ئەواندا مۆسیقا لێبدەم, لەو ئاهەنگەدا هەندێ دەنگ زۆر دیار بوو, لەوانە دەنگی شمشاڵەکەی نەجاتی عەبدە, ئیقاعەکەی حاتەم سەعید, عودەکەی حازم حەداد, کەمانەکەی بەهجەت و رەشید و هادی عەنبەر, ئەوکات منیش –کەمان–م لەگەلیاندا لێدەدا, نوری وەشتی مایکرۆفۆنێکی لەنزیك منەوە دانابوو. ئێستاش ئەو کاسێتەم بۆ یادگاری هەڵگرتووە.

بەهەرحاڵ, لەگەڵ نەرمە بارانێکی بەهارانەدا کەجار وبار زەوییەکەی تەڕ دەکرد. ئێمە هەموو هەڵپەرکێ و سردوەکانمان خستە روو, من ئەو بەرهەمانە بە بەرهەمێکی زۆر سەرکەوتووی دەزانم, سەرباری ئەوەش خەڵکێکی زۆر ئامادە ببوون, لەوانە هەڤاڵ ( مام جەلال ) کەمن یەکەم جار بوو بیبینم.

پ/ ئەو سەردەمە تۆ بەچ نیازو چ هەستێکەوە گۆرانی یا سرودت دەووت؟

و/ لەو سەردەمەدا هەستی نیشتیمان پەروەری زۆر لەبرەودا بوو من کە سرودی "ئەی رەقیب"م دەووت وام دەزانی تەقەیەکم لەدوژمن کردووە. ئەو دەم پێشمەرگە قەلایەك بوو مەزن، زۆر مەزن.
دوا بەدوای ئەو ئاهەنگە کەمن بەسەرەتایەکی دەزانم بۆ نزیك بوونەوەم لەمەولەوی , نەجاتی عەبدە خۆشحاڵی‌ی خۆی بۆ دەربڕیم بۆ ئەوەی لەداهاتوشدا لەگەڵیاندا کار بکەم، ئەڵبەتە منیش ئەو کارەم پێخۆش بوو. هەر زۆر زوو من ئەو خۆشحاڵییەم کرد بەرازی، بەپرسیاری، بەڕستەیەك لەبەردەم دوو گوێ‌ی مامۆستا –ولیەم یۆحەننا–دا چونکە دەمزانی‌مامۆستا ولیەم لەهەموو قسەیەکدا رێنماییەکی دەکردم کەتیایدا مەبەستی بوو. ئەو مەبەستە لای من پیرۆز بوو، شتێ بوو بەنرخ . من لەکۆدی ئەو قسانە تێدەگەیشتم:
(بەهیچ لایەکدا نەچی تاخۆم پێت دەڵێم"
ئەم رستەیەی مامۆستا ولیەم وەڵامی بوو بۆ پرسەکەی من. یەکەم جار دوای ئەو ئاهەنگە لەماڵی مامۆستا ولیەم کۆبووینەوە لەوێندەرێ خەریکی ووتنەوەی گۆرانییەکانی مەزهەر بووین، ئەم جارە کەمن مۆسیقام لێدەدا تەنها نەجاتی عەبدە بوو لەگەڵما دەهات، ئیتر لای من روون نەبوو بۆ تەنها ئەو، ئایا مەبەستیان تاقیکردنەوەی من بوو یا شتێکی دیکە بوو، ئەو بەرهەمە لەلای نوری وەشتی بەتۆمارکراوی پارێزرا بوو. بەهەر حاڵ ئەو جارە بۆ من پاڵ پێوەنەری بوو کەزیاتر پاڵی پێوە نام خەریکی مۆسیقا بم. بەڵام ئەوەی روویدا دواتر ئەوە بوو کەمن لە نۆتە بێزار بووم. ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێ نرخی نۆتە خستەسەر تەرازوو، دەبێ نۆتە چی بێ تا ئەوەندە بایەخی پێبدەن، پێم خۆش نەبوو مۆسیقا لەسەر نۆتە لێبدەم چونکە پەنجەکانم بەئاوازەکان راهاتبوون.
زۆری پێ نەچووبرادەرێکم "جەلیل مستەفا" ناوێ ئەم وەڕەسبوونەی منی بە مامۆستاولیەم راگەیاند , گوێکانم ئەم قسانەی مامۆستاکەمی پێدا تێپەڕی:
(( تەنها نۆتەکەت بۆ دەمێنێتەوە، نابێ پشت گوێ‌ی بخەیت ئەگەر نا لێت زویر دەبم)).
من سیحری ئەو رەمزانەم لەلا روون نەبوو. دەبێ بەنرخی‌ی نۆتە لەچیدا بێ؟
بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە یەکلا بکەمەوە دەستم کردەوە بەنۆتە، هێدی هێدی شتەکانم لەلا بەرجەستە بوو خۆشەویستی نۆتە لەلام چەکەرەی کرد. لەپۆلی یەکەمی خانەی مامۆستایان بووم لەگەڵ مامۆستا –ولیەم–دا لەیەك کتێبدا پرۆڤەمان دەکرد، من وهونەرمەند زاهێر کۆیی ومامۆستا ولیەم تا ئێوارە لەسەر هەندی کتێبی مۆسیقا پرۆڤەمان دەکرد. لەماڵی ئەوانیش نانمان دەخوارد و بەدرێژای رۆژەکەش ناو بەناو دۆمان دەخواردەوە.
پ/ ئەی قادر دیلان چی بەسەرهات؟
و/ لەگەڵ دەست پێکردنی مندا قادر دیلان بەرەوهەندران رۆیشت مەولەوی زۆر ئاهەنگی بەبێ دیلان زۆر بەسەر کەوتوویی بۆ بەسەر نەدەچوو. بەڕای من دیلان دینەمۆی ئەوتیپە بوو، بەنەمانی ئەو ژیانی ئەو

تیپەش لەنێوان مان و نەماندا بوو, هەڵبەتە داخستنی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانیش لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی کاریگەری خۆی هەبوو, بەڵام ئەوە هۆیەکی سەرەکی نەبوو.
پ/ چ جیاوازییەك هەبوو لەمەولەویدا بەدیلان و بەبێ دیلان خودی مۆسیقای کوردی لەو تیپەدا چ رۆلێکی هەبوو لەدوای ئاوابوونی دیلان؟
و/ دوای دیلان ئەندامەکانی مەولەوی لەماڵان کۆ دەبوونەوەو مۆسیقایان لێدەدا, بەواتایەکی دیکە مۆسیقاو گۆرانی وازی لەکارە کۆمەڵایەتیەکەی هێناو تەنها بۆ خۆشی بەکار ئەهێنرا.
دوای ئاهەنگی نەورۆزی 1964 کەمن لەگەڵیاندا کەمانم لێدەدا, لەوە بەدوا من هەستم دەکرد کەهیچی نوێ لەو تیپەوە فێر نابم.
پ/ ئەگەر مەولەوی بەو قۆناغەدا نەڕۆشتایە, ئایا تۆ لەگەڵیاندا بەردەوام دەبووی؟
و/ لەو بڕوایەدا نەبووم. چونکە لەو کاتەدا کۆمەڵێ هاوڕێ و دۆستم کۆ کردبۆوە کە زۆر باشتر لەیەك تێدەگەیشتین, بەقرچەی گەرما بەدوایاندا دەچووم و کۆم دەکردنەوە بەمەبەستی ئەوەی لەکاتژمێری یەك تا شەشی ئێوارە لەهۆڵی قوتابخانەی –پێشکەوتن–دا مۆسیقا لێبدەین, هەندێ لەو دۆستانەم : خالید سەرکار, فرەنسیس داوود,حەمەحوسەین(تاتە), حوسەین ساڵح, جەمال شادان, سەربەست محمد, مامۆستا مستەفا و سەردار ئەحمەدو.....چەندینی تر.
پ/ لەو قۆناغەدا بیرتان لەوە دەکردەوە کە تیپێ بۆ خۆتان دابمەزێنن؟
و/ نا. زیاتر حەزمان بەوە دەکرد کە کۆببینەوەو بۆ خۆمان مۆسیقا لێبدەین.
پ/ پێشتر باسمان لەدینەمۆی مەولەوی کرد, باشە دینەمۆی ئەم کۆمەڵە لاوە کێ بوو؟
و/ من ئەو کارەم دەکرد, لەماوەی یەك کاتژمێردا هەمووم کۆدەکردەوەو یەکسەر دەستمان بەکار دەکرد, ئەو کۆبوونەوانەی ئێمە بەهیچ شێوەیە جێگەی سەرنج نەبوو بۆ مەولەوی, هەتا م.–ولیەم یۆحەننا–ش ئاگاداری ئەو سەرەتایانە نەبوو. ئێمە بەهۆی کۆبوونەوەکانی خۆمانەوە کەسانی دیکەشمان ناسی, لەوانە : شەوکەت رەشید, نەجمەدین خەیات, ماجد خەیات,عەزۆلە, ئەو بەرهەمانەی ئەو سەردەمەمان تا ئێستاش هەر ماون.
پ/ لەو کۆبوونەوانەی خۆتاندا هیچ سودێکت لەمەولەوی بینی, مەبەستم بەڕێوەبردنی کۆمەڵێ هونەرمەندی زۆر؟
و/ نەخێر چونکە من لەخولیای دامەزراندنی تیپدا نەبووم. هەموو شتەکان زادەی بیری خۆم بوون و دەم ویست شتێ بکەین.
پ/ کەی کەوتنە خولیای تیپ دروست کردن؟
و/ مەکی عبدوڵلا بەتەمای تۆمارکردنی فیلمی سینەمایی "ڕەهێڵە" بوو. رەهێڵە هەندێ گۆرانی و مۆسیقای تیا بوو. مەکی هەڵبەستی گۆرانییەکانی دایە من بۆ ئەوەی ئاوازی بۆ دابنێم, ئەم کارە جێگەی سەرنج بوو بۆ من, لەناخی خۆمدا پرسیارم دەکرد:

بۆ داوای لەمەولەوی نەکرد و بۆ لەمن؟
مەولەوی لەبەر چاوی من ئۆرکێسترایە بوو, ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە مەکی پێی راگەیاندم کە رەهێڵە بەغدا بەیارمەتی "ئەحمەد خەلیل" تۆمار دەکرێ .. .. هتد ئەم قسانە بوونە خاڵێکی وەچەرخاندن لەمێشکی مندا, کۆمەڵێ پرسیارم لەخودی خۆم کرد. تاکەی پەنا بۆ هونەرمەندە عەرەبەکان ببەین بۆ تۆمار کردنی بەرهەمە کوردییەکان؟ بۆچی بەدەست و پەنجەی هونەرمەندە کوردەکان مۆسیقا بۆ بەرهەمەکەنمان لێنەدەین؟
-(( ئاواتی من ئەوەیە بەدەست و پەنجەی کورد مۆسیقای کوردی لێبدەین)) ..
ئەمەم بەگوێی زۆر لە هاورێکانمدا چرپاند.
پ/ دوای ئەوەی بیرۆکەی تیپێکی مۆسیقا بەمێشکتدا تێپەڕی بیرت لەوە نە دەکردەوە سەرۆکایەتی ئەو تیپەش هەر خۆت بیکەیت؟
و/ نە, هەرگیز.
پ/ ئێمە. مەسەلەکەی تۆو مەولەوی وا دەبینین:
مەولەوی بۆ تۆ ئەگەر دنیایەك نەبێ پڕ لەنهێنی ئەوە جیهانێکی نوێ بوو بەرووی تۆدا کرایەوە, بەڵام پاش ماوەیەك تێکەڵاو بوون بۆت دەرکەوت کە ئامێزی مەولەوی چیتر ئەو باوەشە گەرمە نیە کە چاوەڕێت دەکرد, ئەوەت بۆ یەکلا بووەوە کە تواناکانی تۆ زیاترە یا لەوانەیە زیاتر بێ کە لەچوارچێوەی ئەو تیپە دا بگیرسێتەوە.
و/ پاش ماوەیەك لەکارکردن و نزیك بوونەوە لەگەڵ -مەولەوی-دا ئەوەم بۆ روون بووەوە کە مەولەوی ئارەزووی من تێر ناکات, ئەو ئاوازانەی ئەوان لێیان دەدا حەزی منی تێر نەدەکرد, من شتی زیاترم دەویست, هەتا توانای خۆشم لەکۆتاییدا لەتوانای ئەوان بەزۆرتر دەزانی.
پ/ لەدانیشتەکەی دوێنێماندا باسمان لەتیپی مەولەوی کرد, هەروەها باسمان لەنزیك بوونەوەی تۆ لەو تیپە کرد, ئەوڕۆش هەر لەوێووە دەست پێدەکەین.
ئێمە کە باس لەکارتێکردنی مەولەوی لەسەر تۆ دەکەین, باس لەتەنها مەولەوی ناکەین, بەڵکو زیاتر مەبەستمان ئەوەیە ئەگەر مەولەوی هانی دابی و کاری تێکردبی بۆ بیرکردنەوە لەدامەزراندنی تیپێکی مۆسیقا, لایەنی ئیداری و دابەشکردنی کارەکانی تیپ؟
و/ نا, چۆن ئەو دەمە من ئەوەم نەدەزانی, من لەبنەڕەتدا ئەندامی مەولەوی نەبووم, تەنانەت شارەزای کارەکانیانیش نەبووم, ئەو تیپە دەبەن بەڕێوە.
پ/ کەواتە ناتوانین تۆ بەئەندامێکی تیپی مەولەوی بزانین؟
و، نە. من تەنها لەدەرەوە هاریکاریم دەکردن. تەنانەت لەتەمەنیشدا لێ یان دوور بووم.
پ/ دوای ئاوا بوونی ئەستێری گەشی مەولەوی, پەیوەندی تۆ بەو تیپەوە چی بەسەر هات؟ بەتایبەت بە ولیەم یۆحەنناوە؟

و/ پەیوەندیم نەما.. چونکە مەولەوی هەڵوەشا, مامۆستا -ولیەم یۆحنا-ش تا ئەوڕۆش وەکو کەسێکیڕۆحی وایە بۆمن, بەڵام دەشبی ئەوە رابگەیەنم کەلەسەرەتادا مامۆستا ولیەمم لەکارو کۆبوونەوەکانی خۆمان ئاگادار نەدەکردەوە.

پ/ ئەتوانین ئەمە بەسەرتایەك دابنێین بۆ دامەزراندنی تیپێکی نویێ؟

و/ لەسەرتاوە کۆمەڵە کەسانێك کۆبوونەوەو حەزی خۆیان پیێ راگەیاندم کەبریتی بوو لەدامەزراندنی تیپیێ بەناوی "تیپی خۆشی و بەختیاری", هەندیێ لەوانە: حمە جەزا صالح , انوەر تۆفیق, عەتا قەزاز و ئەکرەمی حاجی عەلی, دواتر هەندێکی دیکە هاتن لەوانە: خالید سەرکار, حمە حسین, فرەنسیس داودو هەندێکی دیکەش, ئێمە لەمالان کۆدەبووینەوە و بۆخۆمان پرۆڤەمان دەکرد. ئەو دەمەش مۆسیقای عەرەبیمان لێدەدا, بەم جۆرە "تیپی خۆشی و بەختیاری" مان دروست کرد.

پ/ ئەوەندە ئامێرتان هەبوو بەشی هەمووتان بکات؟

و/ نە. بۆیە هەندیێ جار قوتومان دەهێناو دەنگە نۆك یا دەنك نیسکمان تێدەکرد و خشەخشمان پێدەکرد بۆ ئەوەی شتیێ ببەخشیێ بە مۆسیقاکانمان وەك ریتم.

پ/ ئەی گۆرانیبێژ؟

و/یەکێکمان لەگەڵ بوو لاسایی مەزهەریخالقی دەکردەوە, عەتا قەزازیش گۆرانیەکانی (فەهەد بەللانی) عەرەبی, کوردی, دەگوتەوە, هەروەها هەندیێ گۆرانی دیکەشی دەووت, -ئەنوەر توفیق- یش هەندیێ گۆرانی ناوچەی سلێمانی دەووتەوە.

پ/ تیپی خۆشی و بەختیاری چەند بڕی کرد؟

و/ ئەوەندە بڕی کرد. ناکۆکی کەوتە نێوان ئەندامەکانەوەو زۆری نەبرد ئاشبەتاڵمان لێکرد.

پ/ ئەی ئەو کۆمەڵە لاوە بەرەو کویێ ملیان نا؟

و/ هێشتا بلاوەمان لیێ نەکرد بوو هەندیێ کەسی تازەو ئامێری تازە رووی تێکردین وەکو کلارنێت, جومبوش, زەرب و ئۆکۆردیۆن. ئەمانە بواری تیپێکی کارکردنی بۆ زیاد کردین, ساڵی 1964 دیسانەوە لەقەوارەی تیپێکی نوێدا بەناوی "هیوا" کۆبووینەوە. ئێمە هەر هەمان تاقمیش کە بەرۆژ لەچالاکی قوتابخانەکاندا کارمان دەکرد, حەزمان دەکرد سود لەبوار و شتەکانی ئەوانیش وەربگرین.

پ/ کارەکانتان تەنها بریتی بوو لەمۆسیقا لێدان یا ئاوازی خۆشتان دادەنا؟

و/ جاران و لەسەرەتای -هیوا-شدا تەنها مۆسیقامان لێدەدا, تواناکانمان تا دەهات باشتر دەبوو, لەم قۆناغەدا گوێمان لە گۆرانییەکانی ئوم کەلسووم دەگرت و خۆمان نۆتەکانمان دەنووسیەوە بۆ ئەوەی سبەینیێ لەتیپ پرۆڤەی لەسەر بکەین جار جاریش سوکەڵە ئاوازم دادەنا.

پ/ لێدانی مۆسیقای گۆرانیەکانی ئەو خانمە ئەوەندە گرینگ بوو بۆ ئێوە؟

و/ گرینگ بوو بتوانی ئەو مۆسیقایە بەباشی لێبدەی, چونکە چاکترین مۆسیا لێدەرە عەرەبەکان (یا میسریەکان) ئەوانە بوون کە مۆسیقیان بۆ ئوم کەلسووم لێدەدا. ئێمەش دەمانویست تواناکانی خۆمان تاقیبکەینەوە , بەڵام دواتر هەنگاوێکی دیکەمان نا.

پ/ چۆن؟

و/ شاندێکی ئێزگەی کوردی بەغدا گەشتنە سلێمانی لەهەمان کاتیشدا چەندکەسیکی بەرپرس کە هەر لەئێزگە بوو هاتن بۆ سلێمانی بۆ تۆمارکردنی هەندێ چاوپێکەوتن لەو کاتەدا من یەکەم مۆسیقای خۆم بەناوی "کوێستانم خاڵ خاڵ" دانا, ئەوەیان بەدڵ بوو لەگەڵ خۆیان بۆ ئێزگەی کوردی بردیان و رۆژێ چەند جار لێیان دەدایەوە. جار جار ئەوان سەریان ئەدایین.

ئەمە پاڵی پێوە ناین کە هەنگاوێکی دیکەش هەڵبهێنیین, ئەویش بیرکردنەوە لەتۆمارکردنی هەندێ گۆرانی کوردی, ئەم کارە زۆری نەبردو هاتەدی. کۆمەڵێ گۆرانی فۆلکلۆریمان تۆمار کرد, وەکو: گیان ئەزیزەکەم, مالە گولێ و کابوکێ, ئەم بەرهەمانە بەناوی تیپی –هیوا– وە تۆمار کران.

پ/ئەم کارە چی دەگەیاند بۆ ئێوە؟

و/ بۆ ئێمە زۆر گرینگ بوو, زیاتر هانی دەداین, زۆر خۆش بوو کەبەرهەمی خۆمان لەرادیۆ لێدەدرێتەوە و هەموو خەڵك گوێ بیستی دەبن, من بۆ خۆم زۆر جاری دیکەش هاتوو چۆی بەغدام دەکرد, سەر ئەنجام هەندێ مۆسیقای خۆشم تۆمار کرد, مۆسیقای کوێستانانم لەگەڵ کوێرەکانی ئێزگەی بەغدا تۆمار کرد.

لە ئێزگە عەلی مەردان و محمد قەدری و کۆمەڵێکی دیکەم ناسی, من نۆتەی مۆسیقاکەم نووسیەوە بۆ ئەوەی لەئێزگە تۆماری بکەم, بەڵام تیپی ئێزگە هەموویان کوێر بوون, تەنها یەك کەسیان چاو ساغ بوو, بەرهەر حاڵ کارم لەگەڵدا کردنو تۆمارم کرد, بۆ رۆژی داهاتوو مۆسیقای "شەپۆڵ"م تۆمار کرد و بۆ سلێمانی گەڕامەوە, ئەم کارە بۆ من زۆر خۆش بوو. هەر بەو هۆیەشەوە خەڵکێکی زۆرم ناسی لەبەغدا و کەرکوك و هەولێر و کۆیە, لەوانە شەوکەت رەشید, ئەنوەر تایر, قادر مەردان, محمد رەزا و کۆمەڵێ لە عەرب و لەتورکمانەکانیش.

پ/ با لەوە بگەڕێین جارێ. باسی کەش و هەوای –سلێمانی–م بۆ بکە؟

و/ لە سلێمانی لەچالاکی قوتابخانەکان راهێنەر بووم, دەر دەچووم بۆ قوتابخانەکان و سرودەکانم بەقوتابیەکان دەووتەوە, لەولاشەوەئامێرێکی قانونم لای نەجاتی عەبدە بەسێ دینارو نیو کڕی, بەهۆی – قانون–ەکەوە ئەسعەدی براشم کەوتە کارکردن لەگەڵماندا, حقی الشبلی (هونەرمەندی بەتوانای عێراقی) ساڵی 1967 سەردانی سلێمانی کرد و رێکەوتین کە تیپی هونەری میللی بەغدا و سلێمانی ئاهەنگێ بگێڕێ. ئێمەش توانیمان لەبەرنامەکانی ئەواندا بیست دەقەمان هەبێ. ئەوان سێ ئاهەنگیان گێرا, ئێمەش لەئامادەیی سلێمانی هەندێ بەرهەممان لێدا لەگەڵ نمایشەکەی ئەواندا.

پ/ هاتنی تیپی هونەری میللی بۆ سلێمانی چی بۆ ئێوە دەرخست؟

و/ ئێمە تا ئەوکاتە بەبیرکردنەوەی خۆمان دادەنیشتین و مۆسیقامان لێدەداو رەخنەشمان دەگرت, بەڵام کە ئەوان هاتن ئێمە تەماشامان کرد کە چۆن لەسەر شانۆ دادەنیشن, چۆن کار دەکەن یا رۆڵی سەرۆکی تیپ چیە؟ ئێمە هەوڵمان دا لەو بوارانەدا کەباسمان کرد سوود لەتاقیکردنەوەی ئەوان وەرگرین. ئەم سەردانە پەیوەندییەکانی ئێمەوتیپەکان , پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە بەغدا و ئێزگەی کوردی زیاتر کرد .

پ/ ئەم کارانە شتی بچوکن؟

و/ راستە بچوکن بەلاّم بۆ ئێمە لەهەمان کاتدا گرینگ بوون. جگە لەو ئاهەنگەش ئێمە چەندین ئاهەنگی دیکەشمان گێڕا. زۆرجار تیپی دیکەش ئامادە دەبوو. بۆ نموونە ئەو سەردەمەی من لەدێی (کەڵەکن) مامۆستا بووم, هاوینان دەگەڕامەوە سلێمانی و سەرپەرشی خولی مۆسیقام دەکردو لە کۆتاییدا ئاهەنگمان بۆ دەکردن, 14گەلاّویژ ئاهەنگێکمان بۆ نەخۆشەکان گێڕا , لەوێ تیپی مۆسیقای میلیتاری کەرکووك-یش مۆسیقی لێ دەدا. ئەم کارانە بۆ ئێمە زۆر باش بوو. دوای ئەوە بەو هۆیانەوە, مەبەستم بەهۆی ئەو ئاهەنگانەوە توانیمان تۆڕێکی پەیوەندی دروست بکەین کەدواتر زۆر سودمان لێ دەبینی.

پ/ ئێوە تەنها خەریکی مۆسیقا بوون یا خۆشتان لەکاری دیکە تێدەگەیاند؟

و/ زۆر بەدەگمەن لە ساڵی -1968-دا شانۆگەرییەك لە نووسینی ئەمینی میرزا کەریم پێشکەش کرا. ئێمەش ویستمان ئاهەنگێکی مۆسیقای لەگەڵ پێشکەش بکەین, ئەو کارە سەرکەوتوو بوو, سەرەڕای ئەوەش ئێمە لەگەڵ هەندێ هونەرمەند تێکەڵ بووین, وەکو عمر علی, نوری سمایل, ئەحمەد دەنگ گەورە و سمکۆ عەزیز و حسن تەنیا.

پ/ دەگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە تۆڕی پەیوەندییەکانتان گەورە بوو بەلاّم چ سودێکی هەبوو بۆ ئێوە؟

و/ زۆر, پاش لێدوان لەگەڵ ئەواندا هاتنە سەر ئەوە تیپێك دابمەزرێنین سەرمایەکەمان سەد دینار بوو, ساڵی 1967 تیپە کەشمان ناونا تیپی "مۆسیقای سلێمانی" ساڵی 1969ش بووە تیپی نواند و مۆسیقای سلێمانی.

پ/ یەکەم بەرهەمتان چی بوو؟

و/ شانۆگەری "سەرینی باداری" بوو, تا ئێستاش دەلیلی ئەو شانۆنامەیەم هەڵگرتووە, لەو بەرهەمەدا حمە جەزا صالح, جەمال شادان , برایم خەیات,قادر کابان بەشدار بوون.

پ/ ئێوە کە خۆتان خاوەنی توانای خۆتان بوون بۆ بەتەنیا تیپێکتان دروست نەکرد؟

و/ ئێمە وەکو ئەوان شارەزا نەبووین لەهەندێ شتا , لەراستیشدا نەماندەزانی ئەوان شارەزان یا نا , بەڵام لەوە دڵنیا بووین, کە ئێمە شارەزای بواری ئیداری و دامەزراندنی تیپ نەبووین, پێویستمان بەیارمەتی بوو, وا بزانم ساڵێ بەیەکەوە کارمان کردو دواتر جیا بووینەوە لەوان.

پ/ بۆ؟

و/ ناكۆكی لەنێوان ئێمە و ئەواندا دروست بوو بەهۆی ئەوەوە كە تایبەتمەندێتی هونەری مۆسیقا و نواندن لەیەك جیا بوون, نەدەكرا لەنزیكەوە لەگەڵ یەك كار بكەین, بۆیە جیا بووینەوەو داواكاری خۆمان بۆ دامەزراندنی تیپێكی مۆسیقا پێش كەشكرد.

پ/ لەو نێوەندەدا خۆت چۆن دەبینییەوە؟

و/ من دینەمۆیەكی چالاك بووم لە ئیشەكانی سەرەتادا من زۆر لەمۆسیقاكانم دابەش دەكرد و پێشەكیم بۆ دەنووسییەوە, ئەو دەمە لەئاستی گۆرانییە فۆلكلۆرییەكاندا كارم دەكرد و جار جاریش ئاوازم دادەنا بۆ هەندێ گۆرانی بێژی ئەو سەردەمە.

پ/ لە دانیشتنەكەی رابوردوماندا باسی رۆڵی خۆتمان دەكرد لەماوەی شەستەكاندا, بەڵام باسەكەمان تەواو نەكرد, خۆت خەریكی چی دیكە بووی, مۆسیقای خۆت یا هونەرمەندەكانی دیكە یا بۆ نموونە مۆسیقای عەرەبی؟

و/ لەسەرەتای ساڵەكانی 1963–1964 دا لاسایی ئاوازە عەرەبیەكانم دەكردەوە, هەمووشمان ئەو ئاوازانەمان هەر لێدەدا, دواتر هەوڵی ئەوەم دا ئاوازێك دابنێم. شیعرەكەشی هەر خۆم نووسیم چۆن كەسم نەدەناسی كەشیعر بنوسێ, دواتر ئاوازێكم كەباسی لەئازادی و سەربەستی دەكرد, ئەم ئاوازەم تا ئێستا لەئەرشیفەكەمدا پاراستووە, دواتر چەند ئاوازی دیكەشی بەدوادا هات, لەوانە: گوڵە مێخەك, هەوارگە, بادینان, پەپولە, شایی..هتد, لەو كاتەدا كاریگەری ولیەم یوحەنناو – قادر دیلان–م بەسەرمەوە هەبوو, ئیدی قەوانی زۆر كەوتە بازارەوە و منیش ئاستی هونەریم پتەوتر بوو یا دەوڵەمەنتر بوو, لەگەڵ برادەراندا چەندین گۆرانی فۆلكلۆریمان لەسەر ئەو جۆرە گۆرانیانەی لەگۆرەپاندا هەبوون دارێژا, ئەمە وای لێكردم بۆ یەكەم جار رویع بخەمە ناو ئۆكۆدیۆنەوە لە كوردستاندا ئەمە بۆ تیپی ئێمە زۆر بوو, بەرهەمەكانمان تا دەهات باشتر دەبوو\.

پ/ لەو سەردەمەدا دەوروبەرەكەت رایان بەرامبەر بەتۆ چۆن بوو؟

و/ هاورێكانم بروایان بەمن هەبوو, بایەخیان بەمن دەدا.

پ/ باشە هەر لەو سەردەمەدا بابەتێكی نوێ هاتە ناو مۆسیقای عەرەبییەوە ئەویش مۆسیقای درێژ بوو, عبدالحلیم حافظ و ئوم كەلسووم و قەوانی دیكە گۆرانی زۆر دوورو درێژیان هێنایە مەیدانەوە. ئێوەش لەو كاتەدا لاسایی مۆسیقای عەرەبییتان دەكردەوە. ئایا بیرتان لەوە دەكردەوە كە گۆرانی دوورو درێژ بهێننە نێو مۆسیقای كوردییەوە؟

و/ ئەی چۆن, مۆسیقای شایی چەند برگەیەكی مۆسیقای درێژی لەخۆ گرت بۆیە لەكاتی تۆماركردندا ئەركی زۆری هەبوو, بەڵام مۆسیقای یەكجار درێژی وەكو ئەو مۆسیقا عەرەبیانەمان نەبوو.

پ/ بەشێوەیەكی دیكە دەتوانم بڵێم ئێوە توانای مۆسیقای درێژتان نەبوو, چ  ئەو سەردەمەو چ ئێستاش.

**و/** وەکو گۆرانی , ئێمە ئەو سەردەمە بۆمان قبوڵ نەدەکرا, یا "ئیستیعاب" نەدەکرا, ئێمە ئەوەمان بەتایبەتمەندێتی مۆسیقای عەرەبی دەزانی نەك کوردی, ئەو دەمە بیرمان لەوە نەدەکردەوە دەقاو دەق لاسایی ئەوان بکەینەوە, بەڵام سودمان لەقوتابخانە عەرەبی , فارسی و تورکییەکان وەردەگرت, هەر لایەنێکی پوخت بوایە سودمان لێ وەردەگرت.

**پ/** ئەی گۆرانی بیانی؟

**و/** زیاتر گوێمان لەمۆسیقای جاز دەبوو. گوێمان لەهەندێ گۆرانیش دەبوو, ئێمە نۆتەی هەندێ لەو بەرهەمانەمان دەنووسییەوەو مەشقمان لەسەر دەکرد و دواتر لەقاڵبە مۆسیقاییەیە جیهانیەکان و بەرهەمەکان مۆزارت و بتهوڤن و چەندینی تر.

**پ/** چۆن مۆسیقای جازتان بەو ئامێرانەی خۆتان لێدەداو بە چ مەبەستێ؟

**و/** بێگومان جاز بەو ئامێرانەی ئێمە لێنادرێ, ئێمە زۆر جار رۆڵی ئامێرێکمان دەدایە ئامێرێکی دیکە, بەڵام مەبەستی ئێمە زیاتر ئەوە بوو, مەشق بکەین و سود لەشێوەی مۆسیقا لێدان و دابەش کردنەکە ببینین. ئێمە هەستمان کرد پێویستمان بە ئامێری نوێ هەیە, بۆیە سەکسەفۆن, قانون, فلوت و کلارنێتمان هێنایە ناو تیپەوە, دواتر کەمانی یەکەم و دووەم , دواتر بیرمان لەوە کردەوە ئامێری رۆژهەڵاتی بهێنیینە ناو مۆسیقاوە, ئامێری سەنتور لەنێو تیپی ئێمەدا زۆر باش سەرکەوت ئێمە هەوڵمان دەدا شتی نوێ تاقیبکەینەوە و ئەنجامەکەی بەراورد بکەین, هەنگاوەکانیش لەئاستەکانی خۆیدا سەرکەوتوو بوو.

**پ/** بەڵام لەم بوارەدا دەبێ هونەرمەندان زەوقی خەڵکی ئەو سەردەمە فەرامۆش نەکەن, هەروەها دەبێ لەنێو ئەو هەموو ئامێرو گۆرانیانەدا مۆرکی رەسەنی کوردی وون نەکەن؟

**و/** بێگومان ئێمە لەتیپی سلێمانیدا هەوڵی ئەوەمان دەدا بزانین خەڵك حەزی لەچییە, ئەو حەزەی ئەوانمان بەئەقڵی خۆمان دادەرێژا, دەمانخستە نێو فۆرمێکی هونەرییەوە. دەمانزانی ئەوان زیاتر حەزیان لە گۆرانی فۆلکلۆرییە. ئێمە ئەو گۆرانییانەمان بەتەکنیکی خۆمان پێشکەش دەکرد. لەنێو ئەو حەزانەی ئەوانیشدا هەرجارەی چەند گۆرانیەکی نوێمان دەخستە بەردەست.

**پ/** بۆ سەردەمێکی زوو ئەوە راستە, چۆن ئێوە ئەو دەمانە دەتانوسیت جێگای خۆتان بکەنەوە, بەڵام دواتر ئێوە پێویستان بەوە نەبوو, چونکە تیپی سلێمانی خاوەنی جەماوەری خۆی بوو؟

**و/** خەڵك هەموو بەرهەمێکی پێ قووت نەئەدرا, هەموو کەسێ بەرهەمی تازەی پێ قبوڵ نەدەکرا, بۆیی ئێمە ناچار بوین سوك و لەسەرخۆ بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین.

**پ/** لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا هاو تەریب حەز دەکەم باسی بەرهەمی مامۆستا ولیەم یۆحەنناش بکەم, کە ئێوە وردە وردە تیپی مۆسیقاو نواندن و دواتر تیپی سلێمانیتان دامەزراند, ولیەم جێگەی لەکوێدا بوو؟

و/ لەسەرەتادا ئەو لەوە سڵی دەکردەوە کە لەگەڵ تیپی سلێمانی دا بێ, لەگەڵ دامەزراندنی تیپەکەدا پێویستمان بەچەند کەسانێك هەبوو بۆ دەستەی دامەزرێنەر, دەبوایە ئەوان دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوونایە.

بۆ ئەم مەبەستە داوام لەفەرید عیسا,م. ولیەم , فەرەیدون دارتاش, حمە ئەمین حوسەین کرد, م.ولیەم بەم شێوەیە لەسەرەتادا لەگەڵمان بوو, دوایی دڵگران بوو دەرچوو لەتیپ, بەڵام ئێمە هەر پەیوەندیمان لەگەڵ هەبوو, زۆر نزیك بوو لەبەرهەمەکانمان لەگەڵ مندا پەیوەندییەکی زۆر توند و تۆڵی هەبوو. لەسەرەتای 1970 دا کەمانی لێدەدا لەگەڵمان لەمیهرەجانی هونەری کوردیدا نموونەیەکی گەشەدار بوو بۆ ئێمە.

پ/ دواتر کەتۆ لەبواری هونەریدا گەشەت سەندو ولیەم کشایە دواوە, یا بەمانایەکی دیکە بەرهەمەکانی قوتابی لەبەرهەمەکانی مامۆستاکەی چاکتر بوو, چۆن پەیوەندی تۆو ئەو کەوتەوە؟

و/ ئێمە هەمیشە پەیوەندیمان بەهێز بوو, پشتی دەگرتم زیاتر هانی دەدام, هەر کاتێ بەرهەمێکی باشم هەبوایە دەست خۆشی لێ دەکردم,هەردوکمان رای خۆمان لەبەرهەمەکانی ئەوی دیکە دەردەبڕی و سەرنج و تێبینەکانیشم پەسەند دەکرد.

پ/ هەر لەکۆتایی 1969 و سەرەتایی 1970 دا کە بەیانی 11 ئادار هاتە پێشەوە ئێوە وەکو تیپ چۆن پێشوازیتان لەو رۆژە کردو تا چەند بەشداریتان لە ئاهەنگەکاندا کرد؟

و/ هەر لەسەرتاوە بەشدار بووین, یەکەم ئاهەنگمان لەسلێمانی گێڕا, لەو ئاهەنگەدا یەکێ هەستاو جزدانەکەی کردەوەو دە دیناریەکی مۆری دەرهێناو وتی: ئەمە پێشکەش بەتیپی سلێمانی. (ئێمە) زۆر پێی شکاینەوە ئەوە یەکەم جار بوو یەکێ پارەمان بدەنێ.

دواتر خواڵیخۆش بوو سالح یوسفی بروسکەیەکی بۆ ناردین بۆ بەشدار بوون لەئاهەنگێدا لەبەغدا هەر بەو بۆنەیەوە هاوکات بروسکەیەکیشمان لەئێزگەی کوردی بەغداوە هەر بەو بۆنەیەوە پێگەیشت. ئێمە وەڵامی سالح یوسیفیمان دایەوەو لەو ئاهەنگەدا بەشدار بووین. لەلای ئێمەوە قادر کابان, عمر دزەیی, برایم محمد و حمە جەزا صالح ئامادە بوون. لەوێدا پارچە مۆسیقای مەم و زین یشمان لێدا. زۆر خەڵك و لایەنی دیکەش ئامادە بوون لەوێ, لەوانە لەبیرم مابێ, تیپی هونەری میللی , شەوکەت رەشید, ئەنوەر سالح, سەمیرە تۆفیق, نەجوا فوئاد و عدنان جەمال و تیپێکی مۆسیقای میسری.

دواتر تیپی ئێمە دەنگ و رەنگی چاکی پەیدا کرد, بۆ چەندین ئاهەنگی دیکە لە هۆڵی (المستنصریە) و (قناە الجیش) بانگ کراین. هەروەها بۆ –خانەقین–یش بانگ کراین, ئەو دەم باس لەبەعەرەبکردنی خانەقین لەئارادا بوو. لەو ئاهەنگەی نەورۆزدا ئێمە کۆمەڵێکی باشی سوردی نیشتیمانیمان پێشکەش کرد, هەر لەو کاتەدا بوو (1971) تیپی زانکۆی –سلێمانی– مان دامەزراند بەرۆژ لەتیپی زانکۆ کارمان دەکردو ئێوارنیش لەتیپی سلێمانی کارمان دەکرد. هەر لەهەمان ساڵدا میهرەجانی زانکۆمان دەستی پێ کرد, بەڵام ئێمە لەساڵی دووەمەوە بەشدار بووین.

پ/ با نەچینە میهرەجانی زانکۆکان, بەڵکو لەبری ئەوە باس لەمیهرەجانی لاوان بکەین کە لەبەرین بەسترا,چۆن بوو ئێوە لەو میهرەجانەدا لەبەرلین (1973) بەشدار بوون؟
و/ وەکو بەشێکی دیار لەهونەری نێو عێراقدا, ئەوەشیان بە ئێمە راگەیاند کەبۆمان هەیە لەو میهرەجانە بەشدار بین, ئێمە کۆمەڵێ هونەرمەند بووین لەشارە جیاجیاکانی کوردستانەوە: من ,م. ئەنوەر توفی, جەلال عەزیز, زایر ئەحمەد و وریا ئەحمەد ..هتد, کوردەکان 64 کەس بوون لەنێو شاندی عێراقدا کەسەرجەم 250 کەس بوون, سەرئەنجام دوای 20/15 رۆژی مەشق کردن سواری فرۆکە بووین بۆ بەرلین, لەنێو فرۆکەکەدا گویێم لەدەنگێ بوو گۆرانی هەورامی دەووت, دواتر زانیم حمەی مەلا کەریمە, لەنێو فرۆکەکەدا دەستمان کرد بەدەهۆڵ و زورِنا لێدان و بەئاسمانەوە بووین هەڵپەڕکی دەستی پێکرد.
پ/ لەبەرلین ئێوە چ روویەکی هونەرتان دەرخست, هونەری عێراقی یا هونەری کوردی؟ رۆژانی ئەو میهرجانە چۆن بەسەر چوو؟
و/ هەر لە فرۆکەخانەوە ئێمە بەدەهۆڵ و زورنا دابەزین, بۆ سبەی وێنەکەمان لەرۆژنامەکان بڵاوکرایەوە و شتمان لەسەر نوسرا, من ئەو رۆژنامەیەم لەلاماوە رۆژانە ئێمە بەشداری هەموو ئاهەنگەکانمان دەکرد, لەئاهەنگی سەرەکیدا ئێمە گوڵباران کراین, لەو ئاهەنگانەدا ئێمە تەنها هونەری کوردیمان دەرخست و هەوڵی ئەوەمان دەدا هونەری کوردی بەگەلان بناسێنین.
عەرەبەکانی عێراق هەوڵی زۆریان دا کە بمانخەنە ژێر ئالای خۆیانەوە, وەکو یەك شاند شتەکانمان پێشکەش بکەین. بەڵام ئێمە دەمانویست وەکو کورد بمانناسن, لەو میهرەجانەدا هەموو گەلانی جیهان بەشدار بوون, بەڵام جێی داخە کە کوردیان کەم دەناسی, بەڵام لەلایەکی دیکەوە کە گۆرانی و هەڵپەرکێمان پێشکەش کرد, خەڵك کەوتە پرسیار کردنی ناسنامەی ئێمە. رۆژێ لەگەڵ –جعفر حسن–دا بەشداری ئاهەنگی مۆسیقای گەلانمان کرد, لەوێندەرێ "ئەرێ بەبانانەوە"مان پێشکەش کرد, لەنێو بەرلین–دا هەڵپەرکێیەکی زۆر بەرفراوان دروست بوو, کوردو غەیرە کورد دەستیان گرتبوو, لەوێ بەجلە کوردییەکانمانەوە هەندێوایان دەزانی ئێمە هیندین, رۆژێکی دیکە کۆمەڵێ وێنەکێش لەدەورمان کۆببونەوەو وێنەیان دەکێشاین و داوایان لێدەکردین کە ئیمزایان بۆ بکەین. لەرۆژی کۆتاییدا شاندی عێراقی (عەرەبەکان) دەیانوویست بەرهەمەکانمان لەژێر (لەگەڵ) بەرهەمە عەرەبییەکاندا پێشکەش بکەین, بۆیە هەر زۆر زوو بەئێمەیان وت بەهیچ شێوەیەك نابێ ئامێرەکانتان لەگەڵ خۆتان بهێنن, ئێمە درەنگ لەوە تێگەیشتین, بەڵام هەر چۆنێ بێ ئێمە توانیمان دەهۆڵ و زورناکەی خۆمان بهێنین. لەوێندەرێ هەموو میللەتێ سرودی لاوانی نێونەتەوەیی بەزمانی خۆی دەوتەوە. ئێمەش لەژێر باڵی رژێمی عێراقی هاتینە دەرەوەو بەزمانی کوردی ئەو سرودەمان ووت \کاتی خۆی خوالێخۆشبووگۆران کردبووی بەکوردی کەسروودیلاوانی جیهانی بوو).
عەرەبەکان دەیانووت ئێمە شاندی عەرەبین لەعێراق , ئێمە نارەزایی خۆمان دەربری و تا قەناعەتمات پێکردن بەوەی کەبنووسن شاندی عەرەبی – کوردی لەعێراق , هەموو میللەتێ لەژێر ئالاکەی خۆیدا بوو, تەنها ئێمە

بێ ئالاّ بووین, ئێمەش لەژێر ئاڵای دەهۆڵ و زوڕناکەدا هونەری کوردیمان پێشکەش دەکرد. خەڵکێکی یەکجار زۆر دوای زورناکەی ئێمە کەوتبوون. ئێمە 18 رۆژی زۆر خۆشمان لەوێ بەسەر برد. تا ماوەیەکی زۆریش پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا هەر مابوو کە لەبەرلین ناسیمان, ئەو دەم بارودۆخی سیاسی باش بوو, بۆیە ئێمە دەمانتوانی قسەی خۆمان بکەین و لەسەر کورد باس بکەین.

پ/ بەکورتی ئەمە بۆ ئێوە چی گەیاند؟

و/ ئاستی هونەری خۆمانمان بۆ دەرکەوت, بۆمان دەرکەوت کە دەبێ بایەخ بەکەلەپوری کوردی بدەین, ئێمە لەرێگەی ئەو کەلەپورەوە لەهیندییەوە بووین بەکوردی و ناسنامەی خۆمان سەلماند.

پ/ ئەمە لەسەر ئاستی جیهان ئەی لەسەر ئاستی ناوەوە چ سەرکەوتنێکی دیکەتان لەبەردەمدا بوو؟

و/ ماوەیەکی زۆر بوو هەوڵ بۆ میهرەجانیکی هونەری کوردی دەدرا, هەر لەساڵی 1974 دا بوو میهرەجانی یەکەم لەبەغدا بەسترا ئێمە لەبواری مۆسیقا, شانۆو هونەری وێنەکێشاندا بەرهەممان هەبوو, ئێمە سێ رۆژمان بۆ تەرخان کرابوو, شارەکانی دیکەی کوردستان یەك رۆژ. شاندەکەی ئێمە بریتی بوون لە 25 مۆسیقا لێدەرو 65 کۆرس, واتە بەجارێ 85-90 کەس لەسەر شانۆ بووین ئەمە جێگەی سەرنج بوو بۆ ئامادەبوانی ئەو میهرەجانە.

ئەوەی بمەوێ لەپەراوێزی ئەو میهرەجانەدا بیڵێم ئەوەیە کە هەولێر و دهۆك, بەسەرسورمانەوە سەیری ئێمەیان دەکرد. ئێمە کوردایەتیمان دەکرد..!! حەزیشمان دەکرد ئەوانیش پلەی باش بهێنن.

پ/ ئێمە تا ئیستا هەر باسمان لەتیپی سلێمانی و چالاکییەکانی شاری سلێمانی کردووە, بۆ من گرینگە بەپێی شارەزایی خۆت باسی مۆسیقای شارەکانی دیکەی کوردستانیش بکەیت , چ لەئاستی باشوری کوردستان و چ لەسەر ئاستی کوردستان؟

و/ شارەکانی دیکە جاران ئاستێکی وایان نەبوو, جاران تیپی مۆسیقا وەك پێویست نەبوو لەو شارانە, من پێم وایە چالاکیەکانی تیپی سلێمانی بووە هۆی ئەوەی ئەو شارانەش تیپی مۆسیقا دروست بکەن ئەوان دەیانوویست لاسایی تیپی سلێمانی بکەنەوەیان مونافەسمان بکەن, تیپی دهۆك لە -دڵشاد-ەوە دەستی بە جولانەوە کرد, هاوکاریمان لەگەڵ کەرکووك هەبوو, ماوەیەك دەمانویست لقێ لە تیپی سلێمانی لە کەرکووك بکەینەوە بەڵام سەوز نەبوو, من پێم وایە کە تیپی سلێمانی بوو بە قوتابخانەیەك لەکوردستاندا خەڵك هەوڵیان دەدا لاساییمان بکەنەوە, لەشارەکانی دیکەوە دەهاتن و بەرهەمیان لەگەڵ پێشکەش دەکردین, بۆ نموونە باکوری , تایەر تۆفیق, فوئاد ئەحمەد ,تحسین تەها, عەلی مەردان.. هتد.

پ/ لەمیهرەجانی بەرلین لەمیهرەجانی هونەری کوردی خۆتان تاقیکردەوە, ئاستی خۆتان لەگەڵ ئاستی ئەو میللەتانە لەلایەك و لەگەڵ ئاستی تیپە عەرەبییەکانی عێراقدا لەلایەکی دییەوە بەراورد دەکرد؟.

و/ دوای بەرلین ئێمە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە جێگەی خۆمان هەبوو لەوێ, بەڵام لەلایەکی ترەوە ئێمە هێشتا زۆرمان ماوە بۆ ئەوەی بگەینە ئاستی ئەو میللەتانە ئێمە لەنێو تیپدا دوو کۆمەڵ بووین, کۆمەڵێك

نەیاندەویست لەو چوارچێوەی کەهەمان بووە دەرچینە دەرەوە, کۆمەڵەکەی دیکەش بەپێچەوانەوە بوو, ئەمە لەسەر ئاستی جیهانی, بەڵام لەسەر ئاستی عێراق من پێم وایەو لەگەل نوێش هاوبیرم کە تیپی سلێمانی لەسەروی تیپەکانی دیکەی عێراقەوەیە, لەگەل ئەو هەموو پشت گرتنەو ئەو هەموو پارەیەش کە دەخرێتە بەردەستیان, حکومەت پشتیان دەگرێ ئەمە هەمووی لەگەڵ عەشقی ئێمە بۆ هونەری کوردی.

پ/ لەبەر ئەوەی هەر لەقۆناغی 1970–1974 داین جێی خۆیەتی کەبڵێم ئەم قوتابخانە بۆ مۆسیقای کوردی چی دەگەیەنێ؟

و/ من بەگەشاوەترین قۆناغی مۆسیقای کوردی دەزانم ئێمە کۆمەڵێ بووین زۆر بەدڵسۆزی کارمان دەکرد, بارودۆخی کوردیش لەبواری سیاسیدا باش بوو یارمەتی دەداین.

پ/ هەر بۆ مێژوو هەندێ لەوناوانەی لەبیرتن لەنێو تیپدا؟

و/ تەنها بۆ نموونە دەڵێم : خالد سەرکار, فرنسیس داود, ولیم یۆحەننا, فەرەیدون دارتاش, صلاح رەئوف, دلێر برایم, ئاراس برایم, ئەسعەد قەرەداغی, سەربەست محمد, صباح محمد, شوکت رشید, , موئەیەدقوستەنتین, حسین سالْح, ئەنوەر سالْح, حسن سید قاسم, عەزۆڵە ,عەبەی سەید زادە, وەلی سەید زادە..هتد.

پ/ ئێوە لەو قوناغەدا خۆتان بەهێز کرد. لەو سەردەمەشدا وەکو باست کرد جۆرە ئازادییەك بۆ کورد رەخسا بوو, دەیتوانی ببێتە سەرەتایەکی باش بۆ گەلی جار.

و/ هەر لەو کاتەدا هەموو سرودەکانم کۆکردەوەو نۆتەکانم نووسییەوەو لەرێگەی دام و دەزگاکانەوە بەسەر هەموو قوتابخانەکانی شارەکانی دیکەشدا دابەشمان کرد, تەنانەت هەڵپەرکێکانیشم نووسییەوەو بۆ قوتابیەکان ئامادەم کردن بۆ ئەوەی دواتر مەشقی لەسەر بکەین.

من و جەلال عزیز و مامۆستا ولیەم هەموو ئەو سرودانەمان دواتر لەسەر کاسێت تۆمار کردو بڵاوکردەوە بەسەر شارەکاندا, تەنانەت بۆ شارە عەرەبییەکانیشمان نارد.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی 1974 دا گوللەیەك هەموو دەشت و دەری تەی کرد, دەنگێ گوێی چیاکانی تەنییەوە. هەتاوێ سەراپا گەڵای دارو درەختەکانی سەوز کرد, رووبار مەشقی دەکرد, چۆن ببێ بەپرد بۆ هەنگاوەکان روحە بەستووەکان مەشقیان دەکرد چۆن دڵی زۆرداری بخنکێنین هەموو دەنگەکان سرودیان دەووت بۆ میللەتێ پتەو سروودەکان دڵی چیایان راچڵەکاند, چیا رۆحی مەزنی پێغمبەرەکانی لەخەو راپەراند پێغەمبەرەکانی ئەو سەردەمە راپەرینی کوردیان گەیاندە عەرشی خوا, لەیاساکانی ئەو عەرشەدا هیچ پەرەگرافێ نەبوو باس لەدۆزێکی وا بکات, مۆسیقا و سرودی کوردی بەشێکی زۆر گرینگ بوو لەژیانی ئەو شاخەدا تیپی مۆسیقای شۆڕش نەبەردی پێشمەرگەکانی دەکرد بەسرود و مۆسیقا و شەوانە دەیگەیاندە

بەگوێی ئەو میللەتەی خوا پێی خۆش نیە باسی بکات, رۆڵی ئەو تیپە لەژیانی شۆڕشەکەدا شتێکە کەس ناتوانێ نکۆڵی لێبکات, ژیانی ئەو تیپە لەنێو چەم و هەردی شۆڕشدا چۆن بەڕێوە دەچوو؟

پ/ تۆ هەموو دەمێ هەر یەك کەمانی نەخشدارت بەدەستەوەیە ئەو کەمانە چی لێهات؟

و/ هەرماوە, ئەوە هاوڕێی ژیانمە.

پ/ دەکرێ بزانم چۆن پەیدات کردو چ یادگارییەکی لەلای تۆ هەیە؟

و/ لەپێناوی کڕینی هەندێ ئامێری مۆسیقا بۆ چالاکی هونەریی لەزانکۆ, لەگەڵ –شەماڵ سائب–دا بۆ بەغدا چووین لەوێ سەردانی دوکانی –محمد علی عواد–مان کرد بۆ کڕینی ئەو ئامێرانە. بۆ خۆشم داوای کەمانێکم لێ کرد, لە ژوورێکدا زیاتر لەسەد کەمانی تیا کەڵەکە کرابوو, من ئەو کەمانەم هەڵبژارد ئەو دەم هیچ وەتەری پێوە نەبوو, تەنها دارەکە بوو, ساڵی 1971 ئێمە بە 55 دینار کڕیمان, کەمانەکە ئیشی دەستەو زۆر چاك دروست کرا بوو, هەر لەرێگەی ئەو دوکانەوە مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانم ناسی (خلیل ابراهیم) دواتر کەسانی دیکەشم لەرێگەی ئەوەوە ناسی کەزۆر سودم لێ وەرگرتن لەبواری دابەشکردنی مۆسیقادا.

ئەو کەمانەم ساڵی 1974 لەگەڵ خۆم بۆ شاخ بردو دوای هەرسەکە هێنامەوە, بۆ هەر جێگایەك چووبم لەگەڵ خۆم بردوومە. ساڵی 1982 کەزانکۆ بۆ هەولێر گواسترایەوە , دەبوو منیش ئەو کەمانە بگێڕمەوە بۆ زانکۆ, ئەوە ناڕەحەتییەکی گەورەی لەلا دروست کردم, نەمدەتوانی لەو کەمانە جیاببمەوە چونکە ساڵانێکی زۆرمان بەیەکەوە بەسەر برد بوو, چونکە هەموو هەست و خۆزگەکانم لەرێگەی ئەوەوە دەردەبڕی ئەو زمانی من بوو, دڵی من بوو, حەزەکانی دەرئەخستمە دەرەوەو بەگوێ خەڵکی رادەگەیاند, بەهەر حاڵ قادر کوردی ئەو ناڕەحەتیەمی بەد.خسرەو شاڵی سەرۆکی زانکۆی سلێمانی راگەیاندو ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە کەمانەکەیان پێ بەخشیم, لەبری ئەوە کەمانێکی دیکەم کڕی و لەجێگەی ئەو دامەوە بەزانکۆ.

پ/ ئێستا ئەو کەمانە لەکوێ خەوتووە؟

و/ لەباخەڵی خۆمدایە کەسەفەرم کرد وڵات بەوڵات لەگەڵما بوو تا سوید تاهەتمەوە نیشتمانیش.

پ/ کەواتە نەخەوتووە زیندووە؟

و/ یارمەتی زۆری داوم, چەندین ساڵە کاری پێ دەکەم و ئێستاش رۆژانە چەندین سەعات مۆسیقای پێ لێدەدەم لێرە پارەیەکی خەیاڵی دەکات, هەروەها لەشاخیش خزمەتی زۆری کردم, مۆسیقای جوانترین سرودم پێ لێدا.

پ/ شاخ لەلای ئێمە زۆر پیرۆزە, شاخ بەمانای جوانی و رۆحی بێگەردی سروشت, شاخ کەڵەمێردی رۆژانەو شەوانەی کوردستانە. شاخ شایەکە ژیانی سروشت مەهار دەکات شاخ شۆڕشەو شۆڕشیش ژیانی ئێمە.

شاخ سیمبۆلی سەرکەوتنە و رۆحی شۆڕشە. هونەرمەندی کوردیش بەشێکە لەو شۆڕشە ئەو سرودە جوانانەی هونەرمەندان نەبوایە شۆڕش لەنگ دەبوووە لێرەوە دەمەوێ بزانم بڕیاری چونە شاختان چۆن بووە؟ بڕیارێکی بەکۆمەڵ بوو یا شەخسی بوو و هەمووتان لەشاخ بەرێکەوت یەکتان گرتەوە؟

و/ بەنسبەت تیپی مۆسیقای سلێمانی بڕیارێکی بەکۆمەڵ بوو, سەردانی هەموو هاوڕێکانم کردە دواتر لەماڵی خۆمان بەیەکەوە گفتوگۆمان کردو بەهەمرا بڕیارمان دا بچینە شاخ. پێشتریش ئێمە لەلقی چواری پارتیەوە هەواڵمان بۆ نێردرا بوو کە شۆڕش پێویستی بە ئێمە هەیە لەلایەکی دیکە بارودۆخەکەش لەدوای گەڕانەوەمان لەڤیستڤاڵی هونەری ئاڵۆز ببوو. سەرجەم جگە لەمامۆستا ولیەم دەرچوینە دەرەوە.

ئێمە بەیەکەوە سواری سەیارە بووین و گەیشتینە قەلاچوڵان هێشتا لەوێ بووین لەئێزگەوە هەواڵی گەیشتنی ئێمە بلاوکرایەوە. دواتر لەگەلاڵە ستۆدیۆی یەکەممان دامەزراندو لەگەڵ هەڵگیرسانی ئاگری شۆڕشدا ئێمەش دەستمان بە تۆمارکردنی سرود کرد, لەوانە ئێمە پارتین خاوەن باوەڕین, من پێشمەرگەی کوردستانم و سرودێکی دیکەش لەو کێوانەدا ناخۆشیمان زۆر بینی.

بەر هێرشی تۆپ و فرۆکە زۆر کەوتین بۆیە بڕیار درا بەرەو حاجی هۆمەران بڕۆین, لەوێوە بەرەو دێی وەسان چووین, لەوێندەرێ هونەرمەندانی کۆیەو هەولێریش کۆبببونەوە. لەوێ ستۆدیۆی دووەمان دروست کردو دەستمان بەکار کردەوە, پاشتر هەندێ جیهازمان لەتاران کڕی و کارەکانمان کەمێ ئاسانتر بووەوە, رۆژانە لە -9-ی بەیانی تا -12-ی نیوەڕۆ پرۆڤەمان دەکرد, لەو ماوەیەدا جوانترین سرودمان لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو سرودانەی ئەوڕۆ گوێت لێ دەبێ, ئێمە لەوێ تۆمارمان کرد, هەموو ئەو سرودانەمان لە ئەشکەوتەکاندا دەوتەوە, مۆسیقای کوردی و عەرەبیشمان لێدەدا, بەکورتی ئەوەی ئێزگە پێویستی پێبوایە ئامادەمان دەکرد, هەندی لەو سرودانەمان/ پێشمەرگەی کۆڵنەدەر, هەوارە, هەوارە, براینە هەوارە کە شیعری ساڵح یوسفی بوو.

گەرچی تووشی رەنجەڕۆیی و حەسرەتم و هەروەها سرودی دەمی ڕاپەڕین کەتا راپەڕینیش رۆڵێکی گرینگی لەئێزگەکانی شۆڕشدا هەبوو, من پێشمەگەم بۆ کوردستانم.

لەو ماوەیەدا برادەران ئاوازی جوانیان هەبوو, سرودی جوانیان هەبوو, لەیادمە فەرید عیسا سرودێکی زۆر جوانی دروست کرد بەناوی نیشتمانی کورد.

دواتر گواستمانەوە بۆ چۆمان و ستۆدیۆی سێهەممان دروست کرد, تیپەکەمان "تیپی مۆسیقای شۆڕشی کوردستان رۆڵی گەورەی لەژانی ئەو خەڵکەدا هەبوو.. من ئێستاش لەئەرشیفەکەمدا لەو سرودانەم پاراستووە, مەبەستم نوسخەی ئۆریگیناڵە.

پ/ ئێوە لەسەر سنوور بوون و بێگومان تێکەلاویتان لەگەڵ کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا هەبووە. چ رۆڵێکتان لەگەیاندنی هونەری کوردیدا هەبوو بەوان؟

و/ بڕیار درا ئاهەنگ لە ئۆردوگاکاندا بگێڕین بۆیە لەبەشی شانۆ, مۆسیقا و هەڵپەرکێ خۆمان ئامادە کرد. شاندەکەمان بەسەرپەرشتی مەم بۆتانی بوو, کۆمەڵێ گۆرانی و هەڵپەرکێی جوانمان ئامادەکرد و سەردانی زۆربەی ئەو ئۆردگایانەی نێو ئێرانمان کرد کە کوردی تیا بوو.

لە ئۆردوگاکانی ئورمیەوە دەستمان پێکرد تا نزیکی ئۆردوگاکانی عەبادان لە باشووری ئێران ئێمە ڕۆڵێکی چاکمان بینی لەنێو شارە کوردییەکاندا لەگەڵ ئەو خەڵکەدا ئاوێتە ببوین و دەمانویست ورەی خەڵك بەرز ڕابگرین و دڵی ئاوارەکان بدەینەوە.

پ/ هیچ بەرهەمتان تۆمار کرد؟

و/ لەسنە ڕایانگرتین و یەکێك خۆی کرد بەسەیارەکەماندا ووتی: "هونەرمەندانی کوردستان بەخێربێن".

دواتر دەرکەوت کە شکرللە بابان بوو, بۆ دوو ڕۆژ میوانداریان کردین هەر ئەو بردینی بۆ تەلەفزیۆنی سنەو بۆ ماوەی 48 سەعات لەژورەوە لەناوستۆدیۆ بەبەردەوامی شتمان تۆمار ئەکرد, چ بۆ ئێزگەی کوردستان و چ بۆ تەلەفزیۆنی سنە, هێشتا ئێمە لەمەریوان بووین, دەنگ و باسی ئاش بەتاڵ بلاوبووەوە, ورەی خەڵك ڕوخا.

پ/ بەر لەوەی بەعێراق تەسلیم ببنەوە, حەز دەکەم بزانم چ یادگارییەکت لەلا ماوە؟

و/ بەڕاستی ژیانی ئەو شاخە, وەرەو کاری ئێمە ڕۆژانی سەخت و خۆشی ئەو شاخە هەمووی لەلام هەرماوە, ناکرێ لەبیر بچنەوە, ئێمە کەکارمان دەکرد بۆ تۆمارکردنی هەموو لەسەر تەنەکە دادەنیشتین نەماندەوێرا لاق بجولێنین نەوەکو دەنگی تەنەکەمان لەتۆماردا دەربچێ, لەهەموو خۆشتر ئەبوو کۆمەڵێ ئاژەڵی زۆر لەوناوە بوون, هەندێ جار کەسرودمان تۆمار دەکرد دەنگی ئاژەڵەکان دەهات, ناچار دەبووین جارێکی دیکە تۆماری بکەین, هەندێ جار لەگەڵ تۆمار کردندا دەنگی تۆپ و بۆردوومانکردنی تەیارە دەهات, بەڕاستی ڕوداوێکی سەخت و پڕ لەسەروەری بوون.

## لەشاخەوە بۆ سارا

## لەگەلاڵەوە بۆ سەماوە

پ/ تیپی سلێمانی بەکۆمەڵ بڕیاری چونە شاخیدا, هەستێکی پتەوو شەوێکی بەدزو هیوایەکی پتەو لەشارەوە بەرو شاخ چوو, بەڵام سەروچاوێکی خۆڵاوی و دلێکی شکاوو مرۆڤێکی رووخاو گەڕایەوە شار, هەرەسەکەی 1975 مرۆڤی کوردی لەپەلوپۆ خست, توانای پێکەنینی ون کرد کە لەشاخ گەڕاینەوە چۆن خۆت لەسلێمانی بینبەوە؟ وەکو هونەرمەندو وەکو مرۆڤ؟

و/ کە گەشتمەوە سلێمانی هەستێکی یەکجار سەیر دایگرتم, هەموو ئەو خەڵکەش پەکمان کەوتبوو, هەستمان دەکرد, کەچیتر ناتوانین هەنگاو بنێین. ئەو هەرەسە هەرەسی هەتاهەتاییە, ئەم شتانە ئەودەمە لەمیشکمدا دەچولایەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەگەڕانەوەم بۆ ناو شار فێنکاییەك بەلمدا هات.

پ/ یەکەم بەرهەمتان دوای گەڕانەوە چی بوو؟

و/ یەکەم بەرهەممان پاش ماوەیەکی کورت بوو لەگەڕانەوەم, ئاهەنگێك بوو لەئوتێل سەلام بۆ ئەوانەی لەشاخ گەڕبوونەوە (العائدون" سازكرا, لەوشەوەدا بڕیارمان دا سەرجەم بەرهەمەکانمان بریتی بێ لەسرودی نیشتمانی ئەم سرودانە دڵی عەرەبەکانی توڕەکرد, هەندێکیان پێیان ووتین: "کاکە هێشتا ماوتانە" ئەم سرودانە خەڵکی دڵخۆشکرد, خەڵك ورەیەکی پەیدا کرد.

پ/ لەگەل کوژانەوەی شۆڕشدا, سەرجەمی ئەدەب و شیعر و شانۆ و مۆسیقای کوردیش کوژایەوە, ئەو کارەساتە هێندە جەرگ بڕ بوو کاری لەهەمووومان کرد بوو, من ئەودەمە مێردمناڵێکی 15 ساڵە بوم بەلاّم خۆشیم بەدی نەدەکرد .. هتد.

و/ نا, من لەگەڵت نیم, هەموو هونەر نەگوژابووەوە, ئێمە بڕیاری ئەوەماندا کەکاری چاك و پوخت پێشکەش بکەین, دەمانویست دڵی خەڵك رابچڵەکێنین. ئەودەمە لەشاخ بوین گۆرانی یاران وەسیەتم و شەومان بۆ کەریم کابان تۆمار کرد, کە گەڕاینەوە ئەو دوو گۆرانیەمان بەدابەشکردنێکی مۆسیقی زۆر جوانەوە پێشکەش کرد, خەڵك ئەو گۆرانیانەی بە بارودۆخەکەوە بەستەوە, هەرچەندە باسیان لەشتێکی دیکە دەکرد و سەردەمێکی تر نوسرا بوون بەلاّم ئیحایان بۆ ئەو بارودۆخەش دەکرد.

پ/ بۆ نموونە؟!

و/بۆ نمونە: "یاران وەسیەتم ئەمە بێ لاتان, هەرچەندە کەوتوومە دورە ولاّتان" کە خەڵك لە کوردستانەوە بۆ عەرەبستان رەوانە کرا, ژیانێکی ناخۆشی لەغەریبایەتی و دوورە ولاّتی (مەبەست لەخوارووی عێراقە) بردەسەر ئەم گۆرانییە دڵی خەڵکێکی زۆری دایەوەو لەدڵی خەڵکدا بەرز نرخێندراو تا ئێستاش لەلای خەڵك بەرهەمێکی جوانە.

پ/ چۆن دەستتان پێ کردەوە؟

و/ لە زانکۆ میهرەجانێکی زۆر سەرنەکەوتوو پێشکەش کرا, مۆرکی کوردی تیا بەدی نەدەکرا, بۆیە هەوڵێکی زۆرمان داو بەناو هەموو خوێندکارەکاندا لەزانکۆ گەڕاین و داوامان لە کوردەکان کرد کە لەدەرەوەی چالاکی هونەری زانکۆ کۆببینەوەو جێگا بەعەرەبەکان چۆڵ بکەن, وەلاّمدانەوەی خەڵك زۆر باش بوو, دواتر دەرکردنی خەڵکی کورد بۆ عەرەبستان دەستی پێکردو منیش بۆ شاری "سەماوە" رەوانە کرام.

پ/ لەسەماوە چۆن توانیت خۆت ببینیتەوە؟

و/ لەوێ کوردێکی زۆری لێبوو, سەرەتا لەقوتابخانەی "الطلیطلة" بووم, هەموو قوتابیان بەسواری کەر دەهاتن بۆ قوتابخانە. بۆیە لەدەرەوەی قوتابخانەکە مەیدانێکی کەریشی لێبوو پڕ بوو لەجۆرەها کەر. دواتر گواسترامەوە بۆ چالاکی قوتابخانەکان لەئاهەنگی 17/18 تەممووزدا کۆمەڵێ گۆرانی عەرەبیمان پێشکەش کرد, لەوانە: اهواك, گۆرانیەکەی ام کلثوم, هەموو لەم بابەتانە بوون, لەسفرەوە تیپێکی مۆسیقیم بۆ دروستکردن, ئەوان زۆر دڵیان خۆش بوو, لەوە دەچوو ئەو شارە شتی وای بەخۆوە نەدیبێ.

لەمیهرەجانی قوتابخانەکاندا لە ئۆپەرێتێکدا کارم کرد بەناوی (الشباك الجافه" کە باسی گرتنی ئاوی فوراتی دەکرد لەلایەن –سوریا–وە. ئەو ئۆپەرێتە بەیەکەم دەرچوو لەسەرجەمی ناوچەی باشووری عێراقدا بەرهەمی یەکەمیش بۆی هەبوو لەمیهرەجانی بەغدا بەشدار ببێ.
لەبەغدا هاوڕێیانی سلێمانیم بینی لەو میهرەجانەدا ڕێزێکی زۆریان لەبەرهەمەکەم گرت و چەپڵەیەکی زۆریان بۆ لێدام. هەمیشە سوپاسیان دەکەم. عەرەبەکانی سەماوە بەو کارانە ئاشنا نەبوون, ئەوان نەیاندەزانی وەکو ئێمە کار بکەن, من لەو بوارەدا یارمەتیم زۆر دەدان, ئەوانیش هەموو پێداویستیەکانیان بۆ دەڕەخساندنم و زۆر ڕێزیان لێ دەگرتم و دڵسۆزەکانیان ئاگاداریان دەکردم لەدەمی بەعسیەکان.
پ/ چەند ئاوازت بۆ دانان؟
و/ من ئاوازم بۆ دانەئەنان, من ئامادەم دەکرد, پرۆڤەم بە منداڵەکان دەکرد, پێم دەوتن شیعرێکی لەم بابەت یا ئەو بابەتەم بۆ بنوسن من خۆم زۆر ماندوو دەکرد لەگەڵیان تەنانەت دوای دەوامیش کارم دەکرد لەگەڵیان بۆیە ئەوانیش لەهەندێ شتا کە خۆم نەمدەویست بیکەم زۆریان لێ نەدەکردم سەخڵەتیان نەدەکردم.
پ/ دەتوانم بلێم بەرهەمی کوردیت لەبیر چووەوە؟
و/ هەرگیز, هەمیشە هەوڵی ئەوەم ئەدا بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی و خەریکی شتی کوردی بم, هەر لەوێ بووم داوام لەدوو کەس کرد دوو شیعرم بۆ بنووسم باس لەغەریبی و هیواو دورە وڵاتی و .. هتد بکات, ئەو دوو شیعرە نوسراو هەر لەوێ ئاوازم بۆ داناو بەدەنگی خۆم ناردمەوە بۆ ئەسعەدی برام, دواتر لەسلێمانی مۆڵەتی 20 ڕۆژیان بۆ وەرگرتم بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ زانکۆو یارمەتییان بدەم, چونکە زانکۆ خەریکی خۆئامادە کردن بوو بۆ میهرەجانی ساڵانە, جگە لەوەی لەو ماوەیەدا خەریکی زانکۆ بووین توانیشمان لەماوەی یەك هەفتەدا لەسلێمانی هەموو بەرهەمەکانی ساڵی 1976 تۆمار بکەین گۆرانی شەو و یاران وەسیەتم , وەی وەی, دوا سەرنج, لێم یاخیەیە و کەسەکەم و و خانمی مەزەدارو ...هتد, ئەو بەرهەمانە دواتر بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوکیش تۆمار کران.
ئەم بەرهەمە گومێکی مەنگی شڵەقاند. نەك لەکوردستاندا بەڵکو لەهەموو عێراقدا . ئەو سەردەمەی لەسەماوە بووم,  ناو بەناو سەری ئێزگەی کوردی بەغاشم دەداو هەندێ مۆسیقام تۆمار دەکرد, نموونە: (خەنەبەندان, هەوارە).
ئەم مەینەتە کۆتایی پێهات و بەهەوڵی دوکۆر تاریق, لەزانکۆ توانرا جارێکی دیکە بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی ئەوە بۆ من خەونێ بوو بڕوام نەدەکرد بێتەدی.
پ/ هەرلێرەوە دەمەوێ دەمەتەقێیەك لەسەر بابەتێکی دیکە بکەین: زۆرجار لەعێراق زۆر لەهەموو کەسێ دەکەن کە سرود بۆ سەروەری عێراق و سەرۆك کۆمارو حیزبی بەعس بڵێ, ئەم تەو   ژمە پاش ساڵی 1979 گوێی گرت و لەکاتی جەنگی عێراق و ئێراندا زۆر توند بوو, تیپی سلێمانی بەناوبانگ بوو, دەبێ زۆریان لەئێوەش کردبێ بەڵام ئێوە چۆن ڕووبەڕووی ئەو شتانە بوونەوە؟

و/ بێگومان زۆرجار زۆریان بۆ هێناوین, جارێکیان جاشێکی دەسەڵاتداری کورد کە لەهەولێرەوە هاتبوو بۆ سلێمانی, تەمبێیەکی کردم ووتی: کەداوای شتان لێدەکەن قەد مەڵێن نا, بڵێن باشە بزانن چۆن ئەبێ و دوایی خۆتان لێ قوتار بکەن, من ئەوە فێر ببووم, ئەوان کەپێت دەوتن نا ئاگریان دەکردەوە, بەڵام یەکەم جار من دەمووت بایبر بکەمەوە, من ناتوانم بەتەنیا بڕیار بدەم, دواتر خۆمان بەفڕوفێڵ رزگار دەکرد, چەندەها جار بانگ کراوین بۆ ئاسایشی سلێمانی, بۆلای پارێزگاری سلێمانی, و هەرەشە و گورەشەمان لێ دەکرا زۆر جار بەزۆر دەیانبردین بۆ هەندی ئاهەنگ ئێمەش وەکو کارمەندو فەرمانبەری دەوڵەت نەماندەتوانی نەچین بەڵام هەمیشە ئێمە گۆرانی و سرودی فۆلکلۆریمان پێشکەش دەکرد قەت بەشان و باڵی دەوڵەتمان هەڵنەداوە, ئەورۆ ئەو هەڵوێستەمان بۆ ماوەتەوە, ئەوە یەکێکە لەو شتانەی تیپی سلێمانی شانازی پێوە دەکات, و هەندێ هونەرمەندیش رۆژێکیان من و بەدیعە دارتاش و عەلی جۆلایان بۆ لای بەرێوەبەری ئاسایش و پارێزگار بانگ کرد, لەوێ تەماشای ئێمەیان دەکردو دەیانووت: "ئێمە دەزانین هەندێ کەس هەیە لێرەش ئامادەن بەڵام لەژێرەوە لەگەل پێشمەرگەدایە" ئێمە زۆر دەترساین و سڵمان دەکردەوە لەو هەڕەشانە, دواتر بردیانین بۆ لای ناوەندی رۆشنبیری, لەوێ کۆمەڵێ گەنجی کوردیان دایە بەر گوللە ئەو دیمەنەم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە ئەوان ئەمەیان بۆ چاوترسانی ئێمە و هەموو ئەو کەسانە بوو کە هێنایان بۆ سەیرکردنیان.

پ/ ئێوە چ پەیوەندییەکتان لەگەڵ پێشمەرگەدا هەبوو؟

و/ من تەنها دەتوانم باسی خۆم بکەم, بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەو بڕوایەدام کە ئەوان هەر یارمەتییەکیان بویستایە ئێمە بۆمان جێبەجی دەکردن, من خۆم دوای شۆڕشی 1964 بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیم بەهیچ حیزبێکەوە نەبووە, بەڵام لەبوارەکەی خۆشمدا یارمەتیم داوون کە لەخزمەتی کوردایەتی بووبێ.

پ/ نموونەیەك لەو یارمەتییانە؟

و/ لەساڵی 1983 نامەیەکیهەڤاڵ -مام جەلال-م لەگەڵ شیعرێکدا کە لەدانانی کاك شێرکۆ بێکەس بوو بۆهات. داوای کرد بوو کەئاوازی بۆ دابنێم شیعرێکی دیکەش لەکۆمەڵەوە هاتبوو, ئاوازم بۆ هەردووکی داناو, سرودی یەکەمیان مەشخەڵان بوو کەبەدەنگی خۆم تۆمارم کردو بۆم ناردن بەو هیوایەی ئەوان بەدەنگی خۆم تۆمار بکەنەوە, چونکە پێم راگەیاندن من بەدەنگی خۆم تۆمارم کردووە. بۆ ئەوەی بزانن چۆن ئەوتریێتەوە, دوای ئەوەش دەنگی من شیاو نیە بۆ گۆرانی ووتن, سرودەکەی تریشم بەدەنگی خۆم و تارای کچم تۆمار کرد.

ئەم کارەم دوایی سەخڵەتی کردم, چوون دوای گفتوگۆکانی نێوان یەکێتیی و دەوڵەت 1984 ئێزگەکەی سەرەوە سرودەکەیان بەدەنگی خۆم لێدەدا, ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت شك بکات و بەدوای گۆرانی بێژەکەدا بگەڕێ زۆر کەسیان بانگ کردبوو بۆ ئاسایش بەڵام هیچ کەسێ راستی نەدرکاندبوو تەنانەت خۆشمیان  بانگ کرد.

بەهەر حاڵ ترسم لێ نیشت و شتەکانی ماڵەوەم پرش و بلاوەکردەوە یەکێ لەو شتانەی کەسوتاندم نامەکەی مام جەلال بوو. من ئەوەم زۆر پێناخۆش بوو, چونکە حەزم نەدەکرد شتی ناو ئەرشیفەکەم لەناو بەرم, شتی زۆر کۆنم پاراستووە تیایدا.
زۆر جار تەنگمان پێهەڵچنراوە, بەهەر حاڵ راپەرین هات بەسەراو من لەو وەزعە رزگارم بوو ئەمە و چەندین لەو سروودانەی دەم نارد بۆیان بۆ بلاوکردنەوەی لەرادیۆکانیان دا.

## دوای هەرەس

پ/ تەماشاکردنێکی بەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی و دابەشکردنی بەسەر چەند قۆناغێکدا ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ئەو تیپە لەبەرهەمەکانی ساڵی –1976–دا بازی دایە قۆناغێکی نوێوە, دەتوانم ئەوە بڵێم کەتیپ لەو ساڵەوە هەنگاوێکی نوێی هەڵهێنا.
و/ کاری زۆر جوانی دیکەشمان کردوە, من ئەو بەرهەمانە بەو شێوە یەکجار جیاوازە تێی ناڕوانم, راستە بەرهەمەکان بەدڵسۆزی تۆمار کراون و کاریان لەگەڵدا کراوە بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەتەواو لەوێوە هەنگاوێکی نوێمان هەڵگرتووە, بەلاّم من هۆیەکی دیکە دەبینم کەوای لەخەڵك کردووە بەو چاوە بەرزەوە لەو بەرهەمانەی دوای هەرەس بڕوانن, ئەویش ئەوەیە کە جەماوەری کوردی تەواو لەکەش و هەوای هەرەسدا دەژیان, سەرجەم خەڵك رووخابوو, شۆڕشی کوردستان لەگەل دارووخانی خۆی لەمارسی 1975 خەڵکیشی روخان و توشی نائومێدییەکی گەورەی کرد. ئەو خەڵکە وا بەتەما نەبوو کەجارێکی دی کورد بتوانێ راپەڕێ, بەکورتی نائومێدی بەژین باڵی بەسەر ئەو سەردەمەدا کێشا بوو, لەو کاتەدا ئێمە پاش ساڵێك, کە هێشتا خەڵك نەحەسابووەوە و هەموو بۆ شارە عەرەب نشینەکانی خوارووی عێراق رەوانە کرابوون, ئێمە کۆمەڵێ بەرهەمی جوانمان خستە بەر گوێی جەماوەری کورد, خەڵکی کورد ئاهێکی پێدا هاتەوە. ئومێدێکی تێکەوتەوە, هیوای ئەوەی لا دروست بوو کە هێشتا ماوین و دەتوانین شتێ بکەین, بۆیە خەڵك ئەو کۆمەڵە گۆرانیەی (1976)ی بەلاوەوە زۆر جودایە خاڵێکی دیکەش ئەوەیە شیعری گۆرانیەکان جار جار تەعبیری لەناخی ئەو خەڵکە دەکرد.
پ/ بۆ نموونە ؟
و/ نموونەیەك لێرەدا گۆرانی "یاران وەسیەتم" ی کەریم کابان–ە . ئەگەر چی شیعرەکەی لەسەردەمێکی کۆندا نوسراوەو بۆ مەبەستێکی دیکە بلاّم کەخەڵك گوێی لێ دەبی " یاران وەسیەتم ئەمەبێ لاتان, هەر چەند کەوتوومە دوورە وڵاتان ... هتد" وا دەزانێ باس لەژیانی خۆی دەکا, چونکە خەڵکی کورد دوای هەرەسەکە بەزۆر رەوانەی عەرەبستان کرابوون و لەغەریبیدا دەژیان.
پ/ بەلاّم تۆ لەئاستە هونەرییەکەی وردبەرەوە. بەراودێکی بەرهەمەکانی 1976 و پێش ئەوجا بکە, بزانە چ جیاوازییەك لەئاستە هونەرییەکەیدا دەبینی؟ دوای ئەوە من سەرکەوتنی ئەو بەرهەمە هاوتەریب دەبینم

لەگەڵ سەرجەمی سەرکەوتنی بەرهەمەکانی دیکە لەبوارە جیاوازەکانی دیکەی ئەدەبی کوریدا, لەحەفتاکاندا چ لەجیهاندا و چ لەکوردستاندا تازە گەرییەك و گۆرانکاریەکی گەورە لەئەدەب و هونەردا هاتە گۆڕی.
و/ بڕوانە, ئێمە بەر لە 1970 هیچی وامان نەبوو, مەبەستم لەبواری تەکنیکە, ستۆدیۆمان نەبوو, جیهازی چاکمان نەبوو, دوای ئەوجا ئەو شتانە گۆڕانکاری بەسەردا هات, هەروەها مۆسیقازانەکانمان زیادی کرد وخۆشمان شارەزایمان زیاتر بوو لەبوارەکەدا. کە بەرهەیێکمان دەهاتە بەردەست چ لە شیعرەکە و چ لەئاوازەکەش زۆر ورد دەبوینەوە ئەمانە هەموو کارەکانی ئێمە ئاسانتر کردەوە, تەنانەت لەبواری تۆمارکردنی گۆرنییەکانیشدا توشی گرفتی زۆر هاتن, هەندێ جار دەنگە دەنگی ناشیاو لەگۆرانیەکدا دروست دەبوو, ئەمە وای لەمن کرد زیاتر وردبمەوەو ئەو عەیبانە چارەسەر بکەم, لەکاتی تۆمارکردنی سۆزی دەروونی ئەسعەدیبرام و هەرزاڵەی ناسرو لەرزان هۆ لەرزانی حسن گەرمیانیدا توشی گرفتی گەورە هاتین ئەمە بووە هۆی ئەوەی زیاتر خوو بەتەکنیك و دەنگ بدەم چونکە زۆر پێویشتمان پیێ بوو.
پ/ تا چەند لەبواری تەکنیکدا شارەزا بوویت؟
و/ لەسەرەتادا شارەزاییم نەبوو, بەڵام گرفتەکان ناچاری دەکردم کەفێر بم, لەگەل بەرنامەی "ئاسۆی زانکۆیی"دا کە بەرنامەی زانکۆی سلێمانی بوو, دەچووم بۆ کەرکووك بۆ تۆمارکردن, لەوێ شارەزای زۆر شت بووم, هەر لەوێ خولێکم بینی و دواتر زۆر سودم لێ بینی لەتۆمارکردنی بەرهەمەکانی خۆماندا بەشداری دەرهێنانیشم دەکرد.
پ/ لەدوای 1976 گۆرانیەکانی ئەسعەد قەرەداغی گۆڕانکاری تەواوی بەسەردا هات. ئەمە بووە هۆی ئەوەی لەناو تیپی مۆسیقای سلێمانیدا دەنگێکی نوێ بلاوبێتەوە پەیامی ئەو دەنگە ئەوە بوو تۆ زیاتر و زیاتر بە گۆرانیەکانی ئەوەوە خۆت ماندوو دەکەیت لەبەر ئەوەی براتە تا چ رادەیەك ئەوە راستە؟
و/ وەکو ئاوازدانەرێ بەئەرکی سەرشانی خۆمی ئەزانم کە گوێ لەهەموو دەنگێ بگرم, مەرج نیە هەموویان لەناخی مندا رەنگ بدەنەوە . ئەسعەد هاوڕێی منالیمە, لەسەرەتاوە لەدونیای مۆسیقای مندا دەژی, لەهونەری من ئەگایە شتەکانی ئەسعەد لەئاستی حەزی مندایە, دەنگی ئەو دەنگێکی کوردی تەواوە. ئەو دەنگەی ئەو هەیەتی هەموو کەسێ نیەتی, مەبەستم تایبەتمەندییەکانی دەنگی ئەوە, لەووتن و بەرز بوونەوەو دابەزین و خاوبوونەوەو.... هتد, دوایی لەهەموو گۆانیبێژەکانی دیکە شارەزاترە لەمۆسیقا چونکە مۆسیقا لێدەرێکی شارەزایە, زۆر بەچاکی سەنتۆر و قانون لێدەدا, لەسەرتای تیپدا چەلۆی لەگەڵ لێدەداین, بۆ من هەر کەسی هەر دەنگێ, ئەو تایبەتمەندییانەی هەبێ بەدڵمە.
پ/ دوای ئەسعەد حەز دەکەیت لەگەڵ چ دەنگێکدا کار بکەیت؟
و/ هەموو ئەوانی دیکە (تقریبا) لەیەك ئاستدان, بۆ نموونە دەنگی حسن گەرمیانی جاران بۆ گۆرانی هیندی زۆر باش بوو. لەتیپی سلێمانیدا کارمان زۆر لەگەڵی کرد تا ئەو دەنگەی لێ دەرچوو کە ئەوڕۆ خەڵك گوێ لێیەتی. بەڵام دەنگی ئەو تایبەتمەندێتی خۆی هەیە, کەریم کابان دەنگێکی هێمن و خۆشە, شیعری ناسك

هەڵدەبژێرێ, گۆرانی بێژەکان بەسەر تۆنەکاندا زاڵنین, بەکورتی گۆرانیبێژەکانمان لەئاستی دەست و پەنجەی مۆسیقا لێدەرەکانمان نین.

پ/ ئاخر مۆسیقا لێدەر دەبێ ئەدایەکی پوختی هەبێ, بەڵام گۆرانیبێژ مەرج نیە ئەو ئەدایەی هەبێ, بەڵام ئەو دەبێ دەنگی خۆش بێ.

و/ ئاواز دانەر نەك مۆسیقا لێدەر!

پ/ بەڵێ بەڵام جیاوازی ئەو دووانە چییە؟

و/ یەکەمیان هەستی شیعری دەکاتە ئاواز, یا ئەو هەستە لەرێگەی ئاوازەوە دەردەبڕێ, بۆ ئاواز دانەرێ زۆر گرینگە شارەزایی لەتۆنەکان و ئیقاع و مەقام و مەودای دەنگەکان هەبێ, بەڵام دووەمیان هەستی خۆی لەرێگەی پەنجەکانەوە بەخەڵك دەگەیەنێ, دەبێ لەتەکنیکدا شارەزا بێ. من ئەو جیاوازییە دەبینم لەنێوانییاندا.

پ/ لەم رۆژانەدا باسی ئەوەت بۆ کردم کە تۆ بۆ هەموو دەنگێکی تایبەت جۆرە ئاوازێکی تایبەت دائەنێیی, واتە ئاوازەکان بەپێی دەنگەکان ئەگۆڕێ, لەبواری پراکتیکدا ئەمەم چۆن بۆ روون ئەکەیتەوە؟

و/ بۆ ئەوەی بەرگ درویەك جلێکی چاك بدورێ دەبێ ئەندازەی هەموو ئەندامەکانی لەش بگرێ, بۆ ئەوەی جلەکە پر بەبەری ئەو کەسە بێ. بواری ئاوازیش هەر بەهەمان شێوەیە. هەموو دەنگێ شێوازی خۆی هەیە, سەلیقەی خۆی هەیە, سۆزو لەرەو مەودای خۆی هەیە, زۆر گرینگە بۆ ئاواز دانەر شارەزایی ئەوانە بێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئاوازێکی باش دابنێ, من هەرگیز ناتوانم ئاوازێکم بۆ یەکێ دانابێ. یەکسەر بیدەم بەیەکێکی دیکە, ئەوە وەکو ئەوە وایە تۆ جلەکەی خۆت بدەی بەمن. ئەو جلە مەرج نیە بۆ من ببێ, تۆ چۆن تەسەوری ئەکەیت عوسمان عەلی گۆرنییەکی سەید ئەسغەر بڵێتەوە یا بەپێچەوانەوە. دەبێ چۆنیبڵێتەوە.

کەریم کابان ناتوانێ "تەنکە"ی ئەسعەد وەکو ئەسعەد بڵێتەوە چونکە ئەوان تایبەتمەندی دەنگەکانیان جیاوازە. تەنکە جۆرە خێراییەکی پێویستە کە لەدەنگی کەریم کاباندا نیە, دەنگی کابان نەرم و هێمنە, ئەو بەرزی و نزمییەی تیا نیە کە لەدەنگی ئەسعەدا هەیە.

## ئاواز دانان

پ/ تۆ چۆن ئاوازێك دادەنێی ؟

و/ هەر وەکو شاعیر. کەشتێکم لەلا دروست دەبێ. کە دیمەنێ دەبینم یا سەیرانێ, خۆشیەك, ناخۆشیەك...هتد ئەم دیمەنانە وەریدەگێڕمە سەر زمانی مۆسیقا, بەڵام شیعرێ وەردەگرم ئەوە دەبێ بچمە ناو دنیای هۆنراوەکەوە تیایدا بژیم. بەبێ ئەوەی لەگەڵ رووداوەکانی هۆنراوەکەدا بژیم ناتوانم ئاوازێکی سەرکەتوو دابنێم, نووسەر یا شاعیر هەشت پیت ریز دەکات و ووشەی "خۆشەویستی" پێ دەنوسێ, بەڵام من دەبێ شارەزای تایبەتمەندییەکانی هەر پیتێ لەو پیتانە ببم بۆ ئەوە بتوانم هەر پیتێ بکەم بەرستەیەکی

مۆسیقی, هەروەها ئەو رستانەش بەپێی جۆری خۆشەویستییەکە ئەگۆڕی, ئایا خۆشەویستی دایکە, نیشتمانە, شۆڕشە, .... هتد.

زۆر جار یەك هۆنراوە چەندین ئاوازی بۆ دانراوە, هۆکەی ئەوەی ئاوازدانەرەکان تێگەیشتنی جودا جودایان هەبووە بۆ هەمان هۆنراوە بۆ ئاوازدانەر گرینگە شارەزای مەودای هەموو ئامێرەکان بێ, چونکە لەدابەشکردنی مۆسیقادا پێویستی پێیە.

پ/ ئەی گوێگر , جەماوەر چ رۆڵێکی هەیەو داواکاری چی‌یە لەم پرۆسەیەدا؟

و/ شتێکی دیکە کە بۆ من گرفتە و هەمیشە بیری لێ دەکەمەوە جەماوەر دەبێ کارێ پێشکەش بکەم کە جەماوەر قبوڵی بکات و رەتی نەکاتەوە.

پ/ من لەوەدا لەگەڵت نیم. بۆ ئەوەی مەسەلەکان کورت بکەمەوە نموونەیەك لەبواری نەخشەکێشاندا ئەهێنمەو, اسمایل خەیات لەهەشتاکاندا هەندێ بەرهەمی خستە بەردەم خەڵکی کورد کە بەهیچ شێوەیەك بەشێکی زۆریان وەریان نەدەگرت چونکە ئاستی ئەو بەرهەمانە (بەڕای خۆم) لەئاستی خەڵکەکە بەرزتر بوو, چارەسەر ئەو نەبوو ئەو هونەرمەند بێتە خواست بۆ ئەوەی خەڵك تێبگات, بەڵکو دەبوایە خەڵك بەرز بوایەتەوە بۆ ئاستی تابلۆکان. لێرەشدا من هەمان ڕام هەیە. نابێ ئاواز دانەر خۆی لەچوارچێوەی جەماوەرێکی (ئاست نزمدا) ببەستێتەوە من هەست دەکەم ئێوە وەکو تیپ یا تۆ لەو کارەدا موحافیزەکارانە بوون.

و/ نا موحافیزەکارانە نەبووین, لەسەرەتا ئەوە بۆ ئێمە گرینگ بوو کە سەرنجی خەڵك بەلای خۆماندا رابکێشین. دەمانویست خەڵك گوێ لە مۆسیقا و گۆرانی بگرێ, بۆیە تۆفیق عەلی مان هێناو "سۆیلە باڵابەرز"مان بۆ ئامادەکرد. ئەو گۆرانییە ئەنجامی باشی هەبوو, مەبەستم خەڵك بەدڵی بوو, لێمان نزیك بووەوە, لەگەڵ ئەمەدا قادر کابان و برایم محمد یشمان پێشکەش کرد, بەمەرجێ جاران خەڵك ئەمانەی بەپێی پێویست قبوڵ نەدەکرد. خەڵك لەئاستی ئەواندا نەبوو, بۆیە ئێمە ئەو بەرهەمەمان پێشکەش دەکرد کە زۆرینەی جەماوەر بەدڵیان بوو بەڵام بەئارەزووی خۆمان دامان دەڕشت. لەداڕشتە هونەرییەکەدا ئێمە (تیپ) مەبەستی خۆمان دەپێکا, هەمیشە هەستێ لەناو تیپدا هەبووە ئەویش ئەوە بوو کە ئەورۆ کارێکی باشمان کرد و دەبێ سبەی کارێکی چاکتر بکەین.

پ/ لەشەستەکاندا ئێوە جەماوەرێکی دیکەتان هەبووە, بەڵام داوتر جەماوەری ئێوە گۆڕا, بەتایبەتی لەهەشتاکاندا قوتابیانی زانکۆ بەشێکی گرینگ بوون لەجەماوەری ئێوە.. جەماوەری ئێوە بەشێکی باشیان رۆشنبیر بوون, بۆیە ئێوە چیتر پێویستان بەوە نەبوو ئاستی کارەکانتان لەئاستی ئەو جەماوەردا بێ بەڵکو دەبوایە هەمیشە کارەکانتان هەنگاوێ لەپێشی جەماوەرەوە بوایە, ئەگەر جەماوەر ئەو بەرهەمە باشە (بەمەرجێ بەرهەمەکەتان باش بێت). وەرنەگرێ چیدی ئەوە گرفتی خۆیەتی نەك ئێوە.

و/ هەموو کارێ پێداویستی خۆی هەیە, ئێمە تا ئەوڕۆش بە ئامێرو جیهازە کۆنەکانی جاران کار دەکەین, لەگەل ئەوەشدا ئێمە بەو ئامێرە سادانە کاری باشمان هێناوەتە بەرهەم. منالان بەهەمان ئامێر سمفۆنیای چلی مۆزارتیان لێدا. دوای دروستبوونی پەیمانگاش کاری جیهانی زۆر گەورەمان پێشکەش کرد.
دوای ئەوە نەبوونی ئامێری چاك ئێمە دەبەستێوە بە قاوغێك کە بەدلمان نیە بەلام چاریشمان نیە, بۆ نموونە لە کوردستاندا ئامێری هەوایی پێویست نیە, ئەوە وامان لێدەکات کە ببەسترێینەوە.
پ/ من مەبەستم ئەوەیە کە دەبێ کاری بەرزتان هەبێ بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئەو کارە بەرزترە لەئاستی هونەری جەماوەر, ئەو کارە یارمەتی جەماوەر دەدات کەتەکانێ بەخۆی بدا, گەر ئێوە لەئاستی خەلکا بگیرسێنەوە ئەوە مانای ئەوەیە جەماوەر (بەبی ئەوەی پسپۆربێ لە مۆسیقادا) سەرکردایەتی ئێوە دەکات واتە نا پسپۆر ڕینمایی شارەزاکان دەکات و بەرێوەیان دەبات.
و/ جاران خەلك ئەیووت ئاهەنگتان هەیە. ئەوڕۆ پرسیارەکەی گۆڕیوە بە: چیتان هەیە, چ بەرهەمی پێشکەش دەکەن.
پ/ من دەزانم جاران جەماوەری کورد, بەرهەمێکی پێ قبول نەدەکرا کە لەسەرووی ئاستی ئەوەوە بوایە, بەلام ئەوڕۆ ئەو بەرهەمە بەرزانە دەبێ پێشکەش بکرێن ئیدی خەلك وەری بگرێ یا نا.
و/ عەقلی مۆسیقا دەبێ لەگەل روحی سەردەمدا ڕێ بکا, من تا ئێستا هەست دەکەم خۆزگەکانی خۆم بەجێ نەگایاندووە, ئەوەندەی بەکاری خەلکەوە خەریك بووم, خەریکی ئاوازەکانی خۆم نەبووم. بەهەر حال ئەگەر بەرهەمەکان لەگەل سەردەمدا نەبن و هاوچەرخ نەبن ئەوە وا چاکترە خاوەنی ئەو بەرهەمانە واز لەکار بهێنن.

*            *            *

پ/ دەگەڕێمەوە سەر ئاوازو هۆنراوە, لێرەوە دەمەوێ بزانم ئێوە چۆن و لەگەل چ جۆرە هۆنراوەیەکدا کارتان دەکرد شیعری کلاسیکی یا نوێ, کام جۆرەیان بۆ ئاوازدانەر خۆشترە یا ئەرکی کەمە؟
و/ ئێمە لەسەرەتادا لەسەر شیعری کلاسیکی کارمان دەکرد. شیعری تازە زۆر هیلاکی دەکردین, بەنیسبەت گۆرانی و مۆسیقاوە دوو ریتم هەیە: یەکێکیان ریتمێکی دیارەو هەموو کەس هەستی پێدەکا. ریتمێکی شاراوەش کە شارەزایە و قولبونەوەی ئاوازدانەرەکە دەردەخا.
ئێمە تەنانەت لەبواری شیعری کلاسیکیشدا زیاتر کارمان لەسەر شیعرەکانی گۆران دەکرد چونکە کۆمەلێ تایبەتمەندێتی تێدایە کەلای شاعیرەکانی دیکە نیە, وابزانم ئەوەندەی شیعرەکانی گۆران کراوە بە گۆرانی شیعری هیچ شاعیرێکی دیکە نەکراوە, بەلام دواتر دەستمان کرد بەکارکردن لەگەل شیعری نوێشدا ئەگەر چی شیعری نوێ ماندوو بوونی زۆرتری دەوێ و کاری لەگەل شیعردا توندو تۆلتر کرد, نموونەیەك لەم بوارەدا کارێ بوو لەگەل شیعرێکی شێرکۆ بێکەس , ئێمە بەجۆرێکی نوێ کارمان لەگەل ئەم شیعرەدا کرد, ئەمەش بواری ئاوازدانان و مەودای ئاوازەکانی گۆڕی.

پ/ ئەگەر باس لە قۆناغەکانی ئاوازدانانی خۆت بکەین، چۆن دەستت پێکرد و چ گۆرانکارییەکت بەسەردا هات؟

و/ لەسەرتاوە من بەلاسایی کردنەوە دەستم پێکرد . گوێم لە عەلی مەردان، تاهیر تۆفیق، نەسرین شیروان دەگرت. گوێم بۆ ئێزگەی کوردی رادەدێرا و بەشێوەیەکی تەقلیدی ئاوازم دادەنا. دواتر شارەزاییم پەیدا کردو هەوڵم دەدا لەو قاوغە دەرچم، ئەودەم تیپەکەشمان شێوازێکی کلاسیکی هەبوو، بۆ رزگار بوون لەو قۆناغەو پێ خستنە قۆناغێکی تازەوە گوێمان لە فۆلکلۆری کورد گرت و هەوڵمان دا روحی ئەو فۆلکلۆرە بخەینە نێو ئاوازەکانماوە بۆ ئەوەی مۆسیقای کوردی رەسەن بێ. ئاوازی کوردی نوێمان دادەناو ئەو روحەمان تێدەخست، ئێمە سۆزی ئەو گۆرانیە فۆلکلۆرییەمان وەردەگرت و لەمۆسیقای نوێدا سودمان لێ وەردەگرت، کە شیعرێ باسی هەورامانی بکردایە هەوڵمان دەدا سۆزی هەورامانی بدەینێ.

پ/ بۆ نموونە؟

و/ شیعرێکی گۆران هەیە کە ئەسعەد قەرەداغی دەیڵێ: "کۆمەڵە شاخێ سەخت و گەردن کەش.." هەوڵمان داوە لە ئاوازەکەدا سۆزی هۆرە و سیاچەمانەی تێدا بێ. ئەو گۆرانیە بۆنی هەورامانی لێ دێ. مرۆڤ کە گوێی بۆ رادەدێرێ چ وەکو شیعر و چ وەکو ئاوازیش دەچێتە ناو سروشتی هەورامانەوە. سەرجەمی تیپی سلێمانیش هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا کە شێوازێکی تایبەت بۆ خۆی دروست بکات.

پ/ ئاوازەکانی تۆ مۆرکێکی کوردی هەیە، رەسەنن ئەمە یەکێك لەتایبەتمەندی ئاوازەکانی تۆیە کەوای کردووە ئاوازەکانت بناسرێتەوە چ تایبەتمەندێتیەکی دیکەت هەیە؟

و/ من هەمیشە هەوڵم داوە کە گۆرانیەك یا ئاوازێکی پوخت و رەسەن پێشکەش بکەم. حەزم نەکردووە بەرهەمەکە وەکو هێلکەی پاك کراو بخەمە بەردەستی خەڵك لەوانەیە ئەم خاڵە لەبواری شانۆو فیلما زیاتر دەرکەوێ وەك لەبواری گۆرانی و مۆسیقادا، بۆ ئەوەی قسەکانم روونتربێ نموونەیەك دەهێنمەوە، بۆ ئەوەی لەگۆرانی "سۆزی دەروون"ی ئەسعەد بگەین دەبێ چەندین جار گوێی لێبگریتەوە، تەنها جارێ نازانی گۆرانیبێژەکە چ دەڵێ. لەماوەی ئەو چەند جارەدا گوێگر زیاتر لە مۆسیقاکەو شیعرەکەش نزیك دەبێتەوە و پێی ئاشنا دەبێ. من لێرەدا مەبەستم بووە کە گوێگر بەیەك جار لەگۆانییەکە تێنەگات، واتە حەزم کردووە خەڵك زیاتر خۆی ماندوو بکات و زیاتر گوێ بگرێ، بەڵام تا ئێستا رۆژنامەوانێ لێی نەپرسیووم بۆ ئاوازەکانت وایە، جەماوەر زۆر جار دەڵێ بۆ مۆسیقای جوان و پێشکەوتووی وەك مۆسیقای فارسی یا عەرەبیتان نیە، من پێم وایە هەمانە بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە خودی ئەو جەماوەرە لێی قوڵ نەبۆتەوە. ئەو خەڵکە زیاتر بەشێوەیەکی حسی گوێ دەگرێ تا ئێستا خۆی بە لێپرسراو نازانێ بەرامبەر بە بایەخ دان لەکەلەپوری رەسەنی کوردی.

پ/ دەتوانی بەشێوەیەکی دی ئەم قسانەم بۆ روون بکەیتەوە؟

و/ تۆ کام گۆرانییەت پێخۆشە؟

پ/ با بلێم "شەو"ی کەریم کابان؟
و/ باشە هەموو شیعرەکەت لەبەرە؟
پ/ نە, بەڵام ئەوە بەلای منەوە زۆر گرینگ نیە, گرینگ ئەوەیە لەکاتی گۆانیەکەدا لەگەڵی دەژیم, تۆ بۆ پێت گرینگە کە گوێگر شیعرەکەی لەبەر بێ؟
و/ گۆرانی دوو لایەنی هەیە, شیعر و ئاواز, هەریەکەیان نەبێ هاوسەنگێکە تێکدەچێ. بۆیە نەبوونی هەر یەکێکیان بۆ ئێمەی مۆسیقازان لەنگیەك دروست دەکات.
پ/ تا ئێستاش پێم وایە ئەو لەبەرکردنە گرینگ نیەو ناشتوانم ئەو هەموو شیعرانە لەبەر بکەم, رەنگە خودی ئاوازدانەرەکانیش ئەو هەموو شیعرە ناسکانەیان لەبەر نەبێ, ڕەنگە تۆیش هەر وابیت؟
و/ من زۆربەی هەر زۆری ئەو گۆرانیانەم لەبەرە کە لەناخمدا رەنگ دەداتەوە یا بەدڵمن.
پ/ ئەوە تۆ, بەڵام بەهەر حاڵ دەمەوێ بچمە سەر بوارێکی دیکە یا مەسەلەی شیعر. وەکو باوە ئێوە شیعرێ دێنن و ئاوازێکی بۆ دادەنێین. ئایا پێچەوانەی ئەو حاڵەتەش هەیە؟
و/ بەڵێ. زۆر جار ئاوازێکم هەبووە کەباسی لەشتێکی دیاریکراو کردووە بەبێ ئەوەی هیچ هۆنراوەیە لەئارادا بووبێ, بۆیە خۆم داوام لەشاعیرێ کردووە کە شیعرێکم بۆ ئەو ئاوازە بنوسێ, من باسی وردەکارییەکانم بۆ دەکردن, باسی چوارچێوەی شیعرەکەم بۆ دەکردن, هەردوو رێك دەکەوتین و ئەوانیش شیعرەکان دەنووسی. بەم شێوەیە لەگەڵ حەسیب قەرەداخی و دلاوەر قەرەداخی و جەمال غەمبار و نوری وەشتێدا کارم کردووە, ئەمە خۆی لەخۆیدا قۆناغێکی نوێ بوو بۆمن.
هەندێ کۆڕاڵم هێنایە بەرهەم وەکو ئەڵلاوەیسی و خەونێك و خەمێ و چامەی عیشق و هەڵەبجە و پانۆرامایەك لەژیانی کورد ئەنفال هەموو ئەمانە بەوشێوەیە کارم تیا کرد, واتە بیرۆکەکەم دادەناو داوام لەشاعیرەکە دەکرد شیعرێکم بۆ بنووسێ کەباسی ئەو ئاوازە بکات, من بۆ ئاوازدانان ناچمە خەڵوەتەوە, بەڵام پێویستم بەوەیە بچمە ناو شیعرەکەوە. تیای قوڵ ببمەوەو لەگەڵیدا بژیم.
پ/ لەدانیشتەکانی رابرووەدا باسی قۆناغی دوای هەرەسمان کرد, باسی ژیانی ئاوارەیی عەرەبستان و چالاکیەکانی تۆمان لەعەرەبستان کرد. بەڵام دوای تەواوبوونی ئەو میحنەتە, کە مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی تەواو هەستێکی دیکە دایدەگرێ کۆمەڵێ خەون و هیواو ئارەزووی نوێی پێ دەبێ لە هەوڵی بەدیهاتنی دەدا لەشارەکەی خۆی دوای ئەوەی لەشاری "سەماوە" گەڕایتەوەو پێت خستە سەر خاکی کوردستان چ هەستێ دایگرتیو چۆن رووبەرووی رۆژە تازەکانی کوردستان بوویتەوە؟
و/ گەڕانەوەم بۆ خاکی کوردستان رووداوێکی گرینگ و زیندوو بوو, دووبارە هەوڵم دا شوێن پێی خۆم قایم بکەم و شتی نوێ وەبەرهەم بێنم. لەم بوارەدا من هەرگیز هەوڵو کۆششی دوکتۆر تاریق ئامێدی لەبیر ناکەم. ئەو مرۆڤێکی کورد پەروەر بوو, حەزی بە پێش کەوتنی هونەری کوردی دەکرد, تەنانەت ئەو سەردەمەی ئەو

سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بوو پشتگیرییەکی هەر زۆری دەکردین, کەم کەس واپشتی دەگرتین و یارمەتی دەداین, تەنانەت دوو پیانۆشی بۆ کڕین, یەکێکیان بۆ مەڵبەندی رۆشنبیری و کەشتێکی زۆر بوو ئەو کاتە.
بەهەر حاڵ لەمەسەلەی گەڕانەوەکەمدا بۆ کوردستان دەستی ئەوی تیا بوو, لەگەڵ هاتنەوەمدا ئەوەی پێ راگەیاندم کەدەبێ بەورییایەوە کار بۆ هونەری کوردی بکەم, چونکە بارودۆخەکە زۆر ناسکە, ئیدی لەزانکۆ بەرپرسی مۆسیقا بووم. لەزانکۆ لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێك کاری زۆرمان دەکرد, هەندێ لەوانە مامۆستا ولیەم یۆحەننا , جنان قوستەنتین , ئاسۆ سەڵتە ...هتد.
لەوێندەرێ ئامێری باشمان هەبوو, ستۆدیۆ و جێگەو رێگەی چاکمان هەبوو, دواتر کۆمەڵێ لەگۆرانیبێژە میللیەکانیشمان هێنا بۆ ئەوێ, لەلایەکی دیکەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە کۆمەڵێ لەو ئامێرە مۆسیقایانەی لە کوردستان بەکار دێن وەکو باڵەبان و سازو سەنتور و زەرب و دەف, کۆبکەمەوەو تیپێکی میللی بۆ زانکۆ دابمەزرێنین. لەو بەرهەمانە بەو ئامێرانە لەمەڵبەندی رۆشنبیری سەر بەزانکۆ تۆمار کرد, هەندێ گۆرانی بوو بۆ ئەسعەد قەرەداغی و کەریم خەمزەیی و ئیبراهیم عەبدوڵ, ئەم بەرهەمانە بەرهەمی زانکۆ بوو بەڵام دەست و پەنجەی تیپی سلێمانی لەپشتەوە بوو, لەلایەکی دیکەوە هەندێ ئەو کارەی منیان پێ ناخۆش بوو بەڵام بەلای منەوە ئەوە گرینگ بوو کەبەرهەمێکی کوردی جوان بخەینە بەردەستی جەماوەر.
پ/ ئەو کەسانە بۆ ئەو کارەیان پێ خۆش نەبوو؟
و/ نازانم, ئەگەر بڵێم حەسوودی بوو لەوانەیە راست بێت.
پ/ بەزمانێکی کوردی و روون ئەوان چییان دەویست؟
و/ ئەوان نەیاندەویست من کار لەگەڵ زانکۆ بکەم, بەڵام لەزانکۆدا کۆمەڵێ خەڵکی زۆر باش کۆببوونەوە بواری کارکردنەکە زۆر فراوان بوو, دواتر تیپی جازمان هەبوو, من پێم باش بوو ئەو فرسەتە بقۆزینەوە چونکە توانای مادی و معنەوی باشمان هەبوو لەزانکۆدا.
پ/ چ بەرهەمێکی ناودارتان تۆمار کرد لەگەڵ تیپی جازەکەدا؟
و/ دوو نموونەی باش چاوت جوانە و لەیلا و باخەوان گیان خۆم غەریبم و دەیان لەخۆتانە.
پ/ چی دیکە لەو بوارەدا شایەنی باسە؟
و/ زانکۆی بەسرا (خوارووی عێراق) بانگیان کردین بۆ ئەوەی ئاهەنگێك لەوێ بگێرین دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر کۆمەڵێك هونەرمەند و کۆرسێکی کەسیمان کۆکردەوە. لەو ناوانەی کەلەبیرمن هونەرمەندان: خالید سەرکار, سەلاح رەئوف, عوسمان عەلی, کەریم خەمزەیی, ئەسعەد قەرەداخی, کەلسووم ئەحمەد. تیپێکمان دروست کرد بە ئامێری میللی کوردی وەك دەف و باڵەبان و سەنتور و جۆرە .. هتد , لە هۆڵی زانکۆی بەسرەدا بەرهەمێکی کوردی ئەوتۆمان پێشکەش کرد کە بووە مایەی سەرسوڕمانی عەرەبەکان , ئەم بانگهێشتنە هی دیکەشی بەدوا دا هات. ئەمە لەلایەك, لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی سەر بەزانکۆ بووین پەیوەندیمان لەگەل زانکۆکانی دیکەشدا هەبوو و لەمیهرەجانەکانی زانکۆکاندا بەشدار دەبووین.

هـەر هـەمان جـار لەمەڵبەنـدی ڕۆشـنبیری زانکـۆی بەسـرە جـارێکی دی گـۆرانی و هەڵپـەرکێی کوردیمـان پێشکەش کـرد، سـەرجەمی خـەڵك و سـەرۆکی زانکـۆش بەشـێوەیەی بێ سـنوور ئـەوەیان پێخـۆش بـوو، ئـەو هەڵپەرکێ کوردییانەی قادر کوردی ئامادەی کردبوون، دەنگێکی سەیری لە زانکۆی بەسرە دایەوە.

پ/ لەزانکۆی بەسرەدا گەشتنە چ سەر ئەنجامێك؟

و/ دواتر من لەگەڵ لێپرسراوی چالاکی هونەری زانکۆدا دانیشتم و پێشنیاری ئەوەم کرد کە میهرەجانێکی ساڵانە بۆ هـەموو زانکۆکـان ڕێك بخـەین، چونکە زانکـۆمـان زۆرەو هـەر زانکۆیـەکیش بەرهـەمی هونـەری خـۆی هەیە، ئەو ئەم پێشنیارەی منی پێی خۆش بوو و بڕیاری دا لەلایەن زانکۆی بەسرەوە هـەمان پێشنیار بخاتـە بەردەم لێپرسراوان، چونکە تا ئەو دەمە میهرەجانی زانکۆکان لەئارادا نەبوو.

ئێمـە لـەزانکۆی سلێمانی هـەوڵمان بـۆ ئـەو میهرەجانـە داو تـا لەکۆتاییـدا کۆبوونەوەیـەك سـاز بـوو لـەنێوان زانکۆکانـدا لـەلای ئێمـە ئەحمـەد سـالار قـادر کـوردی و مـن ڕۆیـشتین و هێڵـە سـەرەکییەکانی فیـستیڤاڵی زانکۆکانمان کێشا، ئێمە بەهەندێ شرە کاغەزەو ئەوانی دیکەش بەجانتای دیبلۆماسییەوە یەکمان گرت، بەهەر حاڵ ئەوان پرۆگرامێکی ئەوتۆیان پێ نەبوو، بۆیە کە ئێمە باسی پرۆگرامەکەی خۆمـان کـرد، هـەموو ڕێزیان لێگرتین وپەسەند کرا.

پ/ ئەم پێشنیار و پرۆگرامانە لەبواری پراکتیکدا چۆن کاری پێکرا؟

و/ میهرەجانی یەکەم لە زانکۆی موسل کرا، ئێمە ئاهـەنگێکی هـەر زۆر جوانمـان پێشکەش کـرد، لـەو هۆڵـەدا سەدەها کەسمان لەگەل خۆماندا هێنا بووە جۆش و خرۆش، لەوێدا ڕێزێکی زۆرمان لێگیراو خەڵات کراین.

میهرەجـانی دووەم لەبەغـدا بـوو، بـەر لـەوەی بەرنامـەکانی خۆمـان پـەخش بکـەین جیهازەکانیـان تێـك داو وایەرەکانیان قرتابوون بۆ ئەوەی ئێمە نەتوانین ئاهەنگەکەمان بگێرین. بەڵام بەهەر حاڵ دواتر بەرهەمەکانمان پێشکەش کرد، لەو هۆڵەدا کە خەریکی پێشکەشکردنی شانۆنامەیەك بووین دەنگی سرودی ئەی ڕەقیب بەرز بووەوە، وابزانم بەیاننامەی کۆمەڵەش لەدەرەوە بڵاوکرابۆوە، شەو لەدەزگاکانی ئاسایشەوە هاتن بۆ ئوتێل و قادر کوردیان برد. دواتر کە گەڕایەوە کاتژمێری دووی شەو بۆ بەکورتی لەترسانا کاتژمێری چواری بەیانی بەرەو سلێمانی وەرێ کەوتینەوە.

مەسـەلەکان وا بەئاسـانی تـەواو نـەبوو. لـەدەزگاکانی ئاسایـشی بەغـداوە بڕیـار درا کـە لەگـەل هەموومانـدا بکۆڵنەوە ئەمە ترسێکی گەورەی لەلا دروست کردین، ئەوەی ڕویدا شتێکی دیکە بوو کە چاوەڕوانی نەبووین، هەموو ڕزگارمان بوو.

پ/ چۆن و بەچی؟

و/ دوای دوو هەفتـە بڕیارێـك دەرچـوو بـەپێی ئـەو بڕیـارە هـەموو ئـەو مەسـەلانەی کـە نـەبڕابووەوە یـا لێـی نەکۆڵرابووەوە پەردەی لەسەر دادرا و ئێمەش بەر ئەو بڕیارە کەوتین.

پ/ ئاهەنگەکانی ساڵانی داهاتووتان چۆن بوو؟

و/ ساڵی داهاتوو ئاهەنگی زانکۆکان لە زانکۆی بەسرە بوو. بەو ئاهەنگەدا زانکۆی سلێمانی پلەی یەکەمی وەرگرت. ساڵی دواتر ساڵی 1980 بوو, شەڕ لەنێوان عێراق و ئێراندا هەڵگیرساو چالاکی کەم بووەوە, زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر گوێزرایەوە. من هەر لە سلێمانی مامەوە, بەهیچ شێوەیەك حەزم نەدەکرد بۆ هەولێر بچم, بۆیە وازم لەزانکۆ هێناو خۆم گواستەوە بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەسلێمانی.

پ/ ئەگەر باس لەبەرهەمەکانی تیپی میللی زانکۆ بکەین ئەوە هەندێ کەستان هێنایە بەرهەم کەتا کۆتایی تیپەکەش لەئاستێکی زۆر نزمدا بوو, بۆ نموونە کەریم خەمزەیی کە خاوەنی بابەتێك بوو یا لەسەر بابەتێك گۆرانی ئەووت زۆر دوور بوو لەشێوەی کاری تۆو ئەوانی دیکەوە. کارکردن لەگەڵ ئەو ئاستە نزمەدا چی بۆ ئێوە دەگەیاند؟ بۆ ئەو کارەتان کرد؟

و/ من ئەو دەمیش لەبەر چاوو بوو, بەڵام دەمانوویست سود لەو دەنگە میللیانە وەربگرین. تاقیان بکەینەوەو بزانین چییان پێدەکرێ. خەمزەیی یەکێ بوو لەوانە, محەممد برایم عەبدوڵ یەکێکی دیکە بوو کە زۆر درەنگ شتی وەرئەگرت. بەڵام خەڵك ئەوەیان پێ خۆش بوو یا با بڵێم ئەو چوارچێوەیەی ئێمەیان پێخۆشە کە بۆ گۆرانیەکانی ئەوانمان دائەنا. لەو سەروبەینەدا سەدان قوتابیمان دەبردە ناو سروشت و لەگەڵ گۆرانیەکانی کەریم خەمزەییدا هەڵپەرکێیان ساز دەکرد, گرتنی ئەو دیمەنانەی دەرەوە بەکامێرا جوانییەکی دیکەی دەبەخشیە بەرهەمەکە. بەڵام ئەوەش تاقیکردنەوەیەك بوو. مەرجیش نیە هەموو تاقیکردنەوەیە سەرکەوتوو بێ. بەڵام بەگشتی ئاستێکی میللی چاك بوو تائێستاش لەویژدانی هەزاران دا ماون.

پ/ چ سوودێکتان لەو دەنگانە وەگرت؟

و/ ئێمە زۆر شتمان لەواندا گۆڕی, دوایی کۆمەڵێ گۆرانیمان لەرێگەی ئەوانەوە بەگوێی خەڵك ئاشنا کرد. وەکو گۆرانی هەڵپەرکێش خەڵك زۆری حەز لەخەمزەیی بوو, کۆنتریش ئەو گوێگری خۆی هەبوو, بەڵام گوێگرێکی سنوورداری هەبوو.

پ/ بەڵام ئێوە ئەوتان گواستەوە ئاستێك کە خەڵکێکی بەتواناو رۆشنبیر گوێی بۆ رادێرێ.

و/ راستە ئەو خەڵکە رۆشنبیرە, جەماوەری تیپەکە بوو نەك جەماوەری ئەو.

پ/ لەو گۆرانیانەدا من هەستم بەوە دەکرد ئاستی مۆسیقاکە زۆر لەئاستی گۆرانییەکە یا دەنگەکە بەرزتر بوو.

و/ نەك هەر لێرە بەڵکو لەهەر هەموو بەرهەمەکاندا ئاستی مۆسیقاکە زۆر لەئاستی گۆرانیەکە یا دەنگەکە بەرزتر بووە, چونکە توانای مۆسیقازانەکانمان لەسەرووی توانای گۆرانیبێژەکانمانەوەبون.

پ/ هەستتان دەکرد ئەو گۆرانیبێژانەی وەك خەمزەیی وبرایم عەبدول دوای کارکردن لەگەڵتاندا گۆڕان؟

و/ بەڵێ, بەڵام بەپێی پێویست نەگۆڕان, گۆڕانەکەیان زۆر سنوردار بوو, ئەوان وەکو تووتی گۆرانییان لەبەر بوو, ئێمە چوارچێوەیەکمان بۆ ئەو گۆرانییانە دائەنا. گرفتەکە لەوەدا بوو ئەوان لەو چوارچێوە هونەرییە تێنەدەگەیشتن.

پ/ ئەتوانم بڵێم گۆرانی بەلای ئەوانەوە تەنها شتێکی ئەبستراکت (مجرد) بوو؟
و/ بۆ نا, ئەوان تەنها گۆرانییەکەیان بەلاوە مەبەست بوو, ئیدی چەن دابەشکردنی مۆسیقاکە جوان بێ یانا ئەوە گرینگ نەبوو, دەرهێنان و دابەش کردن و وێنەگرتنی جوان شتی لاوەکی بوون بۆ ئەوان, ئەوەندە گرینگ نەبوو ئەگەر ئاوازەکە نەشاز بێ یا نا, ئەوان لەوە تێنەدەگەیشتن تەنانەت نەشیان دەزانی چۆن لە گۆرانیەکەدا دێنە ژوورەوە یا چەند دەنگ بەرز ئەکەنەوە یا چۆن مایکرۆفۆنەکە بگرن .. هتد بەڵام حاڵ ئەویش تاقیکردنەوەیەك بوو. نەك بۆ ئەوان بەڵکو بۆ هەندێ گۆرانی بێژی باشیش ناچار بووین گۆرانیەکان پارچە پارچە بکەین و دوایی لەیەکیان بدەینەوە. گۆرانی بێژەکان رەخنەو گلەییان لە ئاوازەکان نەبووە, ئەوەش کارێکی باش نیە, پرۆسەکە بەرەو پێشەوە نابات.
پ/ ئەی چۆن لەگەل خەمزەیی و عەبدول توانیتان کۆمەڵێ گۆرانی لەدەرەوەی ستۆدیۆ تۆمار بکەن. ئەو گۆرانییانە ئەرك و ماندووبوون و شارەزایی زۆری دەویست. مەبەستم گروپی "هەی زێنێ" و "مهاباتم مهابات"و...هتد.
و/ دەمانویست ئەو تاقیکردنەوە تازەیەش بکەین, ئەو دەم تەنها ئەو گۆرانی بێژە میللییەکانمان لەدەور بوو, تۆمار کردنی ئەو گۆرانییانە لەدەرەوەو, لەگەڵ چەند سەد کەسێ کە بەرازاوەترین جلەوە هەڵپەرکێیان دەکرد کارێکی ئاسان نەبوو, هونەرمەند بەدیعە دارتاش لەئامادەکردنی کچانێکی زۆر لەکاتی ئامادەکردنی ئەو گۆرانییانەدا یارمەتییەکی زۆری داین.
ئەو گۆرانییانە هەموو دۆبلاج کراون, ناراستەوخۆ تۆمار کراون. هەموو ئەو خەڵکە لەبەر تەسجیلێکی شردا هەڵدەپەرین, دواتر دەنگەکانمان لەستودیۆ دۆبلاج دەکرد لەگەڵ وێنەکاندا بەڵام بۆ گۆرانی کوردی شتێکی نوێ بوو, مەبەستم جۆری گۆرانییەکە نیە بەڵکو دەرەوەی ستۆدیۆیە.
پ/ کێ‌ی دیکە لەبواری درەهێنان و وێنەگرتن دا یارمەتی داوون؟
و/ هەندێ جار ناسر حەسەن و کەسانی دیکە  بۆ کاروباری خۆیان بۆ سلێمانی دەهاتن. لەگەڵ کارەکانی خۆیاندا هەندێ بەرهەمیان بۆ ئێمەش تۆمار دەکرد.
پ/ هەر لەوێشەوە تیپی مناڵانتان دروست کرد؟
و، نا, تیپی مناڵان شتێکی دیکە بوو, هونەرمەندان: دلێر برایم و عوسمان محمد رۆڵیان تیادا هەبوو. تیپەکەشیان ناوی باشی هەبوو. کەسانی بەتوانای تیادا بوو. ئێمە بۆ خۆمان لەگەل ئەو مناڵانەدا بەیەکەوە هەندێ لەکاری –موزارت–مان لێدەدا کارزان و فەرمان و دووان بوو لەو مناڵانە, بەڕای خۆم ئەگەر کارزان بمابایە هونەرمەندێکی گەورەی لێ دەردەچو.
دامەزراندنی ئەم تیپی کاردانەوەی خۆی هەبوو لەسەرانسەری عێراقدا, عەرەبەکانیش دواتر بیریان لەوە کردەوە, کە خالید سەرکاریش تیپی ئافرەتانی دامەزراند, هەر بەهەمان شێوە عەرەبەکان بیریان لەدامەزراندنی تیپی ئافرەتان کردەوە, نەك هەر ئەوە بەڵکو لەهەولێرو دهۆکیش تیپی ئافرەتان دامەزرا.

پ/ هەست دەکەیت عەرەبەکان کەوتبێتنە ژێر کارتێکردنی ئێوەوە؟
و/ بەڵێ, نموونە لەو بارەیەوە هەیە, تەنانەت هەندی شتی ئێمەیان وەرگرتبوو لەقاڵبێکی عەرەبیدا دایان رشتبوو..

* * *

پ/ کە لەسەماوە گەڕایتەوە بۆ کوردستان, چۆن لەگەڵ تیپی سلێمانیدا دەستتان بەکار کردەوە؟
و/ لەو کاتەشدا کەمن لە سلێمانی نەبووم, هاوڕێیانی تیپ بۆمن بەوەفا بوون و منیش تامەزرۆی گەڕانەوە بووم بۆ لای ئەوان بۆ ئەوەی دەست بەکار بکەمەوە.
یەکەم شت دەستمان کردەوە بەچاککردنی ستۆدیۆکەی خۆمان, جیهازەکانی خۆمان کۆکردەوەو ژوورەکەمان چاک کردەوەو دەستمان کرد بە بەرهەم هێنان, تیپ لەبنایەکەی تەوفیق قەزازدا بوو. هەر لەو ژوورەدا جوانترین بەرهەمی کوردیمان تۆمار کرد, هەر لەوێ بەرهەمەکانی –1976–مان تۆمار کرد. دوکانەکان هەموو کاسێتێکیان بە 20 دینار لێ کڕین, لەو مەسەلەیەدا غەدریان زۆر لێکردین. ئەوان چەندەها هەزار دینار قازانجیان لێکرد بەڵام ئامادە نەبوون بەپارەیەکی باش بەرهەمەکانمان لێ بکڕنەوە. کە پارەکەش بۆ سندوقی تیپەکە بوو بۆ کاری هونەری.
پ/ ئەوان وەکو مەسەلەی مۆڕاڵ با یارمەتی تەماشای ناکەن, بەڵکو وەکو هەر بازرگانێ تەماشای سودو زیان دەکەن, بازرگان هەمیشە چاو لەسودی خۆی دەکات.
و/ بەڵێ, بازرگانییەکی رووت و قوت, بەڵام بەهەرحاڵ بەرهەمەکە رەواج و بازاڕی باشی هەبوو, دواتر لەتەلەفزیۆنی کەرکوک تۆمارمان کرد. دواتر بەهەمەکانی 1977 و 1978 و 1979 بەسەرداهات, هەندێکمان لەبەغدا تۆمار کرد.
پ/ کەواتە بوژانەوەی سەر لەنوێی هونەری کوردی بوو بە واقیعێك لەدوای هەرەسەکەوە.
و/ دەقاودەق, ئەمەش وای کرد کە هەوڵی ئەوە بدەین پەیوەندی بەتیپی هەولێرەوە بکەین, بەهونەرمەندانی کەلارو دەربەندیخان. بەهونەرمەندانی کەرکووک بۆ زیندووکردنەوەی تیپی سۆلاف کەلەوێ هەبوو, بەڵام بەداخەوە تیپەکە بەرەو نەمان رۆشت.
لەلایەکی دیکەوە خەڵکانی تر بەرەو لای ئێمە هاتن. ئێمە ژمارەمان زیادی کرد و تیپەکەمان گەورەتر بوو, دواتر چەند لیژنەیەکمان دانا بۆ تەماشاکردنی ئاوازەکان, شیعرەکان,... هتد.
پ/ هەماهەنگی نێوان ئەو لیژنانە چۆن بەڕێوە دەچوو؟
و/ لێرەدا حەز دەکەم ئاماژ بەیەك خاڵ بکەم ئەویش ئەوەیە هەندێ جار هەندێ بۆڵەبۆڵی ئەوەی دەکرد کە گوایە من خۆم هەموو کارەکان دەکەم.
پ/ لەراستیدا وانەبوو؟

و/ زۆربەی کارەکان دەستی منی تێدا بوو, زۆرجار وازم لەکارێ دەهێنا بەڵام هەر دەگەڕایەوە سەر خۆم, ئەمە مانای ئەوە نیە کە برادەران کاریان نەدەکرد. نا بەڵام من ئەرکی هونەریم زۆر لەسەرشان بوو لەوان زیاتر.
پ/ ئەم گەشەسەندنەی تیپی سلێمانی لەپراکتیکدا چی بۆ ئێوە سەلماندو کاردانەوەی چی بوو؟
و/ ئەوەی سەلماند کە ئێمە دوای هەرەس هەرماوین و دەست لە ژیان و سەربەرزی هەڵناگرین. وەکو هونەرمەندیش هەموو ئاوات و هەوڵەکانمان لەقاوغی هونەرەکەدا دادەڕشت. رەنگدانەوەی ئەم هەوڵانەی ئێمەش ئەوە بوو کەلەشارە جیاوازەکانەوە ئێمە بانگ دەکراین بۆ گێڕانی ئاهەنگ. بۆ نموونە یانای مامۆستایانی هەولێر پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین و ئێمەش ئاهەنگێکی بێ وێنەمان لەیاریگای هەولێردا نواند. لەبەغداو شارەکانی دیکەشەوە بانگ دەکراین.
پ/ پێتان وایە ئێوە گەشاوەترین تیپی مۆسیقابن لەسەرانسەری عێراقدا؟
و/ من پێم وایە تیپی سلێمانی یەکەم تیپ بوو بگاتە ئەو ئاست و شێوازە بەرزە, شێوازێکی بەرز, مۆسیقایەکی بڵند, کە جۆرەها شتمان بۆ یەکەم جار لەعێراقدا بەکارهێنا, تۆ تەماشای ئەو دابەشکردنی مۆسیقایە بکە لەبەرهەمەکانی ئێمەدا, ئایا ئەو دابەشکردنە لەمۆسیقای عەرەبەکانی عێراقدا دەبینی؟ ئایا کۆڕاڵی واجوانت لەبەرهەمی عەرەبەکاندا بینیوە؟ نەك هەر ئەوە بەڵکو لەهەندێ بەرهەمدا دەتوانم باسی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان بکەم نەك هەر عێراق.
زۆر لەعەرەبەکان داوایان لێ دەکردین کە مۆسیقایان بۆ لێبدەین, بەڵام ئێمە بڕیارمان دابوو تەنها مۆسیقای کوردی لێبدەین. لەهەمووی گرنگ تر ئێمە لەسەر ئەرکی خۆمان لەرووی مادی و معنویەوە تیپمان بەرێوە دەبرد, هیچ کۆمەکێکی دەرەوەمان نەبوو.
پ/ ئەگەر واز لەکوردستان بهێنین و هەنگاو بەرەو پایتەخت بنێین, پێت وانیە ئێوە دەبوایە چەخت لەسەر ئەوە بکەن بوونی خۆتان لەنێوەندە غەیرە کوردەکان بسەپێنن؟ چونکە پایتەخت مەڵبەندی جموجۆڵی بێگانەوە غەیرە بێگانەیە.
و/ دوای هەرەس بارودۆخی کورد بەرەو خراپی دەچوو, زۆر قورس بوو بۆ کورد بانگەشەی زۆر شت بکات و تەنانەت لەزۆر کاتیشدا بڵێ من کوردم. ئێمە لەرێگەی هونەرەکەوە ئەوەمان کرد, بەلای دەوڵەتەوە هونەر زمانێکی نەرمتری کوردی لەئاستێکی گەشدا بوو کە نەدەکرا نکوڵی لێبکرێ, بەهەرحاڵ تێکەڵ بوونی ئێمە لەگەڵ زۆر خەڵکدا بواری هەندێ پەیوەندی بۆ رەخساندین, لەنێو خودی عەرەبەکاندا کەسانی هونەرمەند هەبوون کە زۆر بەرز بەرهەماکانی ئێمە دەنرخاند, نەك لەبەر ئەوەی دڵیان پێمان دەسووتا یا خۆشیان دەویستین بەڵکو لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی ئێمە لەئاستێکی ئەوەندە بەرزو نوێدا بوو نەدەکرا نکوڵی لێبکرێ, بۆیە لەرێگەی پەیوەندییەکانی خۆمانەوە داوامان لە (مونیر بەشیر) کرد کە سەرۆکی "ئیدارەی هونەرەکانی مۆسیقا" بوو بۆ ئەوەی بەشداربین لەرۆژی جیهانی مۆسیقا, ئەو ئاهەنگە ساڵانە لەبەغدا ساز دەکرا. بەبڕك و بیانووی نەبوونی پارە رێگەیان نەداین.

ئێمە ئامادە بووین هەموو پارەکان خۆمان بیدەین بەڵام دیسانەوە نەیان هێشت. بۆ ساڵی داهاتوو 1978 دیسانەوە جەختمان لەسەر ئەو رۆژەکرد, سەرئەنجام ئەوان تەنها 300 دیناریان بۆ هاتووچۆ بۆ داین و خۆشمان هەزار دینارمان کۆکردەوە, ئەمە ئەرکێکی زۆری خستە سەر شانمان بەڵام ئامادە بووین بیگرینە ئەستۆ, سەر ئەنجام لەبەغدا لەهۆڵی "الشعب" ئاهەنگێکی زۆر بێ وێنەمان پێشکەش کرد.
ئەم کارە ئەستێرەی هونەری کوردی زیاتر گەشاندەوە, ئێمەش سوورتر بووین لەسەر ئەوەی ساڵانە خۆمان لەوێ بسەلمێنین. بۆ ساڵی 1979 رۆژێکیان بۆ تەرخان کردین لە هۆڵی "الخلد".
پ/ بابەتەکانی ئێوە لەرۆژی مۆسیقای جیهانیدا چی بوو؟ مەبەستم گۆرانی نوێ و شێوازی داهێنراو بوو یا گۆرانی فۆلکلۆری بوو؟
و/ ئێمە لەو جۆرە ئاهەنگانەدا کە بۆ غەیرە کورد پێشکەشمان دەکرد هەمیشە دەمانویست رووی رەسەنی هونەری کوردی پیشان بدەین, واتە کۆمەڵێ گۆرانی فۆلکلۆریمان ئامادەکرد, کۆمەڵێ هەڵپەرکێ لەناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە,..هتد خەڵکێکی زۆر ئامادە دەبوون لەبەر دەرگا, ئەو جەماوەرە ئەوەندەتامەزرۆی بەرهەمەکانی ئێمە بوون چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد بەهێمنی بچنە ژوورەوە, بۆیە دەرگاکانیام دەشاکاندو بەلێشاو خۆیان دەکرد بەژوورا.
پ/ هەموو شتەکان لە عێراقدا بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێ: یەکێ یا تیپێ لەسەرەتاوە هەنگاو دەنێ, گەروە دەبێ و ناودار دەبێ, ئەوجا دەبێ گۆرانی بۆ سەرکردەی سیاسی بڵێ و دوا هەنگاویش دەکوژرێ یا لەناو دەبرێ, ئێوە ناودار بوون بەڵام دەوڵەت چەند فشاری خستە سەرتان بۆ ئەوەی گۆرانی بۆ سەرکردەی سیاسی بڵێن و چۆن خۆتان رزگار کرد؟
و/ دەوڵەت فشاری زۆر خستە سەرمان. هەموو جارێ بەبیانوویەك خۆمان رزگار کرد, بەڵام بەهەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بارەکە زۆر ئاڵۆز بوو, ئێمە دواتر یادی رۆژی مۆسیقای جیهانیشمان هەر لەسلێمانی دەگێڕا. دەمانویست گەڕمان پێ نەکەن, بۆیە لەناو تیپدا بڕیارمان دا کەسەری خۆمان کز بکەین و لەجموجۆڵی هونەری دوور بکەوینەوە بۆ ئێمە زۆر سەخت بوو بەردەوام بین, چونکە هەموو عێراق گۆرانی بۆ عێراق و سەرکردەی عێراق دەووت تەنها بەشێکی کوردستان نەبێ, خۆ رزگارکردن لەو داوە ئاسان نەبوو بۆیە وازمان لەپرۆڤە و مۆسیقا لێدان هێناو بەدزیەوە بەرهەممان تۆمار دەکرد.
پ/ تا کەی؟
و/تا دەستپێکردنی وتوێژی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی و دەوڵەت لە ساڵی 1984 دا ئێمە دەستمان بەکارکردن کردەوە و هەندێ بەرهەممان تۆمار کرد, ئەم بارودۆخە هەر بەردەوام بوو بەڵام ئێمەش زۆر وریا بووین و زۆریش دەترساین, دوا بەرهەممان لەتەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمار کرد, ئەویش ئەو کۆمەڵە بوو کە لەگەڵ "هۆبرای کاروانچی" بوو, خودی ئەم گۆرانییە کێشەی زۆری بۆ دروست کردین, ئێمەش مەبەستمان بوو سەربگرێ, نا لەبەر ئەوەی ئاوازی خۆم بوو بەڵکو لەبەر ئەوەی باسی ئازارێکی مەزنی گەلەکەمانی

دەکرد. باسی کارەساتی گواستنەوەی دەکرد. شیعرەکەی دڵشاد مەریوانی نووسی بووی, بۆ هەر گۆرانییەك 25 دیناریان داینێ, بەڵام لەناخی خەڵکەکەدا شتێك بوو مەزن.
بەڵام دووبارە بارودۆخەکە ئاڵۆزاو باری کورد رووی لەلێژی بوو, جەنگی ئێران – عێراق تەواو بوو حکومەتی بەهێز بوو. تەنها کورد مابوو لەئارادا ئەویش بەچەکی کیمیاوی لەهەڵەبجە شەهیدکراو ئەنفالی بەسەردا هێنرا بێ ئەوەی رای نێودەوڵەتی هیچ بڵێ, ئەمانە حکومەتی عێراق بەهێزکردو کوردیش ترسی لێ نیشتبوو, ئەم ترس و لەرزە هەر بەردەوام بوو تا هەتاوێکی نوێ هەڵهات. راپەڕینی بەهاری 1991 بووە واقیعێکی زیندوو لەژیانی ئێمەدا.
پ/ پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە جەماوەری ئێوە لەئاستێکی نزمدا بوون و هەموو بەرهەمێکی نوێیان پێ قوت نەدەدرا, ئێوە چ کارێکتان کرد بۆ ئەوەی بەرهەمەکانتان قبوڵ بکەن؟
و/ جەماوەری ئێمە هەر هەمان جەماوەری جاران بوون, بەڵام بەپێی کات گۆڕانکارییان تێ کەوت, بەر لەراپەڕین بەرهەمەکانمان زۆر بەرێکی پێشکەش دەکرا, بەڵام دوای راپەرین ئەو شێوە کارە بەو رێكو پێکییەی جاران نەما. لەلایەکی دیکەشەوە بەرهەمەکانمان وا پێشکەش دەکرد کەخەڵکی بیانیش بیانبینێ.. دوای راپەرین بەرهەمی هونەری ئەتوانم بڵێم (زۆر و بۆر بوو) بەڵام تیپی سلێمانی وەك خۆی بوو.
پ/ بابە شێوەیەکی تر بۆ پرسیارەکە بچین.جاران خەڵك خاوەنی ئاستێکی رۆشنبیری بەرز نەبوون, یا راستتر بڵێم کەسانێ کەخاوەنی ئاستێکی رۆشنبیری بەرز نەبوون لەکۆمەڵگادا ئەوەندە زۆر نەبوون, بەڵام ئەورۆکە بەشێکی گەورەی جەماوەری ئێوە خاوەنی ئەو ئاستەن, بۆ نموونە قوتابیانی زانکۆن, بەم گۆرانکارییە دەتوانین بەرهەمەکانتان راستەوخۆ لەلایەن جەماوەرە نوێکانتانەوە بێ سێ و دوو قبوڵ دەکران؟
و/ ئێمە لەگەڵ ئاستی جەماوەرەکانمادا دەڕۆیشتین و پەرەمان بەکارەکانمان دەدا, جاران لەبەر ئەوەی ئەوان خاوەنی ئاستێکی هونەری نەبوون بەرهەمەکانیان لەئێمە وەر نەدەگرت, پێیان خۆش نەبوو, بەڵام ئەوڕۆکە نەك هەر وەری دەگرن بەڵکو ڕەخنەشی لێدەگرت, پرسیاری دەخەنە سەر ئەوە مایەی دڵخۆشییە بۆ ئێمو, خاڵێکی سەرەتاسەریە لەرێڕەوێکی راستدا.
پ/ رەنگە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەم بوارەدا رۆڵێکی باشی بینیبێ؟
و/ بێگومان وەك دەزگایەك, ئینستیتیویەك لەزۆر بواردا ڕۆڵی گرینگ دەبینێ.
پ/ لەم ئاستەدا چۆن پەیتان بەکۆڕاڵ برد, ئەو جەماوەرە چۆن کۆڕاڵی (وەك هونەرێکی بەرز) وەرگرت؟
و/ ساڵی 1976 – 1977 فیستیڤاڵی پەروەردە بوو لەسەرانسەری عێراقدا. یەك دوو بەرهەمی جوانمان لەوێدا پێشکەش کرد وەك: لەیلێ نووستووە, جانێ هەی جانێ و هۆمەجۆ. لەو بەرهەمانەدا فەریدون دارتاش, خالید سەرکار و من هاوکاریمان دەکرد. کاك خالید لەچالاکی قوتابخانەکان هەوڵی زۆری لەگەڵ دەدان, من پێم وایە ئەگەرچی دەنگەکان زۆر پاك نەبوون, بەڵام هەنگاوێکی چاك بوو لەبواری کۆڕاڵدا.

بۆ ساڵی داهاتوو کۆڕاڵی ((غەزاڵی)) مان پێشکەش کرد, بۆ ساڵی داوتر داوا کرا لەشارەکان کە کۆڕاڵ پێشکەش بکەن . ئێمە زیاتر خەریکی کۆڕاڵ بووین و جەماوەریش بەشێوەیەکی باش پێشوازییان لێکرد, دواتر من خووم دایەوخەریکی ئەم بابەتە بووم, لەپەیمانگاش پەرەمان پێدا, چوون لەوێ کادیری باش هەبوو, دواتر هەوڵمان دا کۆڕاڵی رۆژهەلاتی پێشکەش بکەین, کۆمەڵێ گۆرانیمان ئاوێتەی یەکتر کرد, وەکو گۆرانیەکانی عەلی مەردان, سەید ئەسغەر, مەلا کەریم و ....هتد, لەپاڵ ئەمانەشەوە کۆمەڵێ کۆڕاڵی نوێمان هێنایە بەرهەم, لەم بوارەدا خۆم هەندێ بەرهەمم هەبوو لەوانە: (خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم) , (خەونێك و خەمێ) و (مامە سێوە) , (ئەڵلا وەیسی) و چەندینی تر, هەروەها لەکارکردندا بووین لەگەل (مەم و زین) بەلام بەهۆی شەڕەوە (ڕاپەڕین) بەجێمان هێشت. بەرهەمی سەرکەوتووی دیکەشم (پانۆرامایەك لەژانی کورد) و (چامەی عەشق) بوو, جگە لەمانەی سەرەوە من سێ کۆڕاڵیشم لەسەر هەڵەبجە هەیە.

پ/ لەو ڤیستیڤالانەدا , کۆڕاڵی عەرەبی لەچ ئاستێکدا بوو؟

و/ بەرهەمە عەرەبیەکان تەنها گۆرانی ئاسایی بوون, ئەوان کۆڕاڵیان نەبوو, ئەو دابەشکردنەی ئێمە لەمۆسیقاو دەنگەکاندا دەمانکرد زۆر لەسەرووی کارەکانی ئەوانەوە بوو.

پ/ چ شتێکی نوێ لەکۆڕاڵدا هاتە ئاراوە؟

و/ زۆر شت, لەوانە جوڵانەوە, دابەشکردنی مۆسیقا, دەنگ, سیناریۆ, هێنانە ناوەوەی مەقام و شیعرو ...هتد. ئەمانە سەرەتایەکی چاك بوون بۆبیر کردنەوە بۆ چوون بەرەو ئۆپرا.

پ/ کاردانەوەی ئەم کارە نوێیەی ئێوە لەسەر قوتابیەکانی پەیمانگا چی بوو؟

و/ زۆر پۆزەتیڤانە بوو, ئەوانیش بیریان لەم کارانە دەکردەوەو حەزیان دەکرد لەگەڵیدا کار بکەن, یەکێ لەقوتابیەکانمان (کە دواتر لەپەیمانگادا وانەی دەووتەوە) لەیادی "مامڵێ"دا کارێکی زۆر جوانی نمایش کرد.

پ/ ئاوێتەکردنی 3-4 دەنگ لەگەل چەندین دەنگی مۆسیقا هاوکات لەگەڵ جولانەوەی ئەکتەرەکان, هونەرێکی کوردی بەرزی هێنایە بەرهەم کە زۆر ئاستەمە جەماوەری کورد کۆڕاڵی لەبیر بچێتەوە. ئەم بەرهەمە من لەسەر ئاستی هەموو عێراقدا وا بەجوانی نەمدیوە ئایا ئەمە تەنها هەستی منە یا لەراستیدا کورد لەو بوارەدا لەپێش عەرەبە عێراقییەکانەوە بوو؟

و/ نا, بێگومان ئەو هەستی هەموو خەڵك بوو, بەلام جەماوەری ئێمە زۆر بەپەلە بوو, ئەم ساڵ کەگوێ لەبەرهەمێ دەگرت, بۆ ساڵی داهاتوو داوای بەرهەمێکی بەرزتر و پوخت تری دەکرد, بۆیە بەبەردەوامی گۆڕانکاریمان دەخستە ناو کۆڕاڵەکانەوە, لەلایەکی دیکەوە ئێمە فریای ئەوە نەدەکەوتین کەهەموو ساڵی شتی زۆر نوێتر بهێنینە ئاراوە. کات تەنگی پێهەڵچنیبووین, رەنگە بۆ من چەند کۆڕاڵی بەس بێ, بەلام بۆ ئاستی سەرجەمی میللەتەکە یەك, دوو, دە کۆڕاڵ بەس نیە, من پێم وایە لەسەر خەموو بابەتێ, هەموو جۆرە کۆڕاڵێ چەندین نموونەمان پێویستە تا جێی خۆی بگرێ و لای خەڵك بچەسپێ.

کۆڕاڵ کارێکی سەختەو ئەوانەی کۆڕاڵیش دەهێننە بەرهەم لەکوردستاندا زۆر کەمن, لەهەندێ کۆڕاڵدا پرۆڤەم بە 120 قوتابی دەکرد, لێرەدا دەمەوێ بڵێم جەماوەری سلێمانی جەماوەرێکی تایبەتە, لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێم کە کۆڕاڵی "ئەڵلا وەیسی" مان بۆ هەولێر برد, لەوێندەرێ پێشوازیەکی باشی لێنەکرا کە لێرە لە سلێمانی هاتن بۆ ئەوبەرهەمە شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو, کەچەند خەڵك دەهات.

پ/ من ئەوە ناونانێم جەماوەری سلێمانی یا هەولێر یا سنە بەڵکو دەتوانم لێرەدا باس لەجەماوەری بەرهەمی رەسەن و نارەسەن بکەم یا جەماوەری ...

و/ بەڵێ .

پ/ کۆڕاڵ تابلۆی بەرهەمێکی رەسەن و بەرزە, بەڵام دەتانویست لەدوای کۆڕاڵەوە هەنگاو بۆ ئۆپێرا هەڵبهێنن, لێرەوە دەمەوێ بچمە ناو بابەتێکی دیکەوە: ئایا کورد بۆ ئۆپێرای نیە؟

کەمتەرخەمی لەجەماوەردایە یا لەخودی مۆسیقا زانەکاندایە؟ پێداویستیەکانی ئۆپێرا چیيە؟

و/ ئەگەر تۆ حەز لەکۆشکێکی گەورە و نازدار بکەیت, دەبێ زەوییەکی گەورەو باشت هەبێ, پارەیەکی باش و وەستایەکی باش و کەرەسەکانی دیکەشت لەبەردەست دابێ, ئۆپێرا کارێکی گەورەیە, پێداویستی زۆرەو ئەوڕۆ لای ئێمە دەست ناکەوێ, سیمفۆنیاش هەر بەو شێوەیە, ئێمە سیمفۆنیامان نیە چونکە مۆسیقالێدەری هەندێ ئامێری مۆسیقامان نیە, نووسەری سیمفۆنیامان نیە, ئەوانەی کە کورد هەیەتی هەموو لەئاستی تاقیکردنەوە دان و کەمن.

پ/ لەوانەیە مرۆڤ ئەگەر کەرەسەکانی لەبەردەستدا نەبێ, بیر لەدروستکردنی کۆشکیش نەکاتەوە؟

و/ بیریش بکەیتەوە ناتوانی هیچ بکەیت. لەیادمە لەساڵی 1982 لەگەڵ تیپی مناڵاندا سیمفۆنیای چلی (40) مۆزارت–مان نمایش کرد, بەڵام لەجیاتی ڤیولا ئۆکۆردیۆنمان بەکارهێنا.. هتد. هەندێ ئامێری پێویست بوو کە ئێمە نەمانبوو, بێگومان کە ئامێرەکەمان نەبێ کادیری هونەریشمان نیە کە بتوانێ کار بەو ئامێرانە بکات, زۆر سەختە سیمفۆنیا ئاوا بهێنرێتە بەرهەم.

پ/ کەواتە تۆ چۆن دەتویست لەرێگەی کۆڕاڵەوە بۆ ئۆپێرا بچی؟

و/ بڕوانە : ئەگەر کۆڕاڵی (ئەڵلا وەیس) بینی ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کەچۆن لەرێگەی مۆسیقاو جولانەوەی ئەکتەرەکانەوە بینەر دەگەڕێتەوە بۆ دەشتی گەرمیان و بۆ ناخی خەڵکی کورد. چۆن توانیمان پەیامێ لەرێگەی مۆسیقاوە بەخەڵك بگەیەنین. چۆن چیرۆکی بەمۆسیقا دەگێرینەوە...هتد ئەو دەم دەزانی کە دەتوانین لەوێوە بەرەو ئۆپێرا هەنگاو بنێین.

نموونەیەکی دیکە کۆڕاڵی (پانۆرامایەك لەژیانی کورد)ە. من تائێستاش کەبیر لەدیمەنەکانی ئەو کۆڕاڵە دەکەمەوە موچڕك بەلەشمدا دێ 25 دەقە, 100 کەش سرودی سەرکەوتن بۆ کوردستان دەڵێن.

پ/ کەواتە مۆسیقای کوردی دەیەوێ دوا رۆژێك, بەرهەمێکی داهێنەرانە بۆ خۆی دابین بکات, ئەو بەرهەمە دەبێ چۆن بێ؟!

و/ بەرهـەمێکی داهێنەرانـە مـن بـڕوام بەلاسـایی کردنـەوە نیـە, چـەندەها کـەس هـەن شـان و باڵیـان وەکـو کامکارەکـان دەجوڵێتـەوە بـەڵام ئـەوە داهێنـان نیـە, داهێنـان دەبـێ شـان و بـاڵی خـودی ئـەو کەسـانەی تیـا بەرجەستەبێ.

پ/ لەگـەڵ هـەموو گۆڕانکارییـەکی گـەورەدا, داهێنـانێکی مـەزن دێتـە ئاراوە. راپـەڕین بـەرپا بـوو گۆڕانکاری گـەورەیی لـەژیانی کورددا هێنایـە ئاراوە. بـەڵام چ داهێنایـك لەمۆسـیقای کوردیـدا دوابـەدوای راپـەڕین هاتـە ئاراوە؟

و/ دەرگا ئاوەڵلا بـوو, کەسانێکی زۆر لەترسا جاران هیچیان نـەدەووت, بـەڵام دوای راپـەڕین دەمیان تـرازا, خەڵکی تریش هەبوون دەیانگوت چەند ساڵە من پێشمەرگەم و ئێستا دەمەوێ یا بۆم هەیە گۆرانی بڵێم, بـەڵام ئایا ئـەو کەسـانە هونەرمەنـد بـوون؟ جـاران هونەرمەنـدان بـەڕێك و پێکـی کاریـان دەکـرد, بـەڵام دوای راپـەڕین وانەما...هتد ئاستی مۆسیقاش لەدوای راپەڕین دیارە چی بەسەردا هات. ئەمەش دیـاردەی قۆناغێکەو بـەرەو هەنگاوی بیرکردنەوەی تازە هەنگاو دەنێ.

پ/ چ جـۆرە پەیوەندییـەکتان لەگـەڵ تیپـەکانی دیکـەی کوردسـتاندا هـەبووە؟ تـا چـەند هاوکـاری لـەنێوانتانا هەبوو؟

و/ تـەنها لەسـەر ئاسـتی تاکـە کـەس بـوو, ئـاواز گۆڕینـەوە نـەبوو لەنێوانمانـدا. مـن دەشـێ ئـەوە بڵـێم ئـەوە حەماسەی لە سلێمانی هەبوو لەشارەکانی دیکە نەبوو. من بۆ خۆم زۆر سەرقاڵ بووم و بواری زۆرشتم نەبوو.

پ/ ئـەی چـۆن فریـای کارەکانـت دەکـەوتی؟ چـۆن کاتـەکانت لـەنێوان تیپـی سـلێمانی و ئامۆژگـاری هونـەرە جوانەکان و رادیۆو تەلەفزیۆن و شانۆ و ماڵەوە دابەش دەکرد؟

و/ دەمتوانی فریای هەمووی بکەوم, چونکە هەموو کارەکانمان بەپلان دەکـرد. کاتـەکانی خـۆم رۆژانـە دابـەش دەکرد.

پ/ جاران گلەییمان لەزۆر شت دەکرد یا بڵێم ئێوەی هونەرمەندان گلەیتان لەوە دەکرد کە رێگاتـان پـێ نـادرێ کۆنگرەی خۆتان ببەستن, دوای راپـەڕین چ هـەوڵێکتان دا بـۆ ئـەوەی کۆنگرەیـەکی سەرانسـەری بـۆ مۆسـیقای کوردی بگرن؟

و/ هیچ هەوڵێك نەدراوە چونکە ئەمە پەیوەستە بە ئاستی زانستانەی هونەرمەندان لەلایـەك و لەلایـەکی تـریش چەند هەن لەم بوارەدا وەك بنەمایەکی ئەکادیمی شارەزابن و چەند توانای مادی و معنوی هەیە بۆ هـەنگاونان بۆ ئەم مەبەستە..

پ/ دەتوانم پرسیارەکەم بەشێوەیەکی تر بکەم:

ئایا هیچ یەکێتییەکی هونەرمەندان, یا نیقابەیەك هەبوو کەهەموو هونەرمەندان بەیەکەوە ببەستێتەوە؟

و/ بـەڵێ, نیقابـەی هونەرمەنـدان هـەبوو لەسـەردەمی رژێمـدا. هـەروەها یـەکێتی هونەرمەنـدانی کوردسـتان کـە لەناو شۆڕش دا بوون.

پ/ ئەم نیقابەیە چۆن دروست بوو و دوای راپەڕین چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هات؟
و/ حقی الشلبی کە بۆ هەمووان ناسراوە ئەو دەم نەقیبی هونەرمەندان بوو, لەسەردانێکدا بۆ سلێمانی پێ ی راگەیاندین کە کردنەوەی نیقابەی هونەرمەندان لەسلێمانی کارێکی سودمەندەو پێویستە بیری لێ بکرێتەوە. ئەو لەوانەشە هەر بۆ ئەو مەبەستە هاتبێ.
کۆمەڵێ هونەرمەند لەچالاکی هونەری و (جەلال عەزیز, ولیم یوحەنناو کاوە میرزا) کۆمەڵێك لەزانکۆی سلێمانی (من و سکمۆ عەزیزو احمد سالار) چاومان بەحقی الشلبی کەوت. ئەو دەم ئێمە بەوریاییەوە بیرمان لەو نیقابەیە دەکردەوە, ئەم ترس و ورییاییەمان بەحقیشبلی راگەیاند. ئێمە لەوە دەترساین خۆیان (دەوڵەت) لەرێگەی چەند کەسێکەوە هونەرمەندانی کورد کۆنترۆڵ بکەن, بەلاّم حقی الشبلی, ئەوەی پێ راگەیاندین کە هەر خۆمان ئەو نیقابەیە بەڕێوە دەبەین, بەهەر حاڵ نیقابە بەم جۆرە دامەزرا لەپێنج ئەندام : جەلال عەزیز , احمد سالار , کاوە أحمد میرزا , من و سمکۆ عەزیز لەگەل دوو ئەندامی یەدەك.
لەبینایەکەی تۆفیق قەزاز بنەکەمان دامەزراندن و لەگەل تیپەکاندا دەستمان بەهاریکاری کرد, لەهەڵبژاردنی سێهەمی نیقابەوە من سەرۆك بووم تا راپەڕین.
لە ساڵی 1982–1983 لەسەرەوە نامەیەکیان بۆ من و احمد سالار نارد تیایدا داوای ئەوەیان لێکرد بووین کە یەکێتی هونەرمەندان دابمەزرێنین, من ئامادەیی ئەوەم تیا هەبوو لەو کارەدا بەشدار بم, من ئەوەم بەکارێکی حیزبی دەزانی و پێم وابوو هاوکاری هونەرمەندان لەنیقابەدا تێك دەدا.
دواتر یەکێتی هونەرمەندان دروست بوو, دەیانوویست دەست بەسەر نیقابەدا بگرن و خۆیان ببن بەئەڵتەرناتیڤە نیقابە, من خۆم کشانە دواوە و دەرچووم لەنیقابە. دوای سەرنەگرتنی گفتوگۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و رژێمی عێراق دووبارە هونەرمەندان داوای ئەوەیان لێ کردم کە خۆم هەڵبژێرم بۆ نیقابە ئیدی جارێکی دی هەڵبژێردرام تا راپەڕین.
پ/ ئەی دوای راپەرین, ململانێی نێوان نیقابەی هونەرمەندان و یەکێتی هونەرمەندان گەشتە کوێ؟
و/ دوای راپەڕین نیقابە تالاّن کرا و یەکێتی هونەرمەندانیش گەڕایەوە و من بەجێم هێشت. دواتر کۆمەڵەیەك بەناوی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان دروست بوو, من بووم بەسەرۆك و احمد سالار بەجێگری سەرۆك. سەردانی هەموو حیزبەکانمان کردو ئەوانیش پشتیان گرتین.
ئەوەی زیاتر نارەحەتی کردین ئەوە بوو کەهەندێ کەس پێیان وابوو کە ئێمە دەبێ پشت بەپارتیەوە بدەین چونکە یەکێتی هونەرمەندان سەر بەکێتیە, من تاقەتی ئەم ململانێو شەڕەم نەبوو, بۆیە خۆم لەکار کێشاوە. لەم ساڵانەی داوییدا بووم بەئەندامێکی ئاسایی لەیەکێتی هونەرمەنداندا. هەڵگیرسانی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی کاری لەوەش کردو لقەکانی هەولێرو دهۆك پوکانەوە.
*　　　*　　　*

# دامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکان

پ/بیرۆکەی هاتنەکایەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی چۆن هاتە ئاراوە؟

و/ لەسەرەتادا پێشنیارێکی وا کرا بۆ دامەزراندنی پەیمانگایەك لەسلێمانی, بەڵام زۆر کەسیش پێیان باش نەبوو لەبەر نەبوونی کادیری هونەری و مۆسیقا و ...هتد, بەڵام هەر جۆرێك بوو وەکو پرۆژەیەك باسی لێوە کراو دواتر لە ساڵی 1980 دا بڕیاری لەسەر درا. من هەر لەسەرەتاوە لەدەستەی دامەزرێنەران بووم, بڕیارمان دا چەند کەسانێك لەجێگای جیاواز جیاوازەوە بچنە پەیمانگاو لەوی کار بکەن, من ئەو دەم لەزانکۆی سلێمانی کارم دەکرد.

لەسەرەتادا تەنها بەشی هونەری وێنەکێشان کرایەوە, لەبەر نەبوونی مامۆستای بەشی مۆسیقا, ئەم بەشە نەکرایەوە, من هەمیشە پێم وابوو کە لەئاستێکی نزمەوە دەست پێبکەین زۆر چاکترە وەك دەست پێنەکەین. بەرهەحاڵ من لەبەشی شانۆدا وانەی "چێژی مۆسیقا" و "شانۆی گۆرانی"م دەوتەوە. قوتابیەکانی سەرەتا نەوەیەکی پوخت بوون لەو پەیمانگایە.

ساڵی دووەم پیشانگایەکی وێنەکێشانی زۆر سەرکەوتوو کرایەوە کەبووە هۆی نارازیبونی پارێزگاری سلێمانی, ساڵی سێهەم زانکۆی سلێمانی گوێزرایەوە بۆ هەولێر و بەڕیوەبەری پەروەردە پێشنیاری ئەوەی کرد کەبەشی مۆسیقا لەپەیمانگا بکەینەوە. بۆ ئەم کارە پەیوەندیم بەچالاکی قوتابخانەکانەوە کرد بۆ ئەوەی لەو بەشەدا یارمەتیمان بدەن بەڵام بێ سود بوو, دواتر من و سەلاح رەئوف دەستمان بەبەڕێوەبردنی بەشی مۆسیقا کرد.

لەبواری شانۆو وێنەکێشاندا مامۆستا زۆر بوو, بەڵام لەبەشی مۆسیقادا تەنها من وسەلاح کارمان ئەکرد و ئەرکمان زۆر بەسەردا کەوتبوو, جارجاریش حسن گەرمیانی و ئەسعەد قەرەداخی وانەیان ئەووتەوە داوتریش هونەرمەند حمەأمین حسین.

پ/ رۆڵی پەیمانگا لە ئاهەنگ و فیستیڤاڵەکانی پەیمانگاکاندا چی بوو؟

و/ لەیەکەم بەشداری کردنی ئێمە لەبەغدا, بەڕێوەبەری ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان (ئەسعەد عبدالرزاق) پێی وتین: ((ئێوە 50 ساڵ لەپێش ئێمەوەن)).

دواتر هەموو ساڵێ, بەشداریمان ئەکردو بەرهەمەکانیشمان زۆر سەرکەوتوو بوون, هەمیشە ساڵانە خەڵکی چاوەڕوانی فیستیڤاڵی سالانەمان بوو کە زۆر شاکاری هونەری کوردی و بیانی پێشکەش کران.

پ/ ئەمە بەر لەڕاپەڕین؟

و/ بەڵێ, دوای راپەرین چ پەیمانگاو چ بەشی مۆسیقاش تالان کران, دوبارە پەیمانگامان دروست کردەوە, قوتابیەکانمان دەرئەچوون و لەبواری مۆسیقادا کاری باشیان ئەکرد, یارمەتییان ئەدان, هەندێ وانەی وەك "مۆسیقای عەرەبی" و شتی دیکەشمان لابرد و لەبری ئەوەی مێژووی مۆسیقای کوردیمان دانا.

ئێستا بەپێچەوانەی جارانەوە هەموو "مەنهەجەکان" کوردین, تا ساڵی 1990 ئێمە سێ ساڵ پلەی (امتیان)مان وەگرت لەسەر ئاستی هەموو عێراق.

پ/ دواتر ژمارەی مامۆستاکانتان زۆر بوون یا نا؟ کاریگەری ئەوە لەسەر قوتابیەکان چی بوو؟

و/ بەهۆی کەمیی مامۆستا ناچار بووین قوتابی کەم وەربگرین. بەشی شانۆو وێنەکێشان 30 تا60 قوتابییان وەرئەگرت. بەشی مۆسیقاش 10-12 قوتابی, من بۆ خۆم وانەی کەمان, چەلۆ , عود و ئۆکۆردیۆنیشم ئەوتەوە, من تا 1997 لەپەیمانگا بووم و دواتر لەبەر هەندێ هۆی ناو پەیمانگا خۆم بۆ وەزارەتی رۆشنبیری گواستەوە کرامە راوێژکاری هونەری.

پ/ دوای 1997 کاری پەیمانگا, یا بابڵێم بەشی مۆسیقا چۆن بەڕێوە چوو؟

و/ بەر لەوەی من واز بهێنم قوتابیەکی برادەری خۆم کە قوتابی خۆشم بوو کردمە سکرتێری بەشی مۆسیقا (دوای ئەوەی خوێندنی خۆی تەواو کرد) هێناو لەوێبە مامۆستا بەسکرتێری بەشی مۆسیقا دامەزرا, تا ئەوڕۆش ئەو (عادل محەممەد کەریم) لەوێ کار ئەکات, پەیمانگا توانی چەند نەوەیەك پێبگەیەنێ کە ئەوڕۆ لەنێو تیپەکاندا مۆسیقا لێدەدەن, هەندێکیان زۆر گورج بوون شوێن دەستیان دیارە, ئەوانە هونەرەکەیان بە باشی وەرگرتبوو. هەندێکی دیکە لەتیپی سلێمانیدا کار دەکەن بەشێکی زۆریشیان لەهەندەرانن.

پ/ دەتوانین بڵێین کە پەیمانگا ئۆرکێسترای خۆی بوو؟

و/ بەڵێ. جۆرەها کاری کلاسیکیمان پێشکەش دەکرد, ئێمە جۆرەها ئامێرمان هەبوو لەوێ, دوای راپەڕین زۆر ئامێری رۆژهەڵاتیمان هێنایە ناو مۆسیقای پەیمانگاوە کە جاران نەبوو, وەکو: سەنتور, نای , عود..هتد لەو دوایانەدا بەتەما بووین دەهۆڵ و زوڕناش بەکار بهێنین. ویستمان بەشی "دەنگ" بکەینەوە بەڵام مامۆستامان نەبوو, هاوکاری بەردەوامیش هەبوو لەگەڵ پەیمانگاکانی دهۆك و هەولێردا.

پ/ کردنەوەی چەندین پەیمانگا لە کوردستان بەکارێکی باشی دەزانم؟

و/ من بەپێچەوانەوە بەخراپی دەزانم, چونکە کۆکردنەوەی هەموو تواناکان لەیەك پەیمانگادا زۆر چاکترە لەوەی پرش و بڵاو بین.

پ/ چەند لەقوتابیەکانتان دوای تەواوکردنی خوێندن هەر لەهەمان پەیمانگا لەگەڵتان کاریان دەکرد؟

و/ زۆر بۆ نموونە, بەختیار حمەکەریم, دلێر حسین, سەرکار عزت, گۆران کامل, نەورۆز حسن,...چەندینی تر.

پ/ لەبەر ئەوەی مامۆستای پەیمانگا بوویت و خەریکی کاری مۆسیقا بوویت, دەبێ ئەرشیفێکی باشت هەبێ, ئەو ئەرشیفەت چەند ماوەو چەندی تالان کرا؟

و/ هیچی نەفەوتاوە, چونکە هەمیشە هەوڵم ئەدا کارەکان بەدوو نوسخە بپارێزم بۆ ئەوەی گەر یەکێکیان فەوتا ئەوی دیکە بمێنێتەوە, لەو رۆژەوە کە دەستم داوەتە کاری مۆسیقا ئیدی هەموو شتەکانی خۆم

پاراستووە. کتێبخانەیەکی گەورەم هەیە لەمۆسیقا, چ لەنووسراوو, کاسێت و وێنەو دەنگ و ...هتد هەمووم بەباشی پاراستووە.

پ/ دەشبێ لەماڵەوە سوکە ستۆدیۆیەکت هەبێ؟

و/ بەڵێ, لەماڵەوە زۆر شتی خۆم و برادەرانیشم تۆمار ئەکرد, چەند ستۆدیۆی تیپی سلێمانی خزمەتی کردووە ئەوەی منیش دوو ئەوەندە. من ناوی ئەوە دەنێم خەباتی ژێر زەمینی چونکە ستۆدیۆکەم لەژێر زەویدا بوو, جۆرەها ئامێری تیادا بوو, جوانترین بەرهەمیشی تیادا تۆمار کراوەو تەواو کراوە.

*        *        *

## لەشانۆی منالأنەوە بۆ کاری درامی

پ/ بواری شانۆو کاری درامی, بوارێکی بەرفراوانە و جێگای گەلێ تواناو هونەری دی تیا دەبێتەوە جاری وا هەیە گەلێ داهێنانی مەزن لەبواری مۆسیقا, گۆرانی, دیکۆر, رووناکی, شیعر...هتد لەیەك کارێکی درامادا بەرجەستە دەبن, تۆ لەم بوارەدا زوو یا درەنگ کارت کردووە و بەرهەمی خۆت لەخزمەتی دەرهێنانێکی رندتری شانۆنامەیەکدا خستۆتە گەر, کەی دەستت کرد بەکار بۆ شانۆ؟

و/ رەگی ئەو شتە زیاتر لە پۆلی پێنج , شەشی سەرەتاییدا بوو. ئەو دەم حەزم بەبینینی هەموو جم و جۆڵێکی شانۆیی دەکرد, هەندێ لەوانەی بینیومن: ئەمرەکەی بەگم , لەپێناوی نیشتماندا, مەم و زین...هتد, رەفیق چالاك و قادر دیلان دوو کەس بوون لەو کەسانەی کاریان لەبەرهەمە شانۆییەکاندا دەکرد.

من لە چالاکی قوتابخانەکان دامەزرام و بەرپرسی بەشی مۆسیقا بووم, ئەو دەمە جۆرە هاوکارییەك لەنێوان بەشی مۆسیقاو بەشەکانی دیکەدا هەبوو, بەشی شێوەکاری شانۆ, نەخشەکێشان,....هتد, من خۆشم ئارەزوویەکی باشم هەبوو لەنەخشەکێشان, ئێمە کە دەچووینە باخچەی ساوایان , مۆسیقامان بۆ لێ ئەدان, شانۆنامەی بچوکمان ئامادە دەکرد, ئەم کارانەمان لەگەڵ بەشی شانۆدا بەهەرەوەزی دەکرد, دواتریش لەگەل برادەرانی بەشی شانۆدا لە "تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی"دا بەیەکەوە کارمان زۆر کرد, لەهەندێ کاردا بەرێوەبەری شانۆ بوم, جارێکیان دەستم کرد بەنواندن, بەلأم خۆم حەزم بەنواندن نەدەکرد, لەو شانۆگەرییانەی کارم تیا کرد پیری ئاخر شەڕ, بلیمەت, ...هتد, من خۆم زیاتر حەزم بەدانانی مۆسیقای "تصویری" ئەکرد تا شتێکی دی بەهەر حاڵ لەو بەرهەمانەدا من زیاتر خۆم بەمۆسیقاوە خەریك دەکرد.

یەکێك لەو بەرهەمە باشانەی خۆم پێوە خەریك کرد, لەدەرەوەی ئەم بازنەیە بوو, فیلمێکی سینەمایی سەلمان فایق بوو (وابزانم تێزی دوکتۆراکەی بوو) لەنامەیەکدا (کە تا ئێستا لەئەرشیفەکەمدا ماوە) داوای ئەوەی لێ کردم کە مۆسیقایەك بۆ فیلمەکەی دابنێم, دواتر وابزانم ئەو فیلمە پلەی یەکەمی وەرگرت, من لەسەرەتادا مۆسیقای بیانیم بەکار دەهێنا, بەلأم دواتر وازم لەوە هێناو خۆم مۆسیقام بۆ بەرهەمە کوردییەکان دائەنا.

زۆربـەی بەرهـەم شـانۆیی و تەلەفزیۆنیەکانیـشمان بەڤیـدیۆ (کـە ئـەو دەم تـازە هـاتبووە ئـاراوە) گرتـووەو لەئەرشیفەکەمدا پاراستووە.
بـەهۆی ئـەوەی کـاتی خـۆی دوو خـولم لەهـەردوو تەلـەفزیۆنی کـەرکوك و بەغـدا دیبـوو, شـارەزاییم لـەبواری تەلەفزیۆنیشدا پەیدا کرد بوو, ئەمە بووە هۆی ئـەوەی جاروبـار سەرپەرشـتی هەنـدێ بەرهـەمی تەلـەفزیۆنیش بکەم.
پ/ بۆ نموونە؟
و/ یـەکێ لـەو نموونانـە: لەگـەڵ تەلـەفزیۆنی –کـەرکوك–دا ڕێـك کـەوتم کـە لەهـەر شـارێکی کوردسـتان چـەند زنجیرەیەك لەبارەی هونەری گۆرانی و مۆسیقاوە ئامادە بکـەم, دەری بهێـنم پرۆژەکـە بودجـەی 36000 دینـار بوو, لەسەرەتادا چوار زنجیرەم لەدهۆك تۆمار کرد و بۆم ڕەوانە کردنـەوە لەسلێمانیش هەنـدێ گـۆرانیم تۆمـار کرد و پەیوەندییەکانیشم لەهەولێر بەرقەرار کردبوو.
پ/ سەرئەنجام؟
و/ سەرئەنجام دوای تەماشاکردنی ئـەو چـوار سـەعاتەی دهـۆك پرۆژەکـەیان ڕاگـرت چـونکە بەخواسـتی ئـەوان نەبوو لەرووی سیاسیەوە.
پ/ بۆ؟
و/ بەبۆچونی خـۆم ئـەو گـۆرانییانـەی مـن تـۆمـارم کردبـوون بـەدڵی ئـەوان نـەبوو, مـن جـوانترین بەرهـەمم تۆمـار کرد, ئەوانیش مەبەستی دیکەیان هەبوو, بۆیە داوام کرد کە ئەو چوار زنجیرەی پیـشان نـەدرێن, بـەم شـێوەیە ئەودوو وێنەگرەش کە لەتەلەفزیۆنەوە لەگەڵمدا هاتبوون گەڕانەوە دواوە.
پ/ هونەرمەند کە لـە بواری مۆسـیقا و گۆرانیدا کـار بکـات شـتێکە جـودا وەك لـەوەی لـەبواری شانۆشـدا کـار بکات. چۆن شانۆ بواری شتی دیکەی زۆرتری تێدایە, ئەو نزیـك بوونـەوەیـەت لـەدراما هـیچ بیرۆکـەیـەکی دیکـە لەلا نەخولقاندنی کە ببێتە سەرچاوەی داهێنانێکی نوێ لەبواری مۆسیقاو گۆرانی ؟
و/ با. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێمەی کورد چۆن بەرەو دنیای ئۆپێرا بچین, بەڵام هەر زوو وازم لەوە هێنا چۆن دەمزانی ئێمە کەرەسەکانی ئۆپێرامان نیـە, دەنگـەکانمان هێـشتا پێنـەگـەییوون. دەنگـەکان نـاتوانن بـەخێرایی بگۆڕدرێن. ئۆپێرا توانای باشی دەوێ.
بەو پەلەیە ناتوانرێ کەرەسەی ئۆپێرا بخەملێنرێ. بۆیە بیرم لەدروست کردنی کۆڕال کـردووە وەکـو هـەنگاوێ کە لەئۆپێرا نزیکمان دەکاتەوە. بۆیە ویستم لە –کۆڕال–وە بەرەو –ئۆپێرا– بچین. لەسـەرەتا کـۆڕالی کـورت و دواتر کۆڕالی درێژ کە تا 35 دەقیقەش دەڕۆشت. لەوانە : پانۆرامایـەك لـەژیانی کـورد, ئـەڵلا وەیـسی, چـامەی عەشق, مامە سێوە, خـەونێك و خـەمێ و هـەڵەبجـە, لـەو کـۆڕالانـەدا هـەوڵم دا تێکـەڵکردنی دەنگـەکان یەکـەی و دەنگەکان بەمۆسیقا بەشێوەیەکی ئاوێزی پوخت بێ لەگەڵ هەندێ جوڵەو نواندن.
پ/ بابگەڕێینەوە سەر سینەماو شانۆ؟

و/ هەر لەبواری سینەمادا ویستم لەفیلمی "رەهێڵە"دا کار بکەم (1963) کە ئەودەم مکی عبداللە دەیویست بیهێنێتە بەرهەم, بەڵام ئەو فیلمە نەهاتە بەرهەم, هەروەها مۆسیقام بۆ فیلمی "بەهەشتێکی سوتاو"ی کاک ئاراس رەشیددانا, لەبەر هەندێ هۆ مۆسیقای ئەو فیلمەمم دووبارە بەشێوەیەکی جوانتر لەسوید داڕشتەوە, بەشێوەیەکی بەردەوامیش هاریکاری – کامەران رەئوف – م دەکرد, چ بەدانان یا هەڵبژاردنی مۆسیقا بۆ کارە دراممییەکانی, کە وێنەگیراوە لە دراما یان کاری سینەمایی وەك مەملەکەتی خۆرو زۆر بەرهەمی تر.

پ/ هەردوو بەرهەمی فازل جاف "پردی ئارتا" و "دوو رەگ" کەتۆ مۆسیقات بۆ دانابوو, دوو کاری زۆر سەرکەتوو بوون لەبواری شانۆی کوردیدا, چ جیاوازیەکی ئەم بەرهەمانە هەیە لەگەڵ بەرهەمە کوردییەکانی دیکە؟

و/ من هەموو بەرهەمێ لەقۆناغی خۆیدا هەڵدەسەنگێنم کە بەرهەمی چاکن و لەئاستی چاك دان.

پ/ کە مرۆڤی گەورە مامەڵە دەکا لەگەڵ جیهانی گەورەدا, کارێکی هێندە سەخت نییە, بەڵام مامەڵە کردن لەگەڵ جیهانی منالاَندا دەبێ بۆ تۆ کارێکی سەخت بووبێ؟

و/ نا, بەپێچەوانەوە, من پەیوەندییەکی پتەووم لەگەڵ منالانی باخچەی ساوایاندا هەبوو, کارەکانمان زۆر باش بەڕێوە دەچوون, هەندێ دیمەنی ئەو سەردەمانەم بیر ناچێتەوە , چۆن یادگاریی خۆشم لەگەڵیاندا هەیە, زۆر جار منالەکان لەماڵەوە خواردنیان بۆ دەهێنام, هەندێ جاریش لەدەمیان دەرچوو پێیان ئەوتم (دادە ئەنوەر), ئەمە نیشانەی حەزکردنی منالەکان بوو لە مۆسیقا.

هەندێ لەو بەرهەمانەمان بۆ تەلەفزیۆنیش تۆمار کرد, لەو بەرهەمانەدا مۆسیقای ناسك و شیعری کوردی ناسکمان بەکار دەهێنا, یەکێ لەو بەرهەمانە کە بۆ منالانی گەورەتر بوو خودی منالان لەمۆسیقا لێدانەکاندا بەشدار بوون.

پ/ هەر لەبواری بەرهەمی منالاندا دەمەوێ پەنجە بۆ بەرهەمێکی دیکەی فازیل جاف رابکێشم ئەویش "نازە و ورچ"ە (سوید 2000) جیاوازی کارکردن لەگەڵ –فازیل جاف–دا لەم بەرهەمەدا لەچیدا دەبینی؟

و/ نازە و ورچ بەرهەمێکی منالانە, لەدنیای منالانەوە لەسوید نزیکە , دارستان فاکتەرەکانی ئەم شانۆنامەیە, دارستانیش بەشێکە لەژیانی سوید. ئەڵبەتە لەلای خۆمان بەو جۆرەی ئێرە گرینگ نیە.

پ/ دەتوانی کارەکان بکەیت بەچەند قۆناغێکەوە؟

و/ ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە فازیل جاف دەرهێنەرێکی زۆر کارامەیە, لەکارەکانیا بواری هەڵەشەیی یا باشتر بڵێم نارێك و پێکی نیە, کارەکانی خۆی بەپلان ئەکات, دەزانی چی ئەکات و کەی ئەیکات. بەپێچەوانەی هەندی دەرهێنەرەوە کە لەکاتی کارکردندا شتی بۆ دێ, من لەگەڵ فازیل و ئەو جۆرە دەرهێنەرانەشدا کارم کردووە, بەهەر حاڵ, چۆن شانۆ نامەیەکە بۆ جەماوەر , فازیل –یش لە "نازە و ورچ"دا دەیەوێ نامەیەك بەخەڵك بگەیەنێ , لێرەدا بەمنالان, نازەو ورچ لەرووی پەروەدەییەوە دەیەوێ زۆر شت بەمنالان رابگەیەنێ, لەلایەکی دیکەشەوە بەرهەمێکی –ترفیهی–یە بۆ منالان پڕە لە گۆرانی و ئیقاع و

مۆسیقاو .. هتد نازەو ورچ بەتایبەتی لەدوا نمایشدا کە لەشاری "ڤێستەرۆس" کرا شتێکی بێ وێنە بوو. من پێم وایە ئەگەر لە ڤیستڤاڵێکی جیهانیدا پیشان بدرایە, ئەگەر خەڵاتی یەکەمی وەرنەگرتایە ئەوە هیچی لەبەرهەمی یەکەمیش کەمتر نەدەبوو. لەسەرەتادا مۆسیقاکەمان زیندوو بوو, بەڵام دواتر تۆمارم کرد و لێم دەدایەوە.

پ/ لەگەڵ کام دەرهێنەری دیکەدا حەز بەکارکردن دەکەیت؟

و/ کە باس لەبواری شانۆ بکەین من دوو ناو هەڵدەبژێرم : فازیل جاف و کامەران رەئوف, چۆن پلانی پوختی خۆیان هەبوو لە"ئاوایی بێ کەس"دا لەگەڵ کاک –ئازاد–دا کارم کرد بەڵام من وەکو مۆسیقازانێ شتم پێ دەگۆڕی, بۆم هەبوو دەسکاری هەندێ بوار بکەم. من ئەم کارەم بەدڵ نیە, دەکرێ بڵێم ئەم رەنگەم بەدڵ نیە, یا شتێکی دی لەم بابەتە, بەڵام نەك زیاتر, من خۆم هەرگیز ئەوە قبوڵ ناکەم دەرهێنەرێ رستەی مۆسیقاکانم بەئارەزووی خۆی پێ بگۆڕێ. چۆنکە ئەوە کاری منە نەك دەرهێنەر.

پ/ ئەی لەشانۆنامەی "نالی و خەونێکی ئەرخەوانی"دا کارت کردبوو؟

و/ نا؟

پ/ لەهەندێ شوێندا "گۆرانیەکان" هەستم بەشوێن دەستی تۆ دەکرد ؟ کاری گۆرانی و مۆسیقاکان لەکارەکانی تۆوە زۆر نزیك بوون.

و/ نا ئەو شانۆنامەیە دەکرا زۆر چاکتر بوایە, بەڵام هونەرمەند احمد سالار تەنها دەیوست شتێ پێشکەش بکات, بەڵام زۆر کەس بەسۆزەوە لەگەڵ ئەو بەرهەمەدا دەژیا, لایەنێکی ئەو سۆزە سۆزی شیعرە جوانەکانی خودی نالی بوو, گۆرانیە فۆلکلۆریەکان بوو.

پ/ بەڵام دوای نمایش کردنی ئەو شانۆنامەیە لەبەغدا نووسەرێکی عەرەب زۆر بەرز نرخاندی.

و/ لەلایەکی دیکەوە خودی عەرەبەکانیش یا با بڵێم هەندێکیان کە هەڵوێستی باشیان بەرامبەر بە کورد هەبوو, بەسۆزەوە دەیانڕوانییە بەرهەمە کوردییەکان, هەڵوێستی هونەرییان تێکەڵ بە هەڵوێستی خۆیان دەبوو بەرامبەر بە کورد وەك میللەتێکی ستەم دیدەو ماف خوارو, بەڵام دووریش نیە هەڵوێستی ئەو نووسەرە لەوەوە هاتبێ کە ئەو شێوە دەرهێنانە لەلای ئەوان نوێ بێ, بەهەر حاڵ من خۆشم زۆرجار کە لەکارێ دەبمەوە سەرنجی دەدەم هەست بەلاوازی کارەکەم دەکەم. بەڵام من دەمەوێ یەکێکی دیکە ئەو لاوازیەم بۆ دەست نیشان بکات, کەس تا ئێستا رەخنەیەکی کاریگەری ئاراستە نەکردووم, بۆیە منیشم نازانم؟

پ/ زۆر ئاسانە لەبەر ئەوەی رەخنەگری مۆسیقامان نیە؟

# دوای راپەڕین

پ/ بەر لە راپەڕینی 1991 چ تیپی سلێمانی و چ زۆر لە گۆرانی بێژەکان, نووسەر و هونەرمەندەکانی دیکەش خۆیان دوور خستبۆوە لەکاری هونەری , چۆن لەهەموو کەسێ زۆر دەکرا کە بەرهەمەکانی لەپێناوی سەرکردە یا حیزب یا ...هتد بێ, دوای راپەرین تیپی سلێمانی چۆن دەستی بەکار کردەوە؟

پ/ راپەڕین دروست بوو, کورد بووە سەروەری خۆی خەڵك لەباردودۆخێکی زۆر نوێدا دەژیا , خەڵك تووشی راپەڕین بوون, لەلایەکی دیکەوە شێواوی باڵی بەسەر هەموو بوارەکاندا کێشا بوو, لەناو ئەو کەش و هەوایەدا ئێمە وەکو تیپ دەستمان بەکار کردەوە.

سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکانمان بانگهێشت کرد نمایندەی ئەوان ووتی "میللەتێك دوای ئەو هەموو کارەساتانە بتوانێ بەرهەمی وا پێشکەش بکات, پاشەرۆژێکی روونی هەیە", من ئەمەم بەتۆمارکراوی لەئەرشیفەکەمدا هەڵگرتووە, ئێمە بەرهەمەکانی سەر شانۆمان یەکسەر تۆمار دەکرد, فریای ئەوە نەدەکەوتین خۆ ئامادە بکەینەوەو پرۆڤەی دیکە بکەین و .. هتد, دوای راپەڕین ئێمە بەئازادی کارمان دەکرد, کەسمان بەسەرەوە نەبوو.

خەڵکمان زۆر لەدەور کۆبووەوە, بەڵام زۆربەیان خاوەنی ئاستێکی بەرز نەبوون, بۆیە هەندێ لەبەرهەمەکانمان کرچ و کاڵ بوون, هۆیەکی دیکەی ئەوە بوو بەرهەمەکانمان زۆر بوون و ئێمەش کاتمان زۆر کەم بوو بەرهەمەکانمان کەلەم بەرهەمە دەبووینەوە , دەبوایە خۆمان بۆ یەکێکی دیکە ئامادە بکردایە, شتمان زۆر بەسەردا کەوتبوو.

پ/ جگە لەکاری مۆسیقاش وابزانم, لەکاری تەلەفزیۆنیش خۆت نزیك کردەوە؟

و/ بەڵێ برایان (جمال عزیز و عباس عبدالرزاق) هاتن بۆ لام و باسی ئەوەیان لەگەڵا کردم کە بەنیازن تەلەفزیۆنێ دابمەزرێنن و بەرێز مام –جەلال-یش دواتر پشتگیری خۆی بۆ راگەیاندم, بەهەر حاڵ دەستمان بەکارکردن کردو بەرهەمی کارەکەمان تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بوو کە تا ئەورۆش بەردەوامە کەسانێکی زۆر وەکو سەربازێکی وون لەوێدا کاریان دەکرد.

پ/ قۆناغە سەختەکانی تەلەفزیۆن چی بوو؟

و/ لەسەرەتادا کارەکان زۆر سەخت بوون, ئامێرێکمان لە ژوورێکی بچوکدا لەسەر شاخی(ئەزمەر) دانابوو, لەناو شار لە ماڵی (عوسمان چێوار)و دواتر لە ستۆدیۆی چالاکیقوتابخانەکان وماڵی ئێمە بەرهەمەکان تۆمار دەکران و دەبوایە بەو سەرماو سۆڵەیە بەرەو شاخ بچوایە, دواتر ستۆدیۆکەمان گواستەوە قەڵاچولان, زۆربەی گۆرانیوسرودەکانمان لەماڵی خۆمان تۆمار دەکرد , تەنانەت هەندێ بەرهەمی برادەرانی دیکەش دوای ماوەیەك پێشنیاری ئەوەم کرد لەبیناکانیزانکۆی سلێمانی ستۆدیۆ یەك دروست بکەین, بەهەر حاڵ کارەکە

دروست بوو، کارێکی زۆری تریش کرا بۆ ئەوەی هەندێ بەرنامە راستەوخۆ پەخش بکرێن، بەرهەمی ئەو کارانە ئەورۆ دەبینرێن.

پ/ دەگەڕێمەوە سەرکاری مۆسیقا و گۆرانی و ڕۆڵی ئافرەت جاران تیپی سلێمانی و بگرە هەموو تیپەکانی دیکەش ژمارەی پیاوان تیایاندا زۆر زۆرتر بوون لەژمارەی ئافرەتان، ئەمە چی لای ئێوە دروست دەکرد؟

و/ هونەر بوارێکە جێگای زۆر شتی چاك و خراپیشی تیا دەبێتەوە، بۆیە ئافرەتان زۆر بەوریاییەوە دەهاتنە پێشەوە، کە کارەکانی تیپی سلێمانی رێرەوێکی باشی گرتەبەرو بەرەو بەرزایی دەچوون، بڕوای خەڵك بە ئێمە بەرزتر بوو، خەڵك باوەڕی پێ ئەکردین، چەندین جار دەچوینە ماڵان بۆ ئەوەی مۆڵەت بۆ کچەکانیان وەربگرین تا لەگەڵمان کار بکەن، دواتر بۆ بەغدا لەگەڵ ئێمە سەرفەریان دەکرد. زۆرجار بەخۆمیان وتووە : (مادام لەگەڵ تۆیە قەیناکادڵنیاین) ئەمە هەستێکی جوانی لەلا دروست کردم، من سوپاسیان دەکەم، ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە خالید سەکار تیپی مۆسیقای کچانی دروست کرد، بۆ یەکەم جار تیپێکی کچان لەسلێمانیدا هاتە ئاراوە، دواتر لەهەولێرو – دهۆك–یش دروست بوون، زۆر لەگۆرانی بێژەکانی ئەوڕۆش لەنێو کۆرسەکانی ئێمەوە هاتە دەرەوە.

پ/ دەرکەوتنی ئەو ئافرەتانە بەشێوەیەکی گشتی چی ئەگەینێ. ئەگەر ئەوان نەبوونایە چی؟

و/ وەکو خۆی دەبوو، کە ئێمە هاتین شتێکمان خستە سەر بەرهەمەکانی ئەوڕۆ، ئەم ئافرەتانەش وەکو ئێمە ناتوانم لەپیاویان جودا بکەمەوە.

پ/ چ هەوڵدانێکتان هەبوو بۆ هێنانە ناوەوەی ئافرەتان بۆ ناو تیپی سلێمانی؟

و/ هەوڵدان بەردەوام بوو، بەتایبەتی دوای راپەڕین ژمارەی ئافرەتان لەبواری مۆسیقادا زۆر بوو، مرۆڤ ناتوانێ بەسەر قۆناغەکاندا باز بدات، ئەگەر سەرنجێکی ساڵی هەشتاکانیش بدەی ئافرەت بەدی دەکەیت. زۆرمان هەبوون کە جۆرەها ئامێریان لێ دەدا ، بۆ نموونە سایزەر، کەمان، ئۆکۆردیۆن، فلوت،...هتد.

پ/ بەشداری نەکردنی ئافرەت لەبواری شانۆ یا نواندن بەشێوەیەکی گشتی شیرازەی کارەکە تێك دەدات، بۆیە بوونیان کارێکە پێویست، ئایا نەبوونی ئافرەت لەبواری مۆسیقا ئەو شیرازەی تێك دا، ئایە ئێوە هەستان بەو شیرازیە تێکچووە دەکرد؟

و/ هەستمان پێ دەکرد بەڵام بۆ ئەوەی شیرازەی کارەکەمان تێك نەچێ دەبوایە کاری زۆر بکەین، دەبوایە لەنێوان ئێمە و خێزانەکاندا پەیوەندی بەردەوام هەبوایە، دوایی هەندێ قۆناغ لەبواری کۆمەڵایەتیدا هەیە، بازدان بەسەریدا سەختە، دەبێ قۆناغ بەقۆناغ بۆی بچیت واتە هاوتەریب لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا.

دوای راپەرین کۆمەڵگای کوردەواری قۆناغێکی نوێی بڕی بۆیە تیپێکی دیکەی ئافرەتانیش دروست بوو، لەم ماوەیەدا کچانی زۆر زرنگ هاتنە ئاراوە، لەپەیمانگادا زۆر جار هەندێ کارمان هەر بەوان رادەسپارد، هەندێ جار بەڕێوەبەردنی شانۆمان سەرجەم دەخستە سەر شانی ئەوان.

پ/ مرۆڤ کە ئاوازدانەرێکی سەرکەوتوو بوو, کۆمەڵێکی گۆرانی بێژ لەدەوری کۆدەبنەوە, ئەمە لەهەموو کۆمەڵگایەدا راستە, هەندێ لەو گۆرانیبێژانە بەردەوام دەبن و دەگەنە لوتکە هەندێکی تریش لەنیوەی رێگا پەکیان دەکەویت تۆ کێت وەبەرهەم هێنا؟

و/ من کە کارم دەکرد تەنها خەمی مۆسیقاکەم بوو, لەسەرەتادا ئاوازم بەزۆر کەس دەدا, ئەوەندە گرینگ نەبوو بەلامەوە چۆنی دەیلێ, یا کە گۆرانی بێژێ ئاوازێکی بۆ تیپ دەهێنا بێ بیرکردنەوە یەکسەر بۆمان ئامادە دەکرد, بەڵام کە پەرەمان سەند کارەکانمان بەو جۆرە نەبوو, دەبوایە بیرمان لە زۆرشت بکردایەوە, ئێمە کار بۆ کێ دەکەین, کێ ئەم ئاوازە دەڵێ دەنگی چۆنە, ئایا ئەتوانێ ئەم ئاوازە بەم شێوەیە بڵێ؟ ... من خۆم هەوڵم دەدا ئاواز بدەم بە گۆرانی بێژێ کە بتوانێ بیلێ, زۆر گۆرانی بێژ هەن توانای ئەوەیان نیە بگونجێنن. زۆر جار گوێم لەوە بووە کە دەڵێن من تەنها ئاواز بۆ ئەسعەدی برام دادەنێم لێرەدا دەمەوێ یەك شت بڵێم ئەویش ئەوەیە ئەسعەد بەتوانایە و دەتوانێ دەنگی خۆی لەگەڵ ئاوازەکاندا بگۆڕێ. دوای ئەوە منیش وەکو هەر یەکێکی دیکە ئاوازی دیکەشم بەخەڵك داوە.

منیش وەکو ئاوازدانەرێ داواکاری خۆم هەیە لەگۆرانی بێژ بۆ نموونە چۆن و لەچ ئاستێکدا ئەتوانێ گۆرانییەکە بلێ, چەند لە مۆسیقا شارەزایە.. هتد, زۆرجار گۆرانی بێژێ ئاوازی ئەهێناو من لە چوارچێوەی دەنگی خۆیدا بۆم ئامادە دەکردوو دابەشم دەکردوو سەرکەوتووش دەبوو, داواکاری یا مەرجێکی دیکەم ئەوەیە ئەو گۆرانی بێژە تا چەند دەخوازێ بەردەوام بێ ئەگەر بەتەمایە تەنها یەك دوو گۆرانی بلێ و وازبێنێ ئەوە من ئامادەنیم لەگەڵیدا بەردەوام ببم, بەردەوام بوون لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا بارودۆخی خۆی هەیە . کەریم کابان 25 ساڵ بەر لە ئێمە گۆرانی وتبوو, بەڵام ناوبانگی ئەو سنوردار بوو, بەدەست پێکردنی لەگەل تیپی ئێمەدا زۆر ناسراو بوو یا ناسراوتر بوو, هەروەها کەسانی دیکەش . من کارەکانی خۆم لەدوو خاڵدا دەبینمەوە:

یەکەم: ئەوانەی خۆم ئاوازم بۆ داناوون.

دووەم: ئەوانەی ئامادەکردن و دابەشکردنی مۆسیقام بۆ کردوون.

هەرکەسێ کە سەد لەسەد لێی دڵنیانە بووم کە توانای وتنەوەی ئاوازی منی نەبووە, ئاوازم نەداوەتێ.

پ/ دەتوانی هەندێ لەو ناوانەم بۆ بڵێیت کە خۆت هێناوتنە بەرهەم؟

و/ پەیمان عومەر, ئەمەل, دڵنیا, عدنان کەریم, عەتا قەرەداخی, شیلان عوسمان...هتد.

پ/ پەیمان یەکێك بوو لەو دەنگانەی کەلەسەرەتادا زۆر باش چووە پێشەوە, بەڵام من وا هەست دەکەم ئێستا بەهەمان شێوە نیە؟

و/ پەیمان دەبێ بچێتە پێشەوە, چونکە منیش وا هەست دەکەم هەر لەجێگەی خۆیەتی گەر بەردەوام نەبێ دەنگی دەکەوێ.

# گۆرانی و ستایشی ئاینی

پ/ یەکێك لەو بوارانەی کە هونەرمەندانی کورد بایەخی پێنادەن بواری گۆرانی و ستاشی ئاینییە, بەرهەمی کوردیمان لەو بوارەدا کەمە, ئایا بوونی ئەو بەرهەمانە پێویستە؟ ئەو بارودۆخە چین کەدەبنە هۆی هاتنە کایەوەی ئەو جۆرە هونەرە؟

و/ کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵگایەکی ئاینی و ئیسلامیە , جاران لەناو مزگەوتەکان و لەکاتی بۆنە ئاینییەکاندا گۆرانی و ستایشی ئایینی و شتی دیکەش دەوترا, ئەو گۆرانییانە زیاتر بەدەف لێدەدرا لە کوردستان, لەولاتانی جۆراو جۆر ئامێری جۆراوجۆر بەکار دە هێنرێ, لەبەر ئیسلامی کۆمکەڵگاکە, بوونی ئەو گۆرانییانە بەشێوەیەکی ئاسایی هاتنە ئاراوە, بەلام لەبەر نەبوونی ئاوازی تایبەت زۆربەی جار ستایش و گۆرانییەکان بەئاوازی فۆلکلۆری دەوترانەوە, من زۆر دیمەنی منالیم لەبەرچاوە لەو بوارەدا, تەنانەت سەروسیمای هەندێ لەو کەسانەشم لەبیرە کە ئەو گۆرانییانەیان دەوتەوە, لەلایەکی دیکەشەوە ئەو جۆرە گۆرانییانە وەك هەر گۆرانییەکی دیکەی کوردی بەشێکن لەکەللەپوری کوردو بوونیان پێویستە, من بۆ خۆم چەند هەولێکم لەو بوارەدا داوە, ساڵی 1978 ئاوازێکی تازەم بۆ گۆرانی "قوربانی ناوت بم ناووت چەند خۆشە" م داناو بەدەنگی خۆم لەستۆدیۆی زانکۆی سلێمانی تۆمار کرد. دواتریش چەند بەرهەمێکی دیکەم هەر لەو بابەتانە تۆمار کرد, لەدوای راپەڕین هەندێ سیتاشی ئاینیم بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان تۆمار کرد, زۆربەی ئەو ستایشانە بەدەنگی خۆم بوون کە پتر لە 2 کاسێتی دەنگن.

پ/ واتە هەموو شتێ پێویستی خۆی هەیە, رەمەزان و رۆژەکانی دیکەش پێویستیان بە ستایش و " تواشیح" هەیە؟

و/ بەلێ ئاین بەشێکە لەناخی ئێمە, کەلتوری ئێمەو هەردەم لەگەڵماندا دەژی , لەساتێکدا کە تۆ دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو شتانە, لەوانەیە ئەو ساتانە مانگی رەمەزان بێ . من خۆم کە دەچمە سەر بەرماڵ بەتەواوی دەحەسێمەوە, دوایی ئەم شتانە "نیسبی" ن و لە یەکێکەوە بۆ ئەوی دی دەگۆڕێن.

پ/ تۆ کێ بە گۆرانیبێژی ئاینی دەژمێری؟

و/ تا ئێستا ئێمە نیمانە.

پ/ وەکو شاعیر زۆر باشترە بۆ نموونە مەحوی خاوەنی کۆمەڵێ شیعری سۆفیگەرانەیە کە هەمیشە لەمزگەوتەکاندا بەئاوازی جۆراوجۆرەوە دەخوێندرێتەوە.

و/ گۆرانیی ئاینی بەشێکە لەکەللتووری کوردی, چۆن گۆرانی فۆلکلۆری هەیە, گۆرانی سیاسی هەیە, ئاواش گۆرانی ئاینی هەیە, بەڕای من هەموو چەشنەکان نابێ بفەوتێن, دەبێ بیانپارێزین.

پ/ هەست دەکەیت گۆرانی ئاینی تەواوکەری گۆرانییەکانی دیکەیە لەبواری هونەری کوردیدا؟

و/ بەلێ.

# ئاستی هونەری کوردی لە ئەوروپا

پ/ ئەگەر بەراوردی ئاستی گۆرانی و مۆسیقای کوردی بکەین لە کوردستان لەگەڵ دەرەوەی کوردستان, ئەوە جیاوازییەکی زۆر گەورە دەبینین. لەدەرەوەی کوردستان بەرهەمەکانی بەشێوەیەکی گشتی "زۆربەیان" کەچ و کاڵن, مۆرکی کوردییان تیا لاوازە.

تازەکردنەوەی تیا کەمە, ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە زۆر گۆرانی بێژ و ئەکتەرو شاعیر ...هتد. کە دەگەنە ئەوروپا دەمردن , لێرەدا زۆر هۆکار هەن کەباسی بکەن لەوانە: بڵاوبوونەوەی هونەرمەندان لە چەندین وڵاتی جیاوازدا, جیاوازیی ئاستی تەکنیك جیاوازیی کۆمەڵگا...هتد چۆن دەکرێ لەهۆکارەکان بدوێین؟

و/ ئەمە پرسیارێکی گرینگەو زۆری دەوێ, ئیقاعی ژیان لە کوردستان زۆر جیاوازترە وەکو لە ئەوروپا ئەو هونەرمەندە کوردەی هاتۆتە ئەوروپا رووبەڕووی جیهانێکی زۆر پێشکەوتوو بۆتەوە هەر لەبواری هونەرو ئەدەب و تەکنیك و ژیان .. هتد.

بۆیە ئەو گۆرانی بێژەی کە لەکوردستان نیەزیاتر گۆرانی بێژێکی حسیەو رووبەڕووی شکانەوەیەك بۆتەوە لە ئەوروپا. پرسیار لێرەدا ئەوەیە گۆرانی بێژ گۆرانی بۆ کێ ئەچڕێ؟ بۆ کۆمەڵگای کوردی ئەوروپا؟ بەڵام ئەو کۆمەڵگایە چەند هاندەرە بۆ ئەو هونەرو هونەرمەندە, لەلایەکی دیکەوە هەر گۆرانی بێژێ لە ئەوروپا بژی دەبێ لەگەڵ ژیانی ئەوێدا بسازێ. یەکێك لەلایەنەکانی ژیانی ئەوێ ئەو تەکنیکە پێش کەوتووەیە کە هەیە.

هونەرمەندی کورد خاوەنی ئاستێکی تەکنکیی سنوردارە لە کوردستان, لە ئەوروپا چۆن ڕووبەڕووی ئەو تەکنیکە بەرزە ئەبێتەوەو مامەڵەی لەگەڵدا ئەکات, چەند سودی لێ دەبینێ, ئەگەر نەیتوانی سود لەو تەکنیکە بەرزە ببینێ ئەوە بەرهەمەکەی کرچ و کاڵ دێتە بەرچاو بەتایبەتی لەبەر گوێی کوردەکانی ئەوروپا چۆن ئەوان رۆژانە چەندین بەرهەمی وا دەبینن کەتیایدا بەرزترین تەکنیك بەکار براوە, شتێکی دیکە کە هونەرمەند سنوردار دەکات بارە ئاربوویەکەیە , لە ئەوروپا خەرجی –CD– یەك زۆرە , هەموو کەسیش کەنەیکڕێ, دەبێتە هۆی ئەوەی هونەرمەندی کورد نەتوانێ بەخێرایی پەل بهاوێ.

پ/ من بەشێکی زۆری هۆکارەکان بۆ خودی هونەرمەندی کورد دەگێڕمەوە (بەبێ ئەوەی رۆڵی نێگەتیڤی – گوێگر–م لەبیر چوبێ) بەر لەهەموو شتێ هەندێ هونەرمەندی گەورە بەتەنیا خەریکی ئاهەنگ گێرانن بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەن, جا..

و/ (قسەکان دەبڕێ) من بڕوام بەهونەری وا نیە, چۆن تەنهابە هونەرەکەیبەدوای پارەدا وێڵە, ئەوە من ناوی هونەرمەندی راستەقینەی لێ نانێم, من چەندین جار ووتومە: من پەنجەکانی خۆم بۆیە خۆش دەوێ چونکە مۆسیقای کوردی پێ لێدەدەمودەبێ لەخزمەت میللەتەکەمدابێت.

پ/ (بەردەوامی پرسیارەکەی سەرەوە) جا ئەوە کارێکی زۆر دەخاتە سەر ئاستی هونەر یا هونەرمەند, لەلایەیکی دیکەوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێ بیەوی بچێتە پێشەوە لەهەندەران دەبێ لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەدا خۆی بگونجێنی, بچێتە ژوورەوە کە مامەڵەی لەگەڵدا بکات, بەکورتی ئاوێتە ببێ (مەبەستم لەتوانەوەو خۆسڕینەوە نیە) رۆژانە بەهەزاران کەس لەجیهانی سێیەمەوە دەگەنە وڵاتە پێشکەوتووەکانی رۆژئاوا, بەشی هەرە زۆریان لاشەکانیان لەرۆژئاوایەو هەموو مێشکیان , بیرکردنەوەیان لەولاتەکانی خۆیانە, کوردەکان بەشێکن لەم حاڵەتە زۆر کەس لەجیاتی ئەوەی تەماشای سینەماو تەلەفزیۆنی رۆژئاوا بکەن, تەنها چاویان لەکەناڵی وڵاتەکانی خۆیانە, زۆر کەس پاش دەیان ساڵ لەژیاندا لە رۆژئاوا نازانێ دەبێ چی بکاو چی بخوێنێ و چۆن دەست پێبکا, بەکوردی ووتن لەناو گەرمەی ژیانی ئەم کۆمەڵگایەدا لەنێوان هونەرێکی راستەقینەو تەکنیکێ بەرزو ژیانێکی نوێ, ئەم قسانەی سەرەوە نوێترین لێکۆڵینەوەیەك کە لەیەکێك لەزانکۆکانی سوید ئەنجام دراوە دەیسەڵمێنن, لەئەنجامی ئەو وونبوونەدا هونەرمەندی کوردی وا هەیە مانگی ئاهەنگێ یا زیاتر دەگێرێ, من پێم وایە ئەگەر "مادۆنا" ش ساڵی 12-15 ئاهەنگ بگێڕێ بواری داهێنانی نابێ, بێگومان هونەرمەندی کوردیش مافی ئاهەنگ گێڕان و پارە پەیدا کردنی هەیە , بەڵام کە هونەر بووە پرۆژەیەکی بازرگانی بەتەنێ, ئەوە بواری داهێنان زۆر کز ئەبێتەوە .

و/ بێگومان هونەری راستەقینە دەبێ بۆ کەش و هەوایەکی راستەقینە بگەڕێ, هەموو کەس دەتوانی بازرگانی بەهونەرەوە بکات, بەڵام ئەم کارە داهێنان دەگوژێ, ئەگەر من بمویستایە پارە پەیدا بکەم, ئەوە پارەیەکی باشم کۆدەکردەوە لەم ماوەکەمەی کە لەسوید دەژیم.

پ/ لە لایەکی دیکەوە زۆرجار هونەرمەندان گلەیی ئەوە لەجەماوەری کورد دەکەن کە لەکاتی ئاهەنگەکاندا گوێ لەگۆرانی رەسەن ناگرن, تەنیا داوای گۆرانی هەڵپەرکێ دەکەن, خەڵك بۆ هەڵپەرکێ دەچنە ئاهەنگ , لێرەدا هونەرمەندان راست دەکەن, بەڵام .

و/ (قسەکانی دەبڕێ).

ئەوەیان راستە, ئێمەش چوینەتە ئاهەنگی لەو بابەتانە, بەڵام ئەو شێوە گۆرانیەیە کەبوو بەرێرەو (منهج) دەبێتە کارێکی پڕ مەترسی, کامکارەکان ئاهەنگێکیان لە ستۆڵهۆڵم گێڕا کەسەرجەم گۆرانی ئاسایی بوون (بەبێ هەڵپەرکێ) خەڵکێکی زۆر ئامادە بوو, کەسیش داوای گۆرانی هەڵپەرکێی نەکرد, بۆ؟

من پێم وایە هونەری راستەقینە جەماوەری خۆی هەیە.

پ/ کاك ئەنوەر ئاستی گۆرانی هەندەران چەند لەئاستی گۆرانییەکانی کوردستان, یا بەشێوەیەکی دیکە بڵێم لە گۆرانی رەسەنی کوردییەوە نزیکن؟

و/ من وا هەست دەکەم رۆژ لەدوای رۆژ دورتر ئەکەونەوە لە رۆژئاوا ئامێری چاك هەیە, بەرنامەی کۆمپیوتەری چاك هەیە, دەکرێ زۆر سودیان لێ ببینرێ بەڵام مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە تا چەند مۆسیقا

لێدەرەکە یا ئاوازدانەرەکە هەوڵ دەدات بەشێوەیەك بەکاریان بێنێ کە نزیك بێ لە مۆسیقای کوردیەوە .
هەندێ بەرهەمی چاك هەن لێرەدا بەڵام هەندێکی دیکەش هەیە نە لە کوردی دەچن و نە لەئەوروپی.
پ/ من پێم وایە کە هونەرمەند زانی ئەو شتەی وە بەرهەمی دێنێ داهێنانی تیا نییە, وازی لێ بهێنێ چاکترە.
و/ بێگومان بەڵام ئەم کارەش سەختە دوایی زۆر قورسە کە هونەرمەند بتوانێ ئاستی خۆی بخەملێنێ یا بزانێ.
پ/ من پێم وا نییە لێرەدا دەیان نموونە هەیە یەکێ لاوانە : رامبۆ شاعیرێکی لاوی فەرنسا بوو, تەنها سێ (3) ساڵ شیعری نووسی و دواتر وازی لەشیعر نووسین هێنا, چونکە دەیزانێ چیتر ناتوانێ شیعری بەرز بنوسێ, رامبۆ تا ئێستاش بەرز ناو دەبرێ .
و/ هەندێ جار بەراورد کردن سەختە هەروەها بەرهەمەکانیش (نیسبی)ین, لەوانەیە لە ساڵێکدا دە بەرهەمت هەبێ, لەوانەشە بیست , لەوانەشەبەدوو ساڵ یەك بەرهەمت هەبێ, ئەڵبەتە لێرەدا زۆر شت رۆڵی خۆی دەگێڕێ لەوانە: بارودۆخی تایبەتی و گشتی ..هتد. ئەگەر بارودۆخەکە گونجاو بێ ئەوە بەرهەمێ چاکترت دەبێ و تۆیش کاتی زۆرتری بۆ تەرخان دەکەیت, من لەسەر کەم و کوڕی بەرهەمەکانی خۆم دەژیم, لەو کەم و کوڕییانەوە شتی نوێترو چاکتر دروست دەکەم.
پ/ زۆرجار باس لەوە دەکرێ کە کۆمپیوتەر و تەکنیك روحی مۆسیقا دەکێشێ. یا جوانکاری تیادا ناهێڵێ, چۆن کاریگەری ئەوە لەسەر مۆسیقای کوردی دەبینی؟
و/ خۆزگە تەمەنم بچوکتر دەبوو بۆ ئەوەی زیاتر کار لەگەڵ تەکنیکی بەرزترو کۆمپیوتەر و بەرنامەی کۆمپیوتەر بکەم. ئەگەر تیپێکی سمفۆنیای سویدی ببەمەوە کوردستان بەو هەموو پێشکەوتنەو بەو هەموو تەکنیکە بەرزەوە کە هەیەتی, چەند کارێکی مەزنە, بەمەرجێ ئەو تیپە مۆسیقاو هونەری رەسەنی کوردیم بۆلێبدا, من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم کە کۆمپیوتەر لایەنی جەمالی مۆسیقا بکوژێ. من لێرەدا کەم تازۆری کارم پێکردووەو کەمی شارەزای بووم یا دیومن, بەراستی دەتوانم بەو تەکنیکە کارەکانم زۆر جوانتر بکەمەوە, کۆمپیوتەر و تەکنیك روحی مۆسیقای کوردی ناکوژێ, بەڵکو ئەوەی ئەو روحە دەکوژێ ئەو کەسەیە کەنازانێ چۆن بەکاریان بێنێ, با نموونەیەکی بچکۆلەت بۆ بهێنمەوە: کیبورد هەندێ بواری داویتێ و هەندێ شتی بۆ ئاسان کردوی دەنگی (چارەك)ەدەنگ لە رۆژهەڵاتدا هەیە لە مۆسیقای ئەوروپی دا نیە.,ئەم چارەکەدەنگە تەنانەت لەناوچەکەیەوە بۆ ناوچەیەکی ترلە وڵاتانی رۆژهەڵا جیاوازە من کەنەزانم ئەو بەکارهێنانە بۆ ئەم چارەکەدەنگە چۆن پێویستە بەکاری بهێنم ئەوە بێگومان لەجیاتی ئەوە گۆرانییەکە ناسکتر بکەمەوە, سەقەتی ئەکەم, کۆنکرێت : شارەزایی هونەرمەند لەبەرکارهێنانی تەکنیدا رۆڵی گرینگ دەبینێ.
پ/ لە ئاهەنگێکی –کامکارەکان–دا لە ستۆکهۆڵم دەنگی دەف و سەنتۆریان تێکەڵ بە دەنگی مۆسیقای تیپی سمفۆنیای سوید کردبوو, ئەنجامەکە مۆسیقایەکی کوردی بوو, تۆ ئەو کارەت چۆن بینی؟

و/ من ئەو بەکارهێنانەم پێ جوان بوو, تێکەڵ کردنی ئامێرە ناوچەییەکان لەگەل ئەو ئامێرانەی تیپە سمفۆنیاکان بەکاری دەبەن من پێشتر لە تیپی سمۆفنیای ئیتاڵی , فەرەنسی, چینی دا دیومن لەگەڵ کەللتوری خۆمان, کامکارەکانیش زیرەکانە مامەڵە دەکەن لەگەڵ ئەو بابەتەدا.

پ/ جیاوازی نێوان نەوەی یەکەمی هونەرمەندان و نەوەی دووەم لەهەندەران دەکەیت؟.

و/ بەرهەمەکان جوانن بەڵام, بێ روحن.

پ/ چ بەرهەمێکت هێناوەتە بەر لەو ماوەیەدا کە لێرە (ستۆکهۆڵم) ژیای؟

و/ بەرهەمەکان زۆر نین, چونکە تا بارودۆخی خۆم یەکلا نەبێتەوە ناتوانم هیچ کارێ بکەم, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارانەم کردووە.

1- دانانی مۆسیقای شانۆگەری نازەو ورچ- لەدەرهێنانی فازیل جاف.

2- مۆسیقای (تصویری) فیلمی سینەمایی بەهەشتێکی سوتاو هەروەها مۆسیقای شانۆیی (ژیانم Mitt liveاکە بە زمانی سویدی پیشکەشمان کردو دەورم تیا بینی.

3- مۆسیقای فیلمێکی سویدی کورت بە ناونیشانی (فێرە بەهەشتین)و دەوریشم تیا بینی.

4- تازەکردنەوەی هەندێ لەئاوازەکانم .

5- لەرێگەی کۆمپیوتەرەوە هەندێ لە ئاوازەکانم پاککردەوە.

6- نووسینەوەی 160 ئاوازی فۆلکلۆری بە کۆمپیوتەر.

7- تازەکردنەوەی هەندێ لە سروودەکان کە پێشتر کارم تیا کرد بوون. لەوانە رەی رەقیب و خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم وچەندینی تر.

8- دامەزراندنی رادیۆی کۆمەڵەی هیوای کوردستان لەگەڵ چەند دۆستێکدا.

9- راپەراندنی یادی هەڵەبجەی شەهید کە لە سەنتەری ستۆکهۆڵم پێشکەش کرا.

10- دەرهێنانی ئاهەنگی نەورۆز ساڵی (2000) لە گلوبن بۆ کەناڵی کوردسات.

پ/ ئەگەر سبەی گەرایتەوە بۆ کوردستان, چی دەکەیت؟

و/ لێرە هەندێ شتم کڕیوە , ئەگەر ئەوانەم بۆ بچێتەوە بۆ کوردستان ئەوە دەتوانم سوود بەولایەنانە بگەیەنم کە پێویستیان پێیە, هەوڵ دەدەم -ستۆدیۆ-یەك دروست بکەم دەست بکەمەوە بەکاری هونەری خۆم.

## تازەکردنەوەی گۆرانی و مۆسیقا

پ/ لەحەفتاکاندا لێدوانێکی زۆر لەسەر فۆلکۆر دروست بوو, هەندێ لەگەڵ ئەوەدا بوون کە دەبێ لەپرۆسەی تازەکردنەوەدا پشت بەفۆلکلۆر ببەستین, هەندێ دیکە فۆلکلۆریان بەشتێکی کۆن دەزانی, لەنێوان ئەم دوو لایەندا لایەنێکی دیکەش دروست بووە. وەکو دەرئەنجامێکی ئەم گفتوگۆیە لەقۆناغی حەفتاکاندا کە قۆناغی

نوێکردنەوە بووە چ بۆ ئەدەب و چ بۆ هونەری کوردی بزوتنەوەی روانگە دروست بوو بەرهەمەکانی روانگە گەواهی ئەو حاڵەتەن, تۆ چۆن تەماشای فۆلکلۆر و رۆڵی فۆلکلۆر دەکەیت لەپرۆسەی نوێکردنەوەی گۆرانی و مۆسیقادا؟

و/ گۆرانی فۆلکلۆر لەهەر سەردەمێکدا بوترێتەوە, نموونەی سەردەمی خۆیەتی یا وێنەی ئەو سەردەمەیە, لەماوەی چەندین ساڵدا چەندین جار لەیەك گۆرانی بووە هەر جارەی بەجۆرێ وتراوەتەوە, هەموو جارێ هەستم بەتازەکردنەوە کردووە, چۆن هەموو جارێ تام و چێژی جودای هەبووە. وازهێنان لەفۆلکلۆر ناکرێ, چونکە فۆلکلۆر بەشێکە لەمێژووی کەللەپوری میللەتی کورد, بەهەمان جۆر دەڵێم پشت بەستنی 100٪ بەفۆلکلۆریش هەر ناکرێ, فۆلکلۆر دەبێ بە ئاستی سەردەم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ, گەر بتەوێ گۆرانکاری لەفۆلکلۆردا بکەیت ئەوە ناکرێ دەستکاری دەقە ئۆریگیناڵەکە بکەیت, بەڵام دەتوانی شتێ بخەیتە سەر و بیرازێنیتەوە, فۆلکلۆر وەکو تابلۆیەك وایە کە هەرکەسەو دەتوانێ بیخاتە ناو چوارچێوەیەکەوە جودا لەوی تر, لەلایەکی دیکەوە ئەگەر یەکی بیەوێ شتێکی نوێ دروست بکات, ئەوە کەم تا زۆرێ دەبێ لاسایی کردنەوەی ئێرەو ئەوێی تیا بێ, ئەگەر نا ئەو تازەگەرییە چیە کەلەپڕا لەناخی ئەو کەسەدا هەڵدەقوڵێ, هۆی ئەوەش ئەوەیە کەژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوویە درێژەی رابردووەو تێپەوانینە بۆ داهاتوو. مامەڵەکردن لەگەڵ فۆلکلۆردا دەبێ بەشێوەیەکی نوێ بێ. نە 100٪ رەتی بکەینەوە نە 100٪ یش خۆتی پێ ببەستیتەوە.

پ/هەندێ جار کە گوێ بۆ گۆرانییەکی فۆلکلۆر رادەدێری دەبینی هیچی ئەوتۆی نەگۆڕاوە بەڵێ لێرە یا لەوێ دەنگی ئامێری درێژتر یا گڕتر بۆتەوە بەڵام ئەوە تازە کردنەوە نیە؟

و/ با , ئەو تۆزە گۆرانە.

پ/ بەڵام ئەو گۆرانە لاوەکیە. باشە تۆ گۆڕانکارییەکان چۆن دەست نیشان دەکەیت؟

و/ بێگومان جوینەوی گۆرانیەکان کارێکی بێ سودە نەوتنیان چاکترە, لەکاتی دووبارە وتنەوەی هەر گۆرانیەکدا تۆ دەبێ شتێکی بخەیتە سەر, تازەکردنەوەکە دەبێ لەشێوەی ووتنەوەکەدا یا لەدابەشکردنی مۆسیقاکەدا , یا لەجۆری بەکارهێناندا بێ.

پ/ با نموونەیەك وربگرین, گۆرانی بەچەکەت لادەی علی مردان هەیە کە کامکارەکان وەریان گرتووەو بەشێوەیەکی نوێتر دەیلێنەوە. لێرەدا گۆرانکارییەکی زۆر دەبینیت, بەڵام بۆ ئەوەی ئەو گۆرانکارییە بزانین. بزانین باشە یا خراپ ئەوە پێویستمان بەشیکردنەوەی جیاوازێکانی هەردوو گۆرانیەکە هەیە.

و/ من ئەو تازەکردنەوەیەم بەدڵ نیە, بۆ: یەکەم: ئەگەرچی هەست بەهەندێ لاوازی هونەری دەکەین لەلای علی مردان هەست بەوەش دەکەین کە کاری کامکارەکان لەهەندێ لاوە بەهێزترە, من پێم وایە ئەگەر ئەو توانایەی کامکارەکان بۆ علی مردان بڕەخسایە لەوانەیە جوانتریش بووتایە, بەهەر حاڵ ئەوەی لێرەدا دەمەوێ پەنجەی بۆ رابکێشم, ئەوەیە کە : کامکارەکان ئیقاعێکی گۆرانیەکەیان گۆڕیوە, جا ئایا بەئارەزوو

گۆڕیویانە یا نەیانتوانیوە ئیقاعیی گۆرانیەکە وەکو خۆی لێبدەنەوە, ئەوەیان نازانم, علی مردان ئیقاعەکەی لەسەر ریتمی 16/10 یە بەڵام کامکارەکان 8/6 یان داناوە, ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە, چۆن دەستکاری ئیقاعەکەیان کردووە دووەم: رەنگدانەوەیەکی هونەری فارسی بەسەر گۆرانییەکەوە دیارە, بەڵام ئەگەر ئەم گۆرانیەی کامکارەکان وەکو گۆرانییەکی نوێ تەماشا بکەین (نەك وەك پەچەکەت لادە) ئەوە گۆرانییەکی خۆشە, خۆ ئەگەر وەکو پەچەکەت لادە تێی بڕوانم ئەوە هەڵەی تێدایە, چ لە رتیم چ لە تەکنیك و چ لەئیقاعیش.

پ/ تیپی سلێمانیش یەك دوو گۆرانی – حسن زیرەك–ی تازە کردۆتەوە, تۆ خۆشت هەوڵت داوە هەندێ گۆرانی تازە بکەیتەوە بەڵام تازە کردنەوەی تیا نابینم .

و/ ئێمە وەکو تیپی سلێمانی یەك گۆرانی –حسن زیرەك–مان تازەکردۆتەوە (عبدالقادر حسن) ئەویش "ئەوکچە لەوماڵە"یە تۆ بۆیە گۆرانکاری ئەوتۆی تیا نابینی چونکە عبدالقادر حسن وەکو حسن زیرەك ئەیڵێتەوە یا با بڵێم ئەیەوێ وەکو حسن زیرەك بیڵێتەوە. دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەو هەوڵێکی زۆری دەدا, لاسایی زیرەك بکاتەوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

پ/ باشە دەتوانی گۆرانکارییەکانی ئەو گۆرانیەم بۆ دەست نیشان بکەیت؟

و/ گۆڕانکارییەکە لە شێوەی مۆسیقاکەدایە, لەچوارچێوەی بەکارهێنانی هەندێ ئامێری نوێیە کە لای زیرەك بەکار نەهاتووە, لەدابەشکردنی مۆسیقاکەدایە, هەروەها ئەمە دەنگێکی تازەیە دەیڵێ کە زیرەك نییە بەڵام هەوڵی لاسایی کردنەوەی ئەو دەدا.

پ/ بەلایەنی مۆسیقاوە لەگەڵتام. تیپی سلێمانی تیپێکی بەتوانایە. بەڵام بەلایەنی ووتنەوەی گۆرانییەکە لەگەڵتانیم. تازەگەری تیا نا بینم.

و/ تازەگەری نیە لەووتنەوەکەدا بەڵێ.

پ/ ئەی ئەگەر تازەکردنەوە نیە بۆ بەرهەمی واتان دروست کرد؟

و/ لەبەر ئەوەی زۆربەی گۆرانی بێژە کوردەکان خاوەنی ئاستێکی بەرز نین لەبواری مۆسیقادا, زۆربەیان بەلاسایی کردنەوە دەستیان پێکردووە, ئێمەش ناتوانین دەست بەرداری ئەوان بین چونکە هەر ئەو گۆرانی بێژانەمان هەن.

پ/ من مەبەستم ئەوەیە وەکو گۆرانی نەك مۆسیقا ئەو (اضافە)یەی تیا نیە کە باست کرد.

و/ لە مۆسیقاکە دا هەیە, بەڵام لەدەنگەکەدا نیە ئەگەرچی عبدالقادر حسن لەچوارچێوەی ئەو قەوارەیەدا گۆرانی دەوت کە ئێمە بۆمان دانا بوو.

پ/ با بچینەوە سەر یەکێك لە نموونەکانی خۆت ئەویش عمر خەزان–ە. تۆ بەتەنیا ئاواز بۆ یەکێ لێدەدەی کە لاسایی سید ئەسغەر دەکاتەوە من ئەوم بەرهەمیش هەروەکو گۆرانیەکی عبدالقادر حسن دەبینم, بۆ ئەوەی

چاکتر بتوانم باری سەرنجی خۆم بۆت روونبکەمەوە پەنجە بۆ هەمان گۆرانی رادەکێشم کە کامکارەکان لە (1986–1987) دا تازەیام کردۆتەوە.
و/ تۆ وەکو گوێگرێ چۆن ئەو دوو بەرهەمە دەبینی؟
پ/ من ئەوەی عمر خەزان وەکو لاسایی کردنەوەیەکی سەرنەکەتووی سید ئەسغەری دەبینم. بەڵام ئامێرێکی نوێو جودا کەوەستایانە لێدەدرێ, بەڵام ئەوەی کامکارەکان چ لەدەنگ و چ لەمۆسیقادا شتی نوێی زۆر تێدایە. و/ راستە خەزان لاسایی سید ئەسغەر ئەکاتەوە (هەرکەسێ هات و وتی من عاشقم), کە دەڵێم لاسایی ئەکاتەوە تەنانەت ئەیەوێ هەناسەو (نبرات)ی دەنگیشی وەکو هی سید ئەسغەر بێ, بەڵام کامکارەکان لاسایی ناکەنەوە بەڵکو هەناسەو دەنگ و ووتنەوەکەش هی خۆیانە. بەشێوازێ ئەیڵێنەوە تایبەتە بەخۆیانەوە و هی کەسی دی نیە, نموونەیەکی دی کە بیرم کەوتەوە گۆرانی (بەیانی بوو لەخەو هەستام) لەو گۆرانیەدا هەوڵی زۆرم دا لەگەڵ عبدالقادر حسن کەلاسایی زیرەك نەکاتەوە. دەنگی دەنگی زیرەك نەبێ, بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵدا ئەوجا یەك تۆز لە دەنگی زیرەك دوورکەوتۆتەوە . لەم بوارەدا حەز دەکەم بڵێم کە هەموو یەکێ گۆرانیەیە دەڵێ تەنها نوێنەرایەتی خۆی دەکاتو بەس تەنانەت دوو مۆسیقا ژەنیش کە کار دەکەنو بەبەردەوامی بەربەرەکانی لەگەڵ یەکتردا دەکەن لەیەك ئاووهەوادا ، کەسیان ناتوانن نوێنەرایەتی ئەوی تریان بکەن من لاسایی کردنەوەم پێ ڕاست نیە چ لە گۆرانیو چ لە مۆسیقادا ، با فلانە کەس گۆرانیەکی ئەم یا ئەوی دیکە بڵێتەوە بەڵام با بەدەنگی خۆی بیڵێتەوە ، بە شێوازو هەناسەی خۆی ، دەبێ هەموو کەسێ شێوازێکی تایبەتی بە خۆیەوە هەبێ ، کە دەڵێن تیپی سلێمانی قوتابخانەیە ، یا ئەم ئاوازە مۆرکی منی پێوەیە مانای ئەوەیە تیپەکە یا من خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆمانین ..
پێشتریش باسی ئەوەمان کرد کە هەندێ گۆرانی فۆلکلۆر تازەکراوەتەوە بەڵام گۆڕانکاری تیا نابینرێ یا سەقەت کراوە ، لێرەدا دەبێ بڵێم تا چەند گۆرانیەکە خۆی بەستووە بە ئیقاعو ئاوازە کۆنەکەوە دوایی تا چەند لاسایی کردۆتەوە یا بە دەنگی خۆی دەیڵێتەوە ، کەریم کابانو برایم خەیاتو ئەمەل خاوەنی دەنگی خۆیانن عوسمان عەلی لەگەڵ ئەو دەنگە سنووردارەش کە هەیەتی بەڵام خاوەنی دەنگی خۆیەتی ، ئەو و ناسری ڕەزازی یش هەردووکیان ((شیرینێو سەوزە) یان ووتۆتەوە بەڵام کەسیان لاسایی ئەوی دیان ناکەنەوە ، حسن گەرمیانی سەردەمانێ بوو خاوەنی دەنگی خۆی نەبوو لاسایی هەندێ گۆرانی دەکردەوە ، بەڵام بە کارکردنی لەگەڵ ئێمەدا (تیپی سلێمانی) بووە خاوەنی دەنگی خۆی ، نموونەی دیکەش لەم بارەیەوە زۆرن .
من وەکو ئاواز دانەرێ تەنها پێویستم بە ملیۆدێ ئۆریگینالەکەیە تەنها ئەوە، چۆن خۆم بە شێوەیەکی دی دایدەرێژمەوە ، من پێویستم بە ئامادەکردنو دابەشکردنە کۆنەکە نییە ، من وەك–عمری خزان– م هێنایە پێش وویستم وەکو عمری خەزان پێشکەشی بکەم نەك وەکو لاسایی کەرەوەیەکی سید ئەسغەری کوردستانی .

پ : كە باس لە گۆرانی میللیو فۆلكلۆری كوردی بكەین ناكریٚ باسی حسن زیرەك نەكەین ، تۆ چۆن دەتەویٚ ئەو هەڵبسەنگیٚنی ؟
و: حسن زیرەك گۆرانی بیٚژێكی میللی بوو ، زۆر گۆرانی دەزانیو دەووت ، ئەوەنەشی ووتوە زۆر جار سەروبنی لە خۆی وون دەبوو، زۆر گۆرانی ، خۆشی نەیدەزانی كوردییە یا ئازەرییە ، ئەمە بە دانپیانانی خۆی .
پ : تۆ ئەوت دیوە؟
و: بەڵیٚ ، لەكۆتایی شەستەكان لە سلیٚمانی ، زۆر شریتم لەگەڵ تۆماركردووە .
پ : باشە گرنگی ئەمە لە كویٚدایە ؟
و: گۆرانی بیٚژێكی میللی بەتوانایە ، مۆدیٚرن نیە ، گۆرانی میللی زۆر ووتوە ، فۆلكلۆری زۆر وتوە ، هەندیٚكیان ئازەریش بوون ئەو زۆر گەڕاوە ، دیٚ بەدیٚو شار بەشار ، شیعری زۆر لەبەربووە .
پ : حسن زیرەك خاوەنی دەنگو شیٚوازی خۆیەتیو لاسایی كەسی نەكردۆتەوە (ئەوەی من بزانم) بەلاٚم خەڵكیٚكی زۆر لاسایی ئەویان كردۆتەوە.
و: حسن زیرەكیش گۆرانی خەڵكی دیكەی وتۆتەوە .
بۆ نموونە گۆرانییەكی سید ئەسغەر (( هەروەك بازوبەند بتكەمە باڵم )) زیرەك لاسایی ئەوی نەكردۆتەوە بەڵكو گۆرانییەكەی وەرگرتووە و بەو شیٚوەیە ووتویەتی كە خۆی ئەتوانیٚ ، نەك بەو شیٚوەیەی كەسید ئەسغەر ووتویەتی نەیتوانیوە بەو شیٚوەیەی ئەو بیلیٚتەوە ، بەلاٚم لیٚرەدا جیاوازی بەدی دەكەین جیاوازی لە ووتنەوە ( ادا) دا هەیە .
پ : لە یادی ماتەمینی قادر دیلان دا لە ستۆكهۆڵم پەنجەت بۆ ئەوە ڕاكیٚشا كە زیرەك گۆرانی (( نەورۆز))ی سەقەت كردووە ، ئەمە بۆ هەندیٚ كەس بە ئاسانی قوت نەئەدرا .
و: من زیرەك رەت ناكەمەوە ، بەرهەمی سەركەوتووی هەیە ،بەلاٚم ئەگەر بمەویٚ بە شیٚوەیەكی هونەری بەرهەمەكانی هەڵبسەنگیٚنم ئەوە دەبیٚ زۆر بەڕاشكاوی ئەوەش بڵیٚم كە زیرەك هەندیٚ شتی سەقەت كردووەو شیٚواندویەتی ،لیٚرەدا زۆر هۆ رۆڵی خۆیان دەبینن، یەكیٚك لەوانە نەشارەزایی ئەو لەبواری مۆسیقادا ،ئەمەی وای لەو كردووە زۆر شت سەقەت بكات .
پ : لیٚرەدا ئیٚمە باسی گۆرانی نەورۆز دەكەین ، دەكریٚ بە كورتی باس لەو شیٚواندنە بكەیت ؟
و: قادر دیلان كە ئاوازدا نەری ئەو گۆرانییەیە وای دانەناوە كەئەو ئەیلیٚ ، دوایی پیرەمیٚرد كەئەو شیعرەی نووسیوە وای نەنوسیوە كەئەو ئەیلیٚ .
من لە هەستی ئەو كەسانە دەگەم كە هەڵسەنگاندنەكەی منیان پیٚ ناخۆشە ، چونكە هەندیٚ جار مرۆڤ لەگەڵ گۆرانییەكدا دەژیت ، زەوقی زۆر لیٚ وەردەگریٚو زۆری بەدڵە ،بەلاٚم ئەمە ئەوە ناگەیەنیٚ ئەو گۆرانییە لەسەر ئاستی هونەری بەرزە یا كەمو كوڕیی نیە ، من بۆم باسكردوی كە خۆشم لەگەڵ هەندیٚ گۆرانی شەماڵ

سائیب دا دەژیمو پێم خۆشن ، بەڵام ئەو گۆرانییانە وەکو ئاستی هونەری مەرج نیە بەرزبن ، کەمو کوڕییان تێدا هەیە .
پ : لەوانەیە یەکێ لەو هۆکارانە ئەوەبێ کەئەو گۆرانییە باسی ئازارێ (یا خۆشییەك) بکات ك گوێگر پێوەی دەناڵێ یا تیایدا دەژی یا باسی یادگارییەکی کۆن بکات .. هتد .
شتێکی دیکە کە حەز دەکەم باسی بکەین لێرەدا تیپی –کامکارەکان–ە ئەوانیش گۆرانییەکی زۆری فۆلکلۆرو ئەمو ئەوی تریان وتۆتەوە بەڵام بەرهەمەکانیان زۆر سەرکەوتوون ،تۆ چۆن لەو تیپە دەنواڕی ؟
و: کامکارەکان تیپێکی تازەن بەڵام سەرکەوتوون ، گۆرانی زۆر سەرکەوتوویان هەیە مۆسیقای جوان لێدەدەن ، بەڵام مۆرکی فارسی زاڵە بەسەر مۆسیقاکانیەوە ،ئەگەر بتوانن ئەوە لابەنو لەجیاتی ئەوە مۆرکێکی کوردی بخەنە سەر ئەوە کارێکی مەزن دەکەن ئەگەر چی ئەم کارە لێدوان لەسەری ئاسان نییە . چونکە لەوانەیە ئەوانیش بە ئێمە بڵێن مۆسیقاکانتان مۆرکی عەرەبی پێوەیە ، ئەمیش لەئەنجامی تێکەڵاوبوونو کارتێکردنی شارستانی عەرەبو فارسەوە هاتووە ،بۆیە من تێکەڵ بوونی ئێمەوئەوان ، مەبەستم هونەرمەندەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان بە پێویست دەزانم بۆ لابردنی ئەو مۆرکەو بەهێزکردنی مۆرکی ڕەسەنی کوردی ، گرنگە بۆ خۆدۆزینەوەیەکی  سەرکەوتوانە ،بێگومان خۆدۆزینەوەکەش دەبێ لە ڕوانگەی فۆلکلۆرەوە بێ ، واتە بەراوردی بەرهەمە نوێکانمان لەگەڵ فۆلکلۆردابەراورد بکەین بۆ ئەوەی بزانین چەند نزیك یا دوورکەوتووینەتەوە لە ئاوازی ڕەسەنی کوردی .
پ : جاران لە هەندێ بەشی کوردستاندا دەنگی ئاوازو گۆرانی کاسێتە تازەکانی تیپە کوردییەکان بەرزدەبوەوە لەسەر شەقامەکاندا ، ئەمە ئەگەر چی ستەمێکی نەتەوایەتی سەخت لەو شارانەدا لە لایەن عێراقەوە پیادە دەکرا ، بەڵام ئێستا لە ژێر سایەی کوردستانێکی ئازاددا ، لەهەندێ شاردا (لێرە سلێمانی وەکو نموونەیەك دێنمەوە) لەجیاتی گۆرانی کوردی پێ ناچێ کارێکی سروشتی بێ ،لێرە من دەمەوێ بچمە سەر ئەو کێشەیەی کە تۆ زۆر جار باسی دەکەیت ، ئەویش :
ئاسایشی نەتەوەیی دەقاودەق یەکسانە بە پاراستنی کەلەپوری کوردی ، بێگومان ئەگەر لایەکی هاوکێشەکە تێك بچێ ئەوە لاکەی تریشی تێك دەچێ !!.
و: کە من دەڵێم کوردم دەبێ بنەمایەکم هەبێ بۆ ئەو بوونەم . کە هێرش دەکرێتە سەر کوردستان ، سیاسییەکان دەڵێن نابێ دوژمن یا سەربازو سوپای عەرەبو فارسو تورك کوردستان داگیر بکات ،ئەڵتەرناتیفی سیاسیەکان سوپای کوردە کە پارێزگاری ئاسایشی نەتەوەیی کورد دەکات ، پارێزگاری کەلەپورو زمانو شاری کورد دەکات ، من لە بواری مۆسیقاشدا بەهەمان شێوە دەیبینم شتێکی ئاساییە کە هەموو کەسێ گوێ لەهەر گۆرانییەك بگرێ کە دڵی دەیخوازێ بەڵام نابێ ئەو گۆرانییانە ببن ئەڵتەرناتیفی گۆرانی کوردی ، دەبێ دەسەڵاتێکی سیاسی ، یا هونەری یا یاسایی هەبێ بەری ئەم شەپۆلە بگرێ لە ڕێگەی جیاواز جیاوازەوە پێویستە بەرنامەیەکی رادیۆو تەلەفزیۆنی کوردستان زۆر ووشیارتر بن لە بڵاوکردنەوەی

بەرهەمە هونەرییەکاندا ، من ئەم کارە بە کارێکی زۆر ترسناك دەیبینم و بەشێوەیەکی نیگەتیف کار دەکاتە سەر هونەری کوردی .

پ : هۆکار ؟

و: هۆکەی سەر لێشێواوی و بێ لێپرسینەوەیە هۆکاری ئەو حاڵەتە ڕاگەیاندنی حزبەکان و هەرێمە من پێم شیاو نیە رادیۆی هەرێم گۆرانی عەرەبی لێبدا ، بۆ رادیۆی میسر گۆرانی کوردی ، تورکی یا فارسی لێناداا ، دیارە پاراستنی کەللەپوری میسری بە گرنگترین دەزانن لەوانی دیکە. من تۆمارکردنی گۆرانیەکی سەقەتی – حسن زیرەك–م پێ چاکترە وەك لەتۆمارکردنی گۆرنیەکی "کازم ساهیر" لەم دواییانەدا ئافرەتێکی کورد لاسایی (ام کلثوم) ی دەکردەوە, بۆ لاسایی (ئایشە شان) نەکاتەوە. دەبێ هەرێم و حیزبەکان , هەمووماں پشتی گۆرانی و مۆسیقی و هونەرمەندی کورد بگرین.

چەند بەلای سیاسییەکەوە گرینگە ئاسایشی نەتەوەیی کورد بپارێزێ, منیش ئەوەندە بەلامەوە گرینگە کەللەپوری کورد بپارێزم. نابێ بەرهەمێکی بیانی ببێتە ئەڵتەرناتیڤی بەرهەمی کوردی, چونکە بە پەیدابوونی ئەو ئەڵتەرناتیڤە بەرهەمی کوردی لەکار دەکەوێ و من وا هەست دەکەم بەشێکم لەپێکهاتەی نەتەوەیی خۆم لەدەست داوە.

پ: گریمان تۆ سبەی دەگەڕێیتەوە بۆ کوردستان. لەوێندەرێ چی دەکەیت؟ چ ئاواتێ دەخوازی؟ حەز دەکەی چی بکرێ بۆ هونەری کوردی لەسایەی حکومەتێکی کوردیدا؟

و: حەزو ئاواتم زۆرە بەلام کێ گوێم لێ دەگرێ. ئەمرۆ هەموو تاقمێك حەز دەکات خەڵك لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، منیش تاقەتی ئەو بەزمە نییە. بێگومان ئەگەر من و کەسانی وەکو من کە خەمخۆری هونەری کوردین، دەسەڵاتیان هەبێ و سەربەست بن لەکاردا دەتوانن کاری چاك بکەن بۆ راپەڕاندنی هونەری کوردی. بەلام چەند رێگەمان دەدەن ئەوە نازانم.

پ: تۆ خەریکی زۆر لایەنیت: ئاواز، گۆرانی، مۆسیقا، شانۆ، فیلمی سینەمایی........هتد. من وای بە چاك دەزانم کە یەکێکی وەکو تۆ پێویستە (اختصاص) وەربگرێ و تەنیا خەریکی یەك کار بێت. تۆ پێت وانییە؟

و: با. من خۆشم حەز بەوە دەکەم. بەلام لەکۆمەڵگای ئێمەدا بواری ئەوە نییە. خەڵکەکان کە من و کارەکان زۆرن لە رۆژهەلاتدا خەڵك زیاتر (موسوعی)ین. واتە لەهەر بارەیەکەوە شتێ دەزانێ. ئەمە بەپێچەوانەی رۆژئاواوە کە خەڵك لە گۆشەیەکی زۆر بچوکدا دەبن بە پسپۆر. بۆ نمونە ئەورۆ لێرە خەڵك نابێ بە پسپۆر لە سیاسەتدا، بەڵکو دەبێ بەپسپۆر لە لقێکی سیاسەتدا بۆ نمونە لەسیاسەتی دەرەوە یا دەبێتە پسپۆر لەبەشێ: لەبەشەکانی سیاسەتی دەرەوە. بەلام لەرۆژهەلات خەڵك دەبێ لە سیاسەت و ئابوری و جوگرافیاو...هتد پسپۆر بێ. ئەمیش کارێکی خراپە. من زۆر جار ئامێرێکی نوێ دێنمە ئاراوەو ماوەیەك بەکاری دێنم. ئەم کارەم بۆ ئەوە نییە کە خەڵك بزانێت من توانای لێدانی ئەو ئامێرەشم هەیە، بەڵکو دەمەوێ

شتێکی نوێ بێتە ئاراوەو بەڵکو یەکێکی تر بیکا بە ئامێر خۆیو بەردەوام بێ. چونکە من تەنهاعود لێ دەدەم و بەس ئەوە اختصاصی منە.

پ/ من زۆر سوپاسی تۆ دەکەم, پێم خۆش بوو ئەو هەموو کاتەت بۆ تەرخان کردم کەبەیەکەوە لەبارەی هونەری کوردی و ژیانی خۆتەوە بدوێین , حەز دەکەم دوا قسەت ببیستم .

و/ لەو کاتەی هۆشی هونەریم دەستی پێکردووە, لە ناوەراستی شەستەکان بەدواوە, لەهونەرەکەی خۆمدا سیاسی بووم, لە ساڵی 1961 دا وەك هەموو کوردێ پارتی بووم تاساڵی1964, لەوە بەدواوە وازم لەحیزبایەتی هیناولە هیچ حیزبیکی تردا کارم نەکردووە سیاسەت ژیانی مرۆڤ بەتەواوی بۆ خۆی دەبا, من سیاسەت ناکەم باشیش لێی تێدەگەم, من لەبواری هونەردا کار دەکەم و تا بتوانم دلسۆز دەبم بۆ نیشتمانەکەم, هونەرکەم, شتی زۆرم خراوەتە پێش بەڵام من مۆسیقای کوردیم هەڵبژاردووە, من پەنجەکانی خۆشم بۆیە خۆش دەوێ چۆن مۆسیقای کوردی پێ لێ دەدەم.

لە کۆتایدا ئەم دانیشتنەماندا , ئەم چەندین رۆژ و سەعاتەدا باسمان لە زۆر شت کرد, زۆر یادگاریم زیندوو بووە, من زۆر سوپاستان دەکەم, هیواردارم سەرکەوتوو بیت.

تەواو